# کوردستان


حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٦١ ▌پێنجشەممە ٣٠ی سەرماوەزی ١٤٠٢ _ ٢١ی دێسامبری ٢٠٢٣

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا


## پەیامی کاک مستەفا هیجری لەبارەی بڕیاری دادگای حەمید نووری



پشتڕاستکرانەوەی حوکمی بەندکرانی هەتاهەتایی حەمید نووری لە دادگای سوید سەبارەت بە بەشداریی ناوبراو لە لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی زیندانییانی سیاسیی ساڵی ٦٧، سەرکەوتنێک بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و دادخوازەکانی ئێرانە. بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ناوبراو چەند ساڵ لە زینداندا دەمێنێتەوە و یان ئەگەری هەیە وەکوو مەحکوومکراوانی هاوشێوەی پێشوو لە چەند وڵاتی ئورووپاییدا لە مامەڵەیەکی سیاسیدا ئازاد بکرێ؛ ئەم حوکمە شکستێکی گەورە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە کە سەرەڕای هەوڵە بەربڵاوەکانی بۆ بێتاوانناساندنی حەمید نووری، دادگا بەشێوەیەکی تەواو دادپەروەرانە حوکمی کۆتایی خۆی دەر کرد.

وێڕای دەستخۆشیی زۆر لە پارێزەرانی قوربانییەکان، شایەتحاڵان، دادوەرەکانی دادگا و هەموو ئەوانەی کە لە بەئاکامگەیاندنی ئەم دۆسیەیەدا زەحمەتیان کێشاوە؛ پیرۆزبایی لە هەموو بنەماڵە ئازارچەشتووەکان و هەموو چالاکان و خەباتکارانی ڕزگاریخواز دەکەم کە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران خەبات دەکەن. بەو هیوایەی کە لە داهاتوویەکی نزیکدا بینەری دادگاییکرانی هاوکارەکانی حەمید نووری و هەموو فەرماندەران و بکوژانی خەباتکارانی ماندوونەناس لە ئێران، بە تاوانی جینایەتە بێئەژمارەکانیان لە نێوخۆ و دەرەوە، لە دادگا دادپەروەرانەکاندا بین.

**مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزب (١٤٠٢/٩/٢٩)**

## وەک پێشمەرگە ڕەسالەتێکی مێژووییمان لەسەر شانە:

# بەرگری لە نەتەوە و پاراستنی نیشتمان بۆ نەوەکانی دواڕۆژی کوردستان




سەر وتار

## پێویستیی تێپەڕین لە ستراتیژیی گەمارۆ و سزادان

**عەلی بداغی**

دەوڵەتی بریتانیا ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٣ی سەرماوەز ڕایگەیاند خولی نوێی گەمارۆ و سزاکانی لەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پرۆژە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی ئەم ڕێژیمەی خستووەتە بواری جێبەجێکردنەوە. قائانی، فەرماندەی سپای قودس، تەواوەتیی لقی فەلەستینی سپای پاسداران و ٦ فەرماندەی سپا لەوانەن کە ئەم سزا نوێیانە گرتوونیەوە. هاوکات لە تازەترین نوێکردنەوەی لیستی سزادانەکانی ئێراندا ٢٠ کەس و دامەزراوەی دیکەی کۆماری ئیسلامی لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشەوە گەمارۆیان خرایە سەر. بەپێی ڕاگەیاندنی وەزارەتی خەزێنەداریی ئەمریکا ئەو ٢٠ کەس و دامەزراوەیەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەهۆی بەشدارییان لە ڕایەڵەکانی ئاسانکاری بۆ گواستنەوە داراییەکانی وەزارەتی بەرگری و هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم بەتایبەت سپای پاسداراندا سزا دراون.

مێژووی سزادان و گەمارۆخستنەسەر کۆماری ئیسلامی لەلایەن کۆمەڵگەی جیهانییەوە بە قەت هەموو مێژووی ئەو ڕێژیمەیە. هێشتا ٨ مانگ لە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی تێنەپەڕیبوو کە ئەمریکا لەسۆنگەی داگیرکرانی باڵوێزخانەکەی لە تاران و بەبارمتەگیرانی دیپلۆمات و فەرمانبەرەکانی سزای ئابووریی جۆراوجۆری بەسەر ئێراندا سەپاند کە گرینگترینیان دەستبەسەرداگرتنی داراییەکانی ئێران لەو وڵاتە بوو. دواتر ئاشکرابوونی هەوڵە نایاسایی و بەنهێنییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆم و پەرەدان بە تێکنۆلۆژیی ئەتومی و مووشەکییەکەی بوونە هۆی ئەوەی نەک هەر لەلایەن ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپاوە، بەڵکوو لەلایەن شوڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە سزای بخرێتەسەر، کە دواتر گەمارۆی تاکلایەنەی چەند وڵاتێکی زلهێزی جیهانی و ناوچەییشی لەدژی ئێران لێ زیاد کرا. لیستی ڕەشی سزاکانی سەر کۆماری ئیسلامی لە سۆنگەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤیشەوە کە هەم تاکلایەنە لەلایەن وڵاتان و هەم لەلایەن یەکیەتیی ئورووپا و...

درێژە ل٢

## مستەفا هیجری:

# بزووتنەوەی ژینا بە پێشەنگایەتیی ژنان، گرێدراوی خەبات لەپێناوی ئازادی، یەکسانی، بەختەوەری و کەرامەتی تاک و کۆیە



**(پەیام بەبۆنەی بەخشرانی خەڵاتی ساخارۆڤ بە بنەماڵەی ژینا ئەمینی و بنەماڵەی شەهیدان و زیندانییانی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی)**

بەخشینی خەڵاتی ساخارۆف بۆ ئازادیی بیرکردنەوە بە ژینا ئەمینی، کچە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بووە بە ڕەمزی خەبات لەپێناو ئازادی، هەواڵێکی دڵخۆشکەر و دەستکەوتێکی پڕبایەخە.

پێشکەشکردنی ئەم خەڵاتە لەلایەن یەکیەتیی ئورووپاوە بە ژینا ئەمینی، ئاماژەیە بۆ کاریگەریی بزووتنەوەی ژینا و بەها بەرزەکانی ئەم بزووتنەوەیە کە بە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی»، خەباتی ئازادیخوازیی لە ئێراندا بەرەو قۆناغێکی چارەنووسساز بردووە.


بزووتنەوەی ژینا کە بە پێشەنگایەتیی ژنان لە بەستێنی کۆمەڵگەی کوردستانەوە سەری هەڵدا و دواتر بەشەکانی دیکەی ئێران و تەنانەت جیهانی دەرەوەی تەنییەوە، گرێدراوی خەبات لەپێناوی ئازادی، یەکسانی، بەختەوەری و کەرامەتی تاک و کۆیە.

بەخشینی ئەم خەڵاتە وەک هەوڵێکی شایان بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و قوربانیدانی کۆمەڵگەی کوردستان، نەتەوە بندەستەکان و هەموو ئازادیخوازانی ئێران لەپێناو ڕزگاری و سەربەستی دەزانین.

بەم بۆنەوە پیرۆزبایی لە بنەماڵەی سەربەرزی ژینا ئەمینی و سەرجەم بنەماڵەی شەهیدان و زیندانییانی بزووتنەوەی ژینا و تێکڕای ئازادیخوازانی کوردستان و ئێران دەکەم.

**مستەفا هیجری**
**ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢١ی سەرماوەزی ١٤٠٢ی هەتاوی**

## دەنگی شۆڕشی ژینا لە پاڕلمانی یەکیەتیی ئورووپا



ئەوان نەیاندەزانی و ئێستاش نازانن کە لە خۆڵەمێشی ژاندارک و ژینا، قەقنەس‌ئاسا ڕۆحێک لە دایک دەبێ کە ملکەچبوونی بۆ نییە و ئیلهام‌بەخشی ڕۆحی سەردەمە. ئەم ڕۆحانەی سەردەم لە پاش چەندین سەدە ئێستا یەکیان گرتوە تا مژدەی ڕزگاریی هەمیشەیی بۆ ئێمە خەڵکانی ئەم سەردەمە بە دیاری بهێنن. ئەوان مزگێنیدەری وەدیهاتنی بایەخە بەرزەکانی مرۆڤایەتین کە ئێستا لە دروشمی پێشکەوتنخوازانەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا ڕەنگی داوەتەوە. ئەو بایەخانەی سنووریان بۆ نییە و لە ئەوپەڕی کات و شوێنەوەن بۆ دادپەروەری و ئازادی و ئاشتی و پێکەوەژیان و بەرابەریی هەموو مرۆڤەکان.... (ل ٤)


**ئەمنیەت یان ماف؟** کەریم پەرویزی ٤

**یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی و مافی نەتەوەکان** مستەفا مەولوودی ٥

**لە هەناردەکردنی شۆڕشەوە هەتا لێواری داڕمان** عومەر باڵەکی ٦

**پێشمەرگە (پێناسە و ئامانجەکانی)** پژمان شەریعەتی ٨

**کێوەکانیش یار نەبوون!** ڕەزا دانشجوو ١١

کوردستان
• ژمارە ٨٦١
٣٠ی سەرماوەزی ١٤٠٢ _ ٢١ی دێسامبری ٢٠٢٣

دریژەی

## پێویستیی تێپەڕین لە ستراتیژیی گەمارۆ و سزادان

... ئەمریکاوە بەتایبەت دوای سەرکوتی خوێناویی خۆپێشاندەران لە نارەزایەتییەکانی بەفرانباری ١٣٩٦، خەزەڵوەری ١٣٩٨ و شۆڕشی ژینا لە پاییزی ١٤٠١دا کە بەسەر ڕێژیمی ئێراندا سەپاون؛ بەشێکی تری سزاکانی کۆمەڵگەی جیهانی دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێکدێنن.

گەمارۆکانی سەر ئێران لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، زانستی، تێکنۆلۆژی و کڕین‌وفرۆشتنی چەک و تەقەمەنی و کەرەستەی شەڕ، و قورسترینیان سزاخستنەسەر کەرتی نەوت و وزە و بانکی ناوەندیی کۆماری ئیسلامی بووە. ئەم گەمارۆیانە لەڕووی ئابوورییەوە زەبری قورسیان لە کۆماری ئیسلامیی ئێران داوە، بۆ نموونە لەسۆنگەی سزاکانەوە و بەپێی داتا ڕەسمییەکان سەتا ٩٦ی پاشکەوتی دراویی ئێرانی تەواو کردوە، بووەتە هۆی ئەوەی بارستایی ئابووریی ئێران و بەرهەمهێنانی پاکنەکراوی نێوخۆیی وڵاتی نیوە بە نیوە چکۆلەتر و کەمتر بێتەوە، ڕێ لە وەبەرهێنانی بیانی و هاتنی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بۆ ئێران بگیردرێ، پیشەسازیی وڵات بەتایبەت لە کەرتی نەوت و وزەدا هەرەس بێنێ، بارستایی بازرگانیی وڵات لەگەڵ دنیای دەرەوە بە لانیکەمی خۆی بگات، هەڵمسانی ئابووری و زۆربوونی نەختینەیی بگاتە ئەوپەڕی خۆی و دیارترین پێوەریش کە تمەن وەک دراوی نیشتمانییە کە لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی و لەسۆنگەی چوار دەیە سیاسەتەکانی ڕێژیم و گەمارۆ ئابوورییەکانەوە ٦ هەزار هێندەی سەردەمی ڕێژیمی پێشوو لە بایەخەکەی کەم بۆتەوە.

سزاکانی سەر ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا لەجێدا بە مەبەستی گۆڕینی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی و وەڵامدەرکردنی کاربەدەستانی ڕێژیم لەمەڕ سیاسەتی شەڕەنگێزانە، تێکدەرانە و دەستێوەردەرانەیان و ناچارکردنیان بە پاشەکشە لەبەرانبەر ئیرادە و مافخوازیی خەڵکە سەرکوتکراوەکەی وڵات بووە. بەو پێیەی باس کرا، گومان لەوەدا نییە هەم گەمارۆ سیاسی و ئابوورییەکان و هەم سزا ئامانجدارەکانی کۆمەڵگەی جیهانی لە بواری پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا کاریگەریی قووڵ و نەرێنیی زۆری لەسەر ئابووریی ڕێژیم و دۆخی خەڵک و کۆمەڵگە داناوە، بەڵام لەجێدا نەیتوانیوە ڕەفتار و سیاسەتی ڕێژیم بگۆڕێ. ئەم گەمارۆیانە توانای کڕین و قووتی خەڵکی ئێرانیان کەم کردۆتەوە، بەڵام پێشیان بە پیشەسازیی چەک و کەرەستەی شەڕ و پەرەسەندنی بەرنامەی ئەتومی و مووشەکیی ڕێژیم نەگرتوە. بە واتایەکی دی ڕاستە سزا و گەمارۆکان کە گوشاریان بۆ سەر ڕێژیم دروست کردوە، بەڵام ئامانجی سەرەکیی خۆیان نەپێکاوە و لەبری بەچۆکداهێنانی دەسەڵات و ملکەچکردنی ڕێژیمی ئاژاوەچی و قەیرانخوڵقێن، خەڵک و کۆمەڵگەی وڵاتیان پتر خستووەتە تەنگانەوە.

لەبارەی بنەڕەتی سزا و گەمارۆکانی سەر ڕێژیمەوە باس لە دوو خاڵ گرینگە:

یەکەم، ڕێژیم توانیویەتی سەرەڕای گەمارۆ سەخت و هەلایەنەکان بەڵام لە بوارەکانی سیاسی و نیزامیدا خۆیانی لەگەڵ بگونجێنێ و بەرنامە و پڕۆژەکانی خۆی بباتە پێشێ. کەوابوو ئەمە گەمارۆکانن کە نەیانتوانیوە مەبەستە سەرەکییەکانی خۆیان – لە گۆڕینی سیاسەت و ڕەفتاری ڕێژیم و پێشگرتن بە بەرنامەی ئەتومی و توانا مووشەکییەکانی– بپێکن.

دووهەم، پێویستە ڕوانگەی کۆمەڵگەی جیهانی بەتایبەت لەدوای شۆڕشی ژیناوە لەپێوەندی لەگەڵ سیاسەتی سزادانی کۆماری ئیسلامی ئاڵوگۆڕی بەسەر دابێ. کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەتایبەت ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا و بەگشتی ڕۆژئاوا و وڵاتە دێموکراتیکەکانی دیکە نابێ و ناکرێ هەر پێ لەسەر سیاسەتی سەرکۆنە و سزادانی ڕێژیم دابگرن. خەڵکی سەرکوتکراو بەڵام خەباتکاری ئێران و بەگشتی بزووتنەوەی مافخوازی گەلانی ئێران پێویستییان بە هەنگاوی بەکردەوەی پتر لە لۆمەکردن و گەمارۆکانە ئەویش پشتکردنی کۆمەڵگەی جیهانی لە کۆماری ئیسلامی و پشتگرتنی خەڵکی ئێران و خەباتەکەیان.

کۆمەڵگەی جیهانی و وڵاتە خاوەن‌دەسەڵاتەکان لە بڕیاردانی جیهانیدا دەبێ گوێ بۆ دەنگی خەڵکی ئێران بگرن و لەو ئاستە لە گۆڕانگارییەکان کە کۆمەڵگەی ڕاپەڕیوی ئێران دەیهەوێ بە تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی بیهێنێتە ئاراوە تێبگەن. بە واتایەکی دی پێویستە کۆماری ئیسلامی لە شەرعییەتی سیاسی بخەن و ڕەواییەتی ڕاپەڕینی سەرانسەری کە هەڵگری بەها و بایەخە جیهانداگرەکانیشە بەڕەسمی بناسن. نابێ و چۆن دەکرێ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەهەمبەر هەڕەشە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاترەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەمنیەتی ناوچەیی و جیهان دەستەوەستان و چاوەڕوان دابنیشێ، بەتایبەت ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمان کە سوور دەزانن ئامانجی سەرەکیی ڕێژیم دژایەتی و دوژمنایەتیی ئاشکرا لەگەڵ بەرەی ڕۆژئاوا و ئامانجەکانی ئەوان بۆ کۆمەڵگەیەکی جیهانیی دوور لە قەیران و بشێوییە. پێوەندیی بەردەوام ڕوو لە هەڵکشانی نێوان ئێران و ڕووسیە لە بوارەکانی ئابووری، نیزامی، تێکنۆلۆژی و ئەمنیەتی و هاوکاریی ڕوو لەگەشەی پتری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆرەی باکووری لە بواری ئەتومیدا، و شەڕی تاقەتبەر و بێزارکەری ئێران لەدژی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا کە بە میلیشیا و گرووپە نیابەتییەکانی دەیکات مەترسییەکی گەورە بۆ سەر کۆمەڵگەی جیهانیین کە هەڵوێست و بەرەوڕووبوونەوەی شێلگیرانەتری پتر لە سزادان و گەمارۆکانی دەوێ.

بێگومان لەو ململانێیەدا دیپلۆماسی بەتەنیا وڵامدەر نییە و تاکەڕێگای ئاشتی و هێمنایەتی و سەقامگیری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەرکەوتنی خەباتی مافخوازیی خەڵکی ئێران بەسەر ڕێژیمی نادێموکراتیکی کۆماری ئیسلامییە و خەڵکی ئێرانیش دەخوازن خەباتەکەیان بەڕەسمی بناسرێ و وەک ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی چاویان لێ بکرێت.

# بەهێزکردنی بنەما نەتەوەییەکان، ڕێکخستنی کۆمەڵگە و پتەوکردنی بڕوا بە دواڕۆژی ڕوون لە ئەرکە گرینگ و لەپێشترەکانی پێشمەرگەیە

## (پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب بەبۆنەی ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان)




**خەڵکی کۆڵنەدەر و پێشمەرگەپەروەری کوردستان!**
**پێشمەرگە فیداکار و قارەمانەکانی کوردستان!**
**بنەماڵەی خۆڕاگری شەهیدان و زیندانیانی سیاسی!**

٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان وەک دوو بۆنەی سیاسی و نەتەوەیی گرێدراوی مێژووی ٧٨ ساڵەی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و، ناسنامەخوازیی مۆدێرنی گەلی کورد بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بەڕێکەوت نییە و پڕ شانازییە کە گرینگترین و پڕواتاترین هێما نەتەوەییەکانی کورد وەک ئاڵا و پێشمەرگە و سروودی نەتەوەیی لە هەناوی مێژووی پڕسەروەریی کۆماری کوردستان و دامەزرێنەرەکەی، حیزبی دێموکراتدا لەدایک بوون و بوونە سیمبولی نەتەوەیی و شوناسخوازیی کورد.

ئەوساڵ ٧٨ ساڵ بەسەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەسەر خاکی ئازادکراوی نیشتماندا و ناودێرکردنی جەنگاوەری گەل‌ویست و خۆنەویستی کورد بە "پێشمەرگە" تێدەپەڕێ. ڕۆژی پێشمەرگە و ئاڵا لە ڕۆژژمێری کوردیدا تەنیا بۆنەیەک نییە بۆ بیرهێنانەوەی دوو ڕووداوی مێژوویی، بەڵکوو بایەخدانە بە ئاڵا وەک هێمای شوناسخوازی و بەخشینەوەی سەروەرییەکی بەردەوامە بە پێشمەرگە وەک بەهەڵوێستترین و گیانفیداترین ڕۆڵەکانی ئەو نیشتمانە.

دەستنیشان کردنی ٢٦ی سەرماوەز بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سەلمێنەری ئەو شوێندانەرییە بوو کە هێزی پێشمەرگە لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی گەلەکەمان و بەتایبەت لە قۆناغی بەشکۆی بەرگریی چەکداریدا هەیبووە و هەیەتی. پێشمەرگە هێزێکی مرۆیی خۆبەخشە لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردستان و بۆ پارێزگاری لە بوون و هەوێتیی کورد دروست بووە. بیروباوەڕ و خسڵەتی شۆڕشگێڕانە و ئامانجی ڕزگاریخوازانە هاندەری سەرەکیی ئەم هێزە خۆبەخشە بۆ پارێزگاری لە نەتەوە و نیشتمان و، تەنانەت گیان‌بەختکردنە لەم ڕێگایەدا. بەو پێناسەیە هونەرمەندان، ژینگەپارێزان، مامۆستایانی زمانی کوردی، ژنانی چالاک و بوێر و هەموو ئەوانەی خەمی گەورەیان نەتەوە و نیشتمانە و خۆیان و گیان و ژیانیانی بۆ بەخت دەکەن لە ڕیزی پێشمەرگەدا جێ‌دەگرن.

ڕۆڵی بەبایەخی هێزی پێشمەرگە لە شەکاوەڕاگرتنی ئاڵای کوردستان و پارێزگاری لە خەبات و شوناسی کورد لە زۆر بڕگە و قۆناغی مێژووییدا وەک سەردەمی کۆماری کوردستان، بزووتنەوەی چەکداریی ساڵانی ٤٧-٤٦ بە دژی ڕێژیمی سەرکوتکەری پاشایەتی و پتر لە چوار دەیە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران لای خەڵکی کوردستان و لە بزووتنەوەی سیاسیی کورددا جێی شانازییە و شانازیی پتر ئەوە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە نیزیک بە هەشت دەیەی ڕابردوودا هەموو کاتێک ئاڵاهەڵگری ئازادیخوازی، دێموکراسی و بەها مرۆییەکان بووە. بۆیەشە هۆگریی خەڵکی کوردستان بە پێشمەرگە و خۆشەویستیی پێشمەرگە لەنێو گەلەکەیدا، وایکردوە مەتەرێزی پێشمەرگە ببێتە ڕووگەی عاشقان و ئەویندارانی ئازادی و، کچان و کوڕانی دەروەستی کورد بە دڵێکی پڕ لە هیوا و بە هەستکردن بە شانازییەوە ڕوو لە ڕیزی پێشمەرگە بکەن.

هێزی پێشمەرگە لە ئاستی ناوچەیی و جیهانییشدا ناوێکی ئاشنا و هاوپەیمانێکی بەپڕستیژ بۆ هێزە دێموکرات و هاوپەیمانەکانە. هێزی پێشمەرگەی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستان وەک بەشێک لە هاوپەیمانیی دژی داعش لە شەڕی دژی تێرۆریزمی نێودەوڵەتییدا تێچووی مرۆیی و گیانیی زۆری داوە و ئێستاش لەو سەنگەرەدا بەرگری لە بایەخە مرۆیی، دێموکراتیک و جیهان‌پەسندەکان دەکات. بۆیە لە قۆناغی ئێستای خەباتی نەتەوەیی و دێموکراتیکی نەتەوەکەشماندا پێشمەرگە هەروەک هەمیشە ڕەمزی خۆڕاگری بەرانبەر ستەم و زۆرداری، و لە ڕوانگەی نێونەتەوەییەشەوە وەک هێزێکی مافخواز و داکۆکیکەری ئازادی و ئاشتی دەناسرێت.

لە لایەن ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، بەبۆنەی ئەو ڕووداوە مێژوویی و پڕسەروەرییەوە، وێڕای پیرۆزباییەکی گەرم و تەژی لە بەرپرسیارەتی بەرانبەر بە گەلەکەمان، شانازی بەوەوە دەکەین داهێنەری ئاڵای کوردستان و هێزی پێشمەرگە وەک پارێزەری ناسنامەی کوردی و بایەخە مرۆییە جیهانداگرەکانین. ئەوەش پتر جێی شانازییە کە هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بە پێشکەش‌کردنی زیاتر لە پێنج هەزار شەهید، لە نێویاندا ڕێبەرانی بلیمەتی وەک قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی و هەروەها ڕەنج و ماندووبوونی هەزاران زیندانی سیاسی و بنەماڵە سەربەرزەکانی پێشمەرگەکان و ئەندامانی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات سەلماندوویەتی لەپێناو سەرخستنی خەباتی حەقخوازانە و سەربەرزی و سەروەریی گەلەکەماندا و، لەپێناو بەختەوەرکردنی نەسلەکانی داهاتوودا لە هیچ گیانفیدایی و قوربانیدانێک سڵ ناکا و تا گەیشتن بە ئامانجە بەرزە نەتەوەیی و مرۆییەکانی لە چوارچێوەی پرەنسیپ و ڕێسا نێودەوڵەتییەکاندا لە خەبات بەردەوام دەبێ.

### خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

بزاوتی مافخوازانەی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵی ڕابردوودا و لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا قەڵەمبازێکی مێژوویی بەرەو سەلماندنی شێلگیری و نەوەستان تا وەدیهێنانی ئامانجە بەرزە مرۆیی و نەتەوەییەکانی هاویشت. بەشداریی جەماوەریی خەڵکی کوردستان لە نارەزایەتییە شۆڕشگێڕانەکانی ئەو ماوەیەدا بەئاشکرا ئاستی وریایی و چاوکراوەیی چین و توێژە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەرخست. شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی وەک بەرزترین هاواری مافخوازیی گەلەکەمان لە چوار دەیەی ڕابردوودا، هەڵگری پەیام و واتای گرینگە هەم بۆ خەڵک و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و هەم بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لەمێژە لێی تێپەڕیون.

لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا و ڕووداوکانی دواتریش ڕێژیم بە وەگەڕخستنی سەرجەم توانا و پوتانسیەلی سەرکوتی هەمەلایەنەی خۆی، نەک نەیتوانی هاواری مافخوازانەی خەڵک کپ بکا، بەڵکوو ئیرادە و ورەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی بۆ قۆناغێکی نوێ گواستەوە و ڕایەڵەی هاوپێوەندی و هاوخەباتی گەلانی ئێرانی بەهێزتر کرد و دروشمی داهێنەرانەی ژن، ژیان، ئازادیی وەک مانیفیستی ئەو شۆڕشە لە گۆشە و کەناری ئێراندا بووەتە هەوێنی ئازادیخوازی و تەبایی گەلانی ئێران و ئاماژەی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی.

شۆڕشی ژینا ساڵێک و چەند مانگ دوای هەڵگیرسانی، لە ئێستادا لە ناوچە پەراوێزخراوەکانی ئێران و بەتایبەت لە کوردستان و بەلووچستان سەرەڕای سەرکوتی بێ‌بەزەییانە و چەندقاتی دەسەڵات بەراورد بە ناوەندی ئێران، لە فۆرمی جۆراوجۆری خەباتی سیاسی و مەدەنیدا ڕێکخراوتر و بەگوڕتر لە ئارادایە. ئەو جیاوازییەش هەڵگری ئەو پەیامەیە کە کەلێنە نەتەوەیی و ناسنامەییەکان کە بەرهەمی سیاسەتی مەزنی‌خوازانەی ناوەند لە هەر دوو دەسەڵاتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی‌دایە، کێشەی سەرەکیی جوغرافیای سیاسیی ئێرانە و بەبێ چارەسەرکردنی ئەو ستەمە مێژووییە و وەلانانی ئەو ڕوانگە ئەمنیەتییە، سەقامگیریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ئێراندا نایەتەدی. بێگومان دانان بە فرەنەتەوەیی ئێران و دابینکردنی و دەستەبەری مافی وەک یەک بۆ هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی وڵات دەتوانێ دەرفەتێکی باش بێ بۆ دارشتنەوەی ئێران لەسەر بنەمای بەڕەسمی‌ناسینی فرەیی و پێکهێنانی تۆلێرانسی سیاسی و کۆمەڵایەتی وەک پێویستییەکانی دیمۆکراسی لە ئێراندا.

شۆڕشی ژینا لە هەمان کاتدا هەڵگری ئاماژەیەکی گرینگ بۆ کورد و بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. گەشەی ڕوحی شۆڕشگێڕی و پێگەیشتنی نەسلێکی پێکهاتەشکێن کە پێداگر لەسەر ئازادییە سیاسی و نەتەوەییەکانیەتی، پێویستیی بە پێداچوونەوە و خوێندنەوەیەکی نوێیە و ئەوەش قورسایی دەخاتە سەر شانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە هاوئاهەنگی و هاوخەباتی و خۆڕێکخستنەوەیەک کە وڵامدەری بزووتنەوەی جەماوەریی خەڵکی کوردستان بێ؛ سەنگ و قورسایی ڕێبەریکردنی ئەو شۆڕشە لە کوردستان پێشان بدەن.

### هاونیشتمانیانی هێژا!

کۆماری ئیسلامی لەلایەک بە بەردەوامیی دەستێوەردانە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی و هەروەها لاساریی لەسەر پەرەپێدانی پرۆژەی ناوکی و مووشەکیی و، لە ئێستاشدا بەهۆی ڕۆڵی کارەساتباری لە شەڕی حەماس و ئیسرائیلدا زیاتر بووەتە مایەی نیگەرانیی کۆمەڵگەی جیهانی. هەروەها پێشێلی بەردەوام و سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ بەتایبەت لە سەرەتای شۆڕشی ژیناوە، هێندەی دیکە بۆتە هۆی شەرمەزارکردنی ڕێژیم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و ئابڵۆقە ئابوورییەکانی ڕۆژئاوا بەهۆی ئەو سیاسەتە چەوتانەوە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵک داناوە و نارەزایەتیی بەرفراوانتر و ڕێکخراوتری چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی لێ‌کەوتۆتەوە. بەردەوامیی ئەو نارەزایەتییانە کە بەرهەمی بەدەنگەوەنەهاتنی دامودەزگاکانی دەوڵەت بەدەم داواکارییەکانی خەڵکە، زەمینەی خۆڕێکخستنی زیاتری خەڵکی ڕەخساندوە. ئاژاوەگێڕییەکانی ڕێژیم لە دەرەوەی سنوورەکانی و شەڕەنگێزی لە وڵاتانی ناوچە و تەنانەت دوورتریش، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرەو یەکهەڵوێستیی پتر دژی ئەو سیاسەتانە هان داوە و ڕۆژبەدوای ڕۆژ مەیدانی مانۆڕی کۆماری ئیسلامیی بەرتەسکتر کردۆتەوە. لە پەنا ئەوەشدا، قۆرغکاری و گەندەڵیی ئابووریی توێژێکی دیاریکراوی سەر بە دەزگاکانی دەسەڵات کە فشارێکی لەڕادەبەدەری خستووەتە سەر خەڵکی کەم داهات و هەژاری ئێران وەک زۆرینەی دانیشتوانی ئەم وڵاتە، بووەتە هۆی بێ‌هیواکردنی خەڵک لە چارەسەری گرفتەکانیان. بە گشتی ئاراستەی سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لەڕووی ئابوورییەوە بەرەو هەژارترکردنی کۆمەڵگە و لەڕووی سیاسییەوە بەرەو لەگۆڕنانی پتری ئازادییەکان و سەرکوتی زیاتری ئازادیخوازان هەنگاو دەنێ. ئەوەش بایەخ و پێویستیی یەکخستنی وزەی خەباتگێڕی و یەکیەتیی بەکردەوەی هەموو چین و توێژ و پێکهاتەکانی وڵات لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامی پتر دەردەخات.

### پێشمەرگەکان و کۆمەڵگەی خەباتکار و لەسەرهەستی کوردستان!

زیندووڕاگرتن و بەهێزکردنی بنەما نەتەوەییەکان و بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرەکانی ستەم، ڕێکخستنی کۆمەڵگە و پاڵپشتیی بیری شۆڕشگێڕی و پتەوکردنی بڕوا بە دواڕۆژی ڕووناک بۆ گەلەکەمان لە ئەرکە گرینگ و لەپێشترەکانی پێشمەرگە و هەموو چین و توێژە خەباتکارەکانی کوردستانە. ئەمڕۆکە هەموومان ڕەسالەتێکی مێژووییمان لە سەر شانە کە بریتییە لە بەرگریی لە نەتەوە و نیشتمان، پاراستنی نیشتمان بۆ نەوەکانی دواڕۆژی کوردستان و خەملاندنی نەتەوە بۆ پارێزگاری لە غوروور و کەسێتیی نەتەوەیی گەلی کورد. خەباتکارانی نەتەوەکەمان پێویستە بە بیر و هزر و قەڵەم و هەنگاوی بەکردەوەی مەیدانی هەوڵ بۆ بەرگری لە شکۆی گەل و ڕەخساندنی بەستێنەکانی بەجەماوەری‌کردنی خەبات و بەهێزکردنی بەرپرسیارەتیی تاکی کورد بەرامبەر بە پرسە چارەنووسسازەکانی نەتەوەکەمان بکەن و شێلگیری لەو خەباتە لە ئامانجەکانمان نیزیکترمان دەکاتەوە.

وێڕای پیرۆزبایی دووبارەی ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگە لە پێشمەرگە گیانفیداکان و سەرجەم خەڵکی پێشمەرگەخۆشەویستی کوردستان، بەرامبەر بە شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و بنەماڵە سەربەرزەکانیان بەڵێن نوێ دەکەینەوە تا گەیشتن بە ئامانجە باڵاکانی نەتەوەکەمان لە خەبات و بەرەنگاری بەردەوام دەبین.

سەرکەوێ خەباتی مافخوازانەی گەلەکەمان!
شکۆمەند بێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان!

**ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٦ی سەرماوەزی ١٤٠٢ی هەتاوی**
**١٧ی دێسامبری ٢٠٢٣ی زایینی**

## خالید عەزیزی:

# نایەکگرتوویی و گوتاری جیاوازی هێزە سیاسییەکان لە شۆڕشی ژینادا زەبری گەورەی لە بزووتنەوەکە دا




**ئاماژە: کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نوێترین وتوویژی لەگەڵ دەنگی کوردیی ئەمریکادا ڕاشکاوانە وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری لەبارەی دواگۆڕانکارییەکانی کوردستان و ئێران، دۆخی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ستراتیژیی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە بارودۆخی نوێی ناوچە، گرژی و ئاڵۆزیی نێوان حیزبە سیاسییەکان و دوورەدیمەنی خەباتی سیاسیی کورد لە ئێران دایەوە.**

کاک خالید عەزیزی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە **بۆچی حیزبەکان هەرکام بەتەنیا کاری دیپلۆماسی دەکەن و شاندێکی نوێنەرایەتیی کوردی بۆ دیپلۆماسیی کوردی نییە**، گوتی: لە بنەڕەتڕا دەبێ وابێت و هیوادارم بەرەو ئەوە برۆین. هەرچەند ئێستا بە جۆرێک کۆمەڵێک کێشە و گرفت و ناکۆکی لە نێوان حیزبە کوردییەکانی کوردستانی ئێران بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ جووڵانەوەی ژینا و چۆنیەتی تەعامولکردن لەگەڵ پرس و لایەنەکانی ئێران هەیە. بەڵام هەمووی ئەوانە بۆ دەرسوەرگرتن دەبێت و ئێستا خەریکین بە جۆرێک ئەو قۆناغەش تێپەڕێنین.

وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە **گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان و لێکەوتەکانی ڕێککەوتننامەی ئەمنیەتیی نێوان ئێران و عێراق لەسەر حیزبی دێموکرات چ بوون،** گوتی: ئێمە گوتوومانە کە نامانەوێ و ناشبینە هۆی کێشە و ئاستەنگ بۆ حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێم. تا ئەو جێگەی پێوەندی بە مەسەلەی چەکداربوونی ئێمەوە هەیە، لەڕاستیدا ئەوە زۆرتر پێوەندی بە نێوخۆی عێراقەوە هەیە و ئێمە بە حکوومەتی عێراق، حکوومەتی هەرێم و نوێنەرایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیشمان گوتووە لە خاکی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە هیچ چالاکییەکی نیزامی دژی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆیی ئێراندا ناکەین. شۆڕشی ژینا لە یەکساڵی ڕابردوودا جارێکی دیکەش بە هەمووانی سەلماندەوە کە جوغرافیا و مەیدانی خەباتی ئێمە نێوخۆی ئێران و کوردستانی ئێرانە و ئەوەیکە ئێمە لە کوردستانی عێراقین لە ڕووی ناچارییە. ئەوە کۆماری ئیسلامییە شەڕی نیزامیی بەسەردا سەپاندووین و ئێمە ناچار بووین بۆ بەرگری لە خۆمان دەست بۆ چەک ببەین و هێزی پێشمەرگەمان هەبێت. ئێستاش هەموو قورسایی کار و خەباتی ئێمە لەسەر ئەوەیە خەڵک لە نێوخۆی وڵات بە کەمترین خەساری گیانی بتوانێ لە مەیدانی خەبات و تێکۆشانی سیاسی، نەتەوایەتی و دێموکراتیکی خۆیاندا بمێننەوە.

خالید عەزیزی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا **هەتا کەی لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستاندا خەبات و بەرژەوەندیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێتە قوربانی**، تیشکی خستە سەر ئەوە کە قەت لەو باوەڕەدا نەبووین ڕۆژهەڵات بکەینە قوربانیی پارچەیەکی دی، بەڵام باوەڕمان ئەوەیە دەبێ ڕاستییەکان دانیان پێ دابنێین کە هەرێمی کوردستان بەرژەوەندیی خۆی و پێداویستیی خۆی هەیە و قەت ئارەزوو ناکەین ئەو بەشە لە نیشتمان لەسۆنگەی ئێمەوە ببێتە بەشێک لە کێشە لەگەڵ ئێران. وەک باسم کرد کوانووی خەباتی ئێمە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانە و ئەگەر لێرە لە خاکی هەرێمی کوردستان و عێراقدا گۆڕانکارییەک لە شوێنی کار و تێکۆشانی هێزەکانمان ڕوو بدا، ئەوە بەو مانایە نییە لایەک کراوەتە قوربانیی لایەکی دی. وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە درێژەی باسەکاندا هەڵوێستی لە بەرانبەر ئەو پرسیارەدا گرت کە **بۆچی لە شۆڕشی ژینادا لە خەڵکی نێوخۆ دابڕان** و گوتی: حیزبی دێموکرات زۆر بەرپرسانە بەشداریی لەو ڕاپەڕینەدا کرد و بە سیاسەتی زۆر دروست و مەنتیقی خەڵک و ڕاپەڕینەکەی هیدایەت کرد و هەر ئەوە کە لە شێوەیە ڕا هەتا جوانڕۆ دروشمی "قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" بەرز کرابۆوە پێشان دەدا هیچ دابڕانێک لەنێوان خەڵک و حیزبی دێموکراتدا نەبووە و نییە. هەر ئەوەش بوو تاقەتی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵگرت و بە مووشک بنکە و بارەگا و شوێنی ژیانی خەڵکەکەی ئێمەی لە باشووری کوردستان کردە ئامانج. ئەوەش کە ڕاپەڕینەکە پاش ماوەیەک دامرکایەوە بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە نابێ ئەو چاوەڕوانییە هەڵەیەمان هەبێت کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە کورد و خەباتی مەدەنی و جموجۆڵی پێشمەرگانەی کوردستان دەڕووخێت. بەڵام گرینگ ئەوە بوو ئێمە قوورسایی خۆمان لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامی و دوورەدیمەنی ئێرانی داهاتوو پێشان بدەین و ئەو ڕاپەڕینانە و خەسارناسیی دەسکەوت و لێکەوتەکانی بکەینە هەوێنی بەرەوپێشچوونی خەباتەکەمان.

خالید عەزیزی لە شیکردنەوەی ئەو بابەتەدا کە **نابێ ئەو چاوەڕوانییەمان هەبێت کە ڕێژیم بە کورد و خەباتی پێشمەرگانە و مەدەنیی دەڕووخێت**، تیشکی خستە سەر ئەوە کە کۆماری ئیسلامی بە هەموو خەڵکی ئێران دەڕووخێ و یەکێک لە کەمایەسییەکانی جووڵانەوەی ژینا ئەوە بوو کە زۆربەی زۆری شارە گەورەکانی ڕەگەڵ نەکەوت، ئەگەرچی بەشداریی کوردستان لەو پەڕی خۆیدا بوو. بۆیە پێویست دەکا ڕێوشوێنێک بدۆزرێتەوە و بەرەو ئەوە بڕۆین کە لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامیدا هەموو خەڵکی ئێران یەکگر و پێکەوە لە مەیدانەکەدا بن. چارەسەری پرسی ئێمەش وەک کوردی ئێران لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدایە و دوو ڕێگامان لە بەردەمە: ڕێگایەک ئەوەیە ئەو نیزامە نەمێنێ و بۆ نەمانی ئەو نیزامەش ئێمە دەبێ لایەنە غیرە کوردییەکانی ئێران لەگەڵ خۆمان بخەین. دووهەم لەنێو ئەو نیزامەدا ئەگەر پێیان وایە دەبێ ئاڵوگۆڕێک لە خۆیدا پێک بێنن گوێیان بدەینێ و دەرگای دیالۆگ و وتوویژ بکەینەوە، ئەگەر بەڕاستی کەسانێک لەو نیزامەدا باوەڕیان بەوە هەبێت. لە تەواوەتیی خۆیدا ئێمە چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێران و ئەگەر بگونجێ لە داهاتوودا هەر لە تارانی دەبینین. کێشەی کوردی ئێران لە واشینگتۆن، پاریس و لەندەن چارەسەر ناکرێ و دواجار هەر لە نێوخۆی وڵاتدا چارەسەر دەکرێ.

وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە وەڵامی ئەوەدا کە **بۆچی حیزبی دێموکرات چالاکییەکی ئەوتۆی نییە و پێچەوانەی ڕابردوو خۆ لە پارتی دێموکرات نزیک دەکاتەوە و بەو پێیەش لە یەکیەتیی نیشتمانی دوور دەکەوێتەوە**، گوتی: چالاکییەکانی ئێمە بەپێی توانای خۆمان لە نێوخۆی وڵاتە و دیار و بەرچاویشە و ئەگەر کەسێک چاو لە مێژووی ئەم حیزبە لە چوار دەیەی ڕابردوودا بکا و ئەوەی بەسەریی هاتوە لە گرتنی ئەندامان و تیرۆر و کوشتنی ڕێبەران و کادر و پێشمەرگەکانی و مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی ئەدی ئەگەر ئەوە نیشانەی چالاکیی حیزب نەبێت، بۆچی ئاوا لەلایەن ڕێژیمەوە پەلامار دەدرێت؟ بەڵام لەبارەی بەشی دووهەمی پرسیارەکەتان ئێمە یەکیەتیی نیشتمانی و پارتی دێموکراتی کوردستان وەک دۆست چاو لێ دەکەین. ئێمە لە خاکی کوردستانی عێراقین و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش سەرەڕای کێشە و ئاریشەکانی نێوخۆیان کە ئارەزووم دەکرد ئەو قەیران و کێشانە نەبوایە، لە نەزەر ئێمەوە دەسەڵاتێکی قانوونیی ئێرەیە و حیزبی دێموکرات دەبێ ڕێزی بۆ دابنێ. ڕاستە ئەوە حەقیقەتێکی زۆر تاڵە و ناخۆشە حیزبێک تەمەنی ٨٠ ساڵ بێت بەڵام زۆربەی زۆری ژیان و ناوەندی بڕیارەکەی لە کوردستانی عێراق بووە. لە حاڵێکدا خاڵی بەهێز بۆ حیزبی دێموکرات ئەوە نییە هێزی پێشمەرگەی هەیە و بەرگریی چەکداریی کردوە، بەڵکوو خاڵی بەهێزی حیزبی دێموکرات ئەوەیە لەنێو خەڵکیدا دروست بووە و ئەو خەڵکە لە نێوخۆی وڵات لە هەموو ڕۆژە خۆش و ناخۆشەکان لەگەڵی بوون و دەشمێننەوە.

خالید عەزیزی لەبارەی **ڕاگرتنی خەباتی پێشمەرگانە لە هەلومەرجی ئێستادا** گوتی: ئێمە قەت لەوە باوەڕەدا نەبووین کە کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران بە شەڕ چارەسەر دەکرێ، مخابن کە ئێمە شەڕمان بەسەردا سەپاوە. ئێمە ئەوەمان وەک مێتۆد بۆ خەباتی مافخوازنەمان هەڵنەبژاردوە، بۆیە لە بەرانبەر ئەوەدا پتر مێتۆدی ڕێکخستنی جەماوەری، تێکۆشانی میدیایی، خەباتی دیپلۆماتیک لەدژی ڕێژیممان ڕەچاو کردوە. ئێمە نامانەوێ بزووتنەوەی سیاسیی کورد و خەباتی جەماوەریی کوردستان دژی کۆماری ئیسلامی هەر بە هێزی ڕەقئامێری و هێزی چەکداری پێناسە بکرێ، نا وانییە. هێزی گەورەی ئەو جووڵانەوەیە کۆمەڵانی خەڵکە لە نێوخۆی وڵات و خەباتی پێشمەرگانەش جێگەوپێگەی خۆی هەیە و ئێمەش وەک حیزبی دێموکرات بەپێی توانامان لە هەموو ئەو بوارانەدا تێکۆشانمان بووە. بەڵام سیاسەتی سەرەکیی حیزبی دێموکرات بایەخدان بە خەباتی سیاسی و جەماوەری و مەدەنی لە نێوخۆی وڵاتە. ئەمن پێموانییە وەختی سیاسەتی نەرم و جووڵانەوەی جەماوەری و مەدەنی بەسەرچووبێ و تاکەڕێگا هەر چالاکیی پێشمەرگانە بێت. بزووتنەوەی سیاسیی کورد بزووتنەوەیەکی مافویست و شوناسخواز و دێموکراتیکە و کاتی خۆیشی هەموو هەوڵێکمان دا لەڕێگەی وتوویژەوە چارەسەری ئەو پرسە بکەین، بەڵام بەداخەوە شەڕیان بەسەردا سەپاندین و ئێمەش ناچار بە بەرگری لە خۆمان بووین.

وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە **ئایا هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە ئاستە لە لێکتێگەیشتن گەیشتوون مەترسیی شەڕ و ناکۆکیی نێوخۆیی لەنێوانیاندا ڕوو نەداتەوە**، گوتی: جووڵانەوەی ژینا دەری خست ئەگەر ئێمە حیزبەکانی کوردستانی ئێران و خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران یەکگرتوو نەبین، لە هەر ئاڵوگۆڕ و سیناریۆیەک بۆ داهاتووی ئێران چ بە ئاشتی و وتوویژ بێ و چ بە شەڕ، ئێمە دۆڕاوی گۆڕەپانەکە دەبین. با زۆر بەڕاشکاوی بڵێم بۆ؟ چونکی لەو حاڵەتەدا ئەوە دەسەڵاتە بڕیاری کۆتاییەکەی بە سەرتدا دەسەپێنێ و دەسەڵاتیش لە تارانە. ئێمەش ئەو فاکتۆرە بەهێزەی دەسەڵات نین لە تاران، جا بۆیە دەبێ ئەم واقعییەتە قەبووڵ کەین کە زەرفییەت و تواناکانی ئێمە وەک کورد لە ئێراندا سنووردارە و ئەگەر قەرار بێ ئەو زەرفییەت و توانا سنووردارەش بۆ کێشە و شەڕی نێوخۆیی و پاکانەحیساب تەرخان بکەین؛ ئەوە بەسەر دۆخێکی زۆر خراپمان دادەخا و هیوادارم قەت ئەو ڕۆژە نەبینین. بەتایبەت ڕووداوەکانی دوای شۆڕشی ژینا ئەو وانەیەی بۆ ئێمە تێدا بوو کە ئەگەر ئێمە وەک کورد بمانەوێ لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان بە چەپ و ڕاست و موجاهیدن و لیبڕاڵ و کۆماریخوازەکان بکەوینە دانوستان و مامەڵەوە؛ دەبێ لە نێوخۆماندا یەکڕیز و یەکگرتوو بین. ئێمە بینمان کە نایەکگرتوویی و بۆچوونی جیاوازی ئەو قۆناغەمان زیانی لە بزووتنەوەی کورد دا و ئەوە دەبێ بۆ ئێمە بووبێتە ئەزموون.

خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی ئەو وتوویژەدا و لەبارەی **سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەهەمبەر ئێران کە زیاتر پشت بە گەمارۆ دەبەستێ**، ڕەخنەی لەو سیاسەتە گرت و گوتی: گەمارۆکان هەتا ئێستاش زیاتر کاریگەریی لەسەر خەڵک بووە، چونکی کۆماری ئیسلامی هەم توانیویەتی لە دنیای چەند جەمسەریی ئێستادا گەمارۆکان دەور لێبداتەوە، هەم بەپێچەوانەی مەبەستی گەمارۆکان بەرنامەی ئەتومی و پڕۆژەکانی درۆنسازی و مووشەکیی خۆی پەرە پێبدات تا ئەو ئاستە لەگەڵ تێکنۆلۆژیی نیزامیی ئەمریکا و ڕووسیە ڕکەبەری بکات. لەم ڕووەوە گەمارۆکان ناتوانن ڕێژیم بڕووخێنن و ئێران پێویستە لەباری سیاسی و دیپلۆماسییەوە بخرێتە ژێر گوشاری زیاتر، پەراوێز بخرێ و دەرفەتی هەناسەدانی نەمێنێ. بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا بارگرانییەکی زۆر لەسەر ڕێژیم دروست نەبووە.

---

# لە ڕاپەڕینی ژینادا خوێندکاران مەشغەڵداری شۆڕشەکە بوون

**مامۆستایان و خوێندکارانی بەهەڵوێست!**
**جەماوەری سەربەرزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران!**

٧٠ ساڵ بەسەر کارەساتی خوێناویی ساڵی ١٣٣٢ هەتاوی تێپەڕیوە کە لە گردبوونەوەیەکی نارەزایەتی لە زانکۆی تاراندا، دژ بە هاتنی ریچارد نیکسۆن، جێگری سەرکۆماری ئەوکاتی ئامریکا کە بە ئەندازیاری کوودەتای ٢٨ی گەلاوێژ بەسەر موسەدیق و گەڕانەوەی دەسەڵاتی محەممەدڕەزا شای هەڵاتووی ئێران دەناسرا، تێدا سێ خوێندکار نارازی لەلایەن دەسەڵاتی ڕێژیمی پاڵەوی کوژران، هەر لەو سەروبەندەدا بوو کە بزووتنەوەی خوێندکاری لە زۆربەی وڵاتانی دونیا دژ بە دواکەوتوویی و دوگماتیزمی حکوومەتی لە ئارادا بوو، کە بە ڕەنگدانەوەیەک لەو بزووتنەوانەدا گوتاری زاڵی خوێندکارانی ئێران دژایەتیکردنی دەستێوەردانی وڵاتانی زلهێز و سەربەخۆیی سیاسی حکومەتی ئێران و دژایەتیکردنی پەیمانی کۆنسێرسیۆمی نەوتی بوو و لە بەرانبەردا داوای دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دێموکراسییان دەکرد کە ئەم هەڵوێستانە بە یەکەم ئەڵقەی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێراندا پێناسە دەکرێت.

لە دوای ڕووخانی دیکتاتۆریی بنەماڵەی پاڵەوی و دەسبەسەرداگرتنی شۆڕشی ٥٧ی گەلانی ئێران لەلایەن لایەنگرانی خومەینییەوە، ئەو ڕێژیمە ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزی وەک ڕۆژی خوێندکار لە ئێراندا دیاری کرد، بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە ئەو کارەیان تەنیا ڕواڵەتێکە بۆ داپۆشینی ناخ و ماهییەتی دژە زانستی و دواکەوتووی ئایدئۆلۆژیای مەزهەبی خۆی و لە ڕاستیدا نەک تەنیا باوەڕی بە مافی خوێندکاران نییە، بەڵکوو هەر لە بنەڕەتدا زانکۆی بە بەربەست زانیوە بۆ بەلاڕێبردنی بیروڕای گشتیی ئێران و لە سەرەتاکانی شۆڕش هەتا دوو ساڵ بە بیانووی جۆراوجۆر ڕێگری لە کردنەوەی زانکۆکان دەکرد، و لەو ساڵانەی دواییشدا بە شێوازی جۆراوجۆر دژایەتیی زانکۆکان و بزووتنەوە خوێندکارییەکانی کردووە، بە جۆرێک کە ئەو سەرکوت و زەبروزەنگانە بزووتنەوەی سەرتاسەریی خوێندکارانی لە ئێراندا ڕادیکاڵتر کردووە و ئەگەر لە ڕابردوودا باس لە فۆڕمی ڕیفۆرم لە ساختاری حکومەت دەکرا ، لە ئێستادا شوعاری ساختارشکێن و دژایەتی ڕاستەوخۆی بنەماکانی حاکمیەتی دیکتاتۆریی ئایینی دەکرێت لە وێژمانی بزووتنەوەکەدا.

**خوێندکارانی بەهەڵوێست و خۆڕاگری ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

پێویستە بزاندرێت کە یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان وەک هەستێکی نیشتمانی و گرنگیدان بە پرسی نەتەوەیی، ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕ کە ڕێکەوتی شەهیدبوونی ڕێبەری شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شەهید سمایل شەریفزادە کە لەلایەن ڕێژیمی پاڵەوییەوە شەهید کرا، وەک ڕۆژی خوێندکاری کورد دیاری کردووە.

ئەگەر پرسی خوێندکارانی کورد لەگەڵ پرسی خوێندکارانی سەرتاسەریی ئێران جیاوازییان هەبێت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خوێندکارانی کورد لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا، لەلایەن هەر دوو ڕێژیمی پاڵەوی و کۆماری ئیسلامییەوە، لە سەرکوت و زەبروزەنگ، پشکی شێریان بەرکەوتووە و بەتەواوەتی هەست بە چەوساندنەوەی نەتەوەیی لە زانکۆکاندا دەکرێت .

**هاونیشتمانیانی دەروەست!**

ڕاپەڕینی نوێی گەلانی ئێران و کوردستان بەتایبەت کورد لە ساڵی ١٤٠١ی هەتاویدا، کە بە شۆڕشی "ژن ژیان ئازادی و (ژینا) ناودێر کرا؛ بە دوایین ویستگەی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێراندا دادەندرێت، خوێندکاران و مامۆستایانی کورد لە زانکۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا هەر لە سەرەتای شۆڕشەکەوە جڵەوی ئەو نارەزایەتییە بەرین و سەرتاسەرییەیان گرتە دەست و دژ بە چەوساندنەوەی ژنان کە لە ئاکامی شەهیدکردنی کچە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی ژینا ئەمینی کە لە شاری تاران بە بیانووی حیجاب لە لایەن پۆلیسی ئەخلاقەوە شەهید کرا، هەڵوێستیان نواند.

لە شۆڕشی نوێدا زانکۆ بوو بە سەنگەری بانگخوازیی ڕۆشنبیران و خوێندکارانی کورد بوونە مەشغەڵداری شۆڕشەکە لە شارە گەورەکانی ئێران و بەشێکی زۆر لە مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستان و ئێران ڕۆڵی ڕێبەرایەتیکردنی بزووتنەوەکەیان گێڕا. هەروەکوو پێشبینی دەکرا، ڕێژیم بە شێوەیەکی زۆر نامەدەنییانە و بە توندترین شێوە وڵامی سەرەتاییترین داخوازییەکانی کە بە شێوازی ئاشتییانە بەڕێوە دەچوو، دایەوە و ڕاستەوخۆ لە نێو زانکۆکان تەقەی لە خوێندکاران دەکرد و ژومارەیەکی زۆر لە خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆکان و خەڵکی بێدیفاع و بێچەکی ڕاپەڕیوی شەهید کرد، ژومارەیەکی زۆریشی لە خوێندکاران لە خوێندن بێبەش کرد و بەهەمان شێوە مامۆستایانی لە وانەوتنەوە دوور خستەوە.

ڕێژیم هەر بەوەشەوە نەوەستا و بەدوای سەرکوتی خوێناویی شۆڕشی ژینا، بە شێوەیەکی نامرۆڤانە و سیستماتیک هێرشی شیمیایی کردە سەر قوتابخانە دواناوەندییەکانی کچان کە سەرتاسەری ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە خەیاڵی خۆی تۆڵەیان لێ بکاتەوە، لە حاڵێکدا ئەو کردەوەیەی نیشاندەری ئەوپەڕی زەبوونی و ڕەزیلی و ترسی ڕێژیمی ئێرانە .

**خوێندکاران و خوێندەڤانانی دەروەست و خۆڕاگر!**

ڕاپەڕینی نوێی گەلانی ئێران نیشانەی سەربەرزی و بەچۆکدانەهاتنی گەلانی ئێرانە و سەرکوتی خوێناویی ڕاپەرینەکە نیشاندەری زەبوونی و داماویی ڕێژیم لە ئاستی داخوازییەکانە و پێشەنگایەتی خوێندکاران و پێشڕەوەی مامۆستایانی زانکۆ، نیشاندەری زیندووبوونی بزووتنەوەی خوێندکاری و پێشکەوتووخوازی دروشمی ڕاپەرینەکە دەرخەری ئاستی باڵای هوشیاریی سیاسی و سەردەمیبوونی خەڵک و خوێندکارانە، کە یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان پشتیوانی لە خوێندکاران و خوێندەڤانانی کورد لە کوردستان و ئێراندا بە شانازییەکی تۆمارکراو لە مێژووی خەباتی شۆڕشگێڕیی خۆی دەزانێت و پشتیوانیی خۆمان دووپات دەکەینەوە و پەیمان لەگەڵ شەهیدان نوێ دەکەینەوە .

سڵاو لە ڕۆحی پاکی شەهیدان و بنەماڵەی سەربەرزیان!
سڵاو لە خۆڕاگریی زیندانییانی سیاسی!
بڕووخێت ڕێژیمی دیکتاتۆری ئایینی کۆماری ئیسلامی!

**یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان**
**١٦ی سەماوەزی ٢٧٢٣ی کوردی**

مۆژگان ئیفتیخاری:

# دڵنیام ناوی ژینا لەگەڵ ژاندارک وەک هێمای ئازادی دەمێننەوە

## (پەیامی دایکی ژینا ئەمینی بۆ ڕێوڕەسمی بەخشینی خەڵاتی ساخارۆڤ کە محەممەدساڵح نیکبەخت پێشکێشی کرد)



ئاماژە: ڕۆژی سێشەممە، ٢١ی سەرماوەز، خەڵاتی ساخارۆف بۆ ئازادیی ئەندێشە، لە شاری ستراسبۆرگی وڵاتی فەرانسە، پێشکەشی ژینا ئەمینی و بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی کرا. ساڵەح نیکبەخت، پارێزەری بنەماڵەی ئەمینی، بە نوێنەرایەتی لە بنەماڵەی ژینا ئەمینی کە بە بڕیاری وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیم چوونەدەرەوەی وڵاتیان لێ قەدەغە کرابوو، لەو ڕێوڕەسمەدا وتاری بنەماڵەی ژینا ئەمینیی پێشکێش کرد و خەڵاتەکەی وەرگرت.

**محەممەدساڵح نیکبەخت:**

سەرۆکایەتیی بەڕێزی پەرلەمانی ئەورووپا

نوێنەرانی زیاتر لە ٦٥٠ میلیۆن کەس لە خەڵکی جیهان

خوشکان و برایان!

مایەی شانازییە بۆ من کە ئەم بەختەوەرییەم پێ براوە وەک پارێزەری بنەماڵەی ژینا ئەمینی پەیامی دایکی ژیناتان لە بارەگای پەرلەمانی ئەورووپادا بۆ بخوێنمەوە کە لە هەمانکاتدا پەیامی بنەماڵەکەشیەتی. ئاواتەخواز بووم خاتوو موژگان ئەمینی، دایکی ژینا یا هەر خاتوونێکی دیکە ئەم پەیامەی خوێندباوە، لەبەر ئەوەی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لە ساڵی ڕابردوودا و لەو ڕۆژەوە کە ژینا (مەهسا) دەستبەسەر کرا، لەلایەن ژنانەوە دەستی پێ کرد و ڕێبەرایەتی کرا و پیاوانیش هاوڕێیەتیی ژنانیان کرد و دەرئەنجامەکەشی بوو بەو شتەی ئێوە دیتتان و لە سەرانسەری جیهان دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" کە داهێنانی خەڵکی کوردستان بوو، و لە هەموو جیهان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە تایبەت ئێراندا گشتگیر بوو.

ئەمن لە لایەن دایکێکی داخدارەوە ئەم پەیامە دەخوێنمەوە کە سەرەتا بە پێ بە هەست و خۆشەویستی و دڵبەستەیی دایکێک بۆ کچەکەی نووسراوە کە بەگوتەی خۆی و وەک خاتوو مەک سولا باسی کرد، ژنێکی جوان و بەڕێز بوو کە ویستی زۆر بەرزی بۆ خزمەت بە مرۆڤایەتی هەبوو، ئەویش لە ڕێگای کاری پزیشکییەوە. هەربۆیەش واز لە پێشەکی دەهێنم و لەوەی کە بەشێک لە پەیامەکەی خاتوو موژگان ئەمینی بە زمانی کوردییە بەڵام ئەم پەرلەمانە وەرگێڕی کوردیی لێ نییە زۆر بەداخم و هیوادارم زمانی کوردییش وەک زمانەکانی دیکە، جێگە و پێگەی خۆی پێ بدرێ.

***

**من لەو دڵەما، شوێن و مەکان گشتی ئەوە**
**یا لەو لەشە خوێن و ڕەگ و گیان گشتی ئەوە**
**ئیمان و کفر لێرە چلۆن پێکەوە بن؟**
**هۆکاری گەرەک نییە ژیان گشتی ئەوە**
**.**
**.**
**.**

**"بەو دەمەت کە بۆنی سەد بەهاری لێوە دێ**
**بۆنی دەشتی بەختیاری باوەشی چیای بەدەستی با بە گوڵ چناوی لێوە دێ**
**بۆنی سەرسەکۆی بە کاگڵی، بە ئاوپژاوی لێوە دێ**
**خۆشەویستەکەم**
**لە پەنجەرەی نیوەتاکی بوومەلێڵەوە**
**چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانییە**
**لە حەنجەرەی زەمانەوە**
**گوێم لە زەمزەمەی زوڵاڵی خیزە وردەکانی کانییە"**

**خوشکان و برایان!**

حەزم دەکرد لە کۆری بەنرخی ئێوەدا بەشدار بووبام تا لە نزیکەوە و بە نوێنەرایەتیی لە هەموو خەڵکی وڵاتەکەم سپاسی ئێوە پێشکەشکارانی خەڵاتی بەنرخی ساخارۆڤ، خەڵاتی هێمای ئازادیی پەرلەمانی ئەورووپا، بکەم. بەداخەوە بەپێچەوانەی هەموو ڕێسا یاسایی و مرۆڤییەکان ئەم دەرفەتەمان لێ زەوت کرا. پارێزەری ئێمە بەڕێز ساڵح نیکبەخت لەگەڵ خاتوو دوکتور سوهەیلا قادری بە نوێنەرایەتیی ئێمە لە کۆبوونەوەکەی ئێوەدا بەشدار دەبن بۆ ئەوەی پەیامی من بە ئێوە بگەیەنن.

ئێمە لێرەین [مەبەستی ئەوەیە ئێمە لە فەڕانسەین]، ئێمە لێرەین تا لە زێدی ژاندارک، یادی ژینا بەرز ڕابگرین. چ جوان و پڕواتایە پێک گەیشتنی ئەم دوو کچە. ئەم کیژە ئیلهامبەخشانەی مێژوو لە پشت چاخەکان و سەدەکانەوە. ئەوانەی بە مەرگی خۆیان سنوورەکانی وڵاتانیان بڕی و گیانێکی نوێیان بە ئیرادەی ڕەهایی و ئازادیی مرۆڤەکان بەخشی. ژینا، دەرکەوتنی ژین و ژیانە، هەر ئەوەیە کە ناوی بوو بە ڕەمزی ڕزگاری و خولیای ئازادیی لە زێدی خۆی، لە کوردستانەوە بە هەموو ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهاندا بڵاو کردەوە و میلیۆنان ژن و پیاوی ستەملێکراوی بە هیوای فڕین بەسەر ئاسۆی بێکۆتاییی ڕزگاریدا، وەجووڵە خست. زۆر بە ناحەقی گیانیان ئەستاند و بە خەیاڵی خۆیان پێیان وا بوو بە ئەستاندنی گیانی لە جەستەی، لە بوون و هەبوون دەیگەڕێننەوە. وەکوو چۆن ستەمکاران وایان دەزانی بە سووتاندنی جەستەی ژاندارک، خولیاکانیشی دەبێتە دووکەڵ و بە ئاسماندا دەچێت.

وەک مرۆڤێکی گەورە وتوویەتی ئەوان نەیاندەزانی و ئێستاش نازانن کە لە خۆڵەمێشی ژاندارک و ژینا، قەقنەسئاسا ڕۆحێک لە دایک دەبێ کە ملکەچبوونی بۆ نییە و ئیلهامبەخشی ڕۆحی سەردەمە. ئەم ڕۆحانەی سەردەم لە پاش چەندین سەدە ئێستا یەکیان گرتوە تا مژدەی ڕزگاریی هەمیشەیی بۆ ئێمە خەڵکانی ئەم سەردەمە بە دیاری بهێنن. ئەوان مزگێنیدەری وەدیهاتنی بایەخە بەرزەکانی مرۆڤایەتین کە ئێستا لە دروشمی پێشکەوتنخوازانەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا ڕەنگی داوەتەوە. ئەو بایەخانەی سنووریان بۆ نییە و لە ئەوپەڕی کات و شوێنەوەن بۆ دادپەروەری و ئازادی و ئاشتی و پێکەوەژیان و بەرابەریی هەموو مرۆڤەکان.

**خوشکان و برایان!**

داخی ژینا بۆ من ئەبەدییە و بۆ هەموو خەڵکی جیهانیش هەمیشەیی. دڵنیام کە ناوی ئەو لەگەڵ ناوی ژاندارک وەک هێمای ئازادی دەمێنێتەوە. ئێستا لە زێدی ژینای هەمیشە زیندووەوە، پێزانین و سپاسی بێکۆتاییی خۆم و بنەماڵەکەم پێشکەشی ئێوە دەکەم و هیوادارم لەم هەڵبژاردنە مەزنەدا هەر وا مانا و سەربڵیند بمێننەوە. بەو ئاواتەی لە هەموو جیهاندا، هیچ دەنگێک لە دەربڕینی ئازادی نەترسێ.

**موژگان ئیفتخاری**
**دایکی شەهید ژینا ئەمینی**
**لە شاری سەقزی کوردستانی ئێران**

# ئەمنیەت یان ماف؟



کەریم پەرویزی

دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی لە تاران پێی وایە کە دەتوانێ بە پەرەدان بە بەرنامە مووشەکییەکانی و دەستوێڕاگەیشتن بە درۆن و هەروەها چەکی ناوکی، ئەمنیەتی ڕێژیمەکەی دابین بکا و لە ترسی ڕووخان و هەرەسهێنان دەربازی ببێ! هەربۆیە هەموو ماڵوێرانی و هەموو گەمارۆیەک قبووڵ دەکا و بەرەو پێشوازیی هەموو سزا و تەریککەوتنەوە و تەنانەت بڕیارنامە نێونەتەوەییەکانەوە دەچێ کە دژی ڕێژیمی ئێران پەسند دەکرێن!

یان هەمووان لەبیریانە کە سەردەمانێک تەنانەت دەیانگوت بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بێنرخ و بەهان و با ئەوەندە بڕیارنامە دەر بکەن تا خۆیان ماندوو دەبن! هەموو ئەم کردەوانەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە پێیانوایە چەکی دوورهاوێژ و ستراتیژیی درۆن و مووشەک و چەکی ناوکی دەبێتە خاوەن زەمانەت و گەرەنتییەک کە ڕژیمەکەیان بمێنێتەوە! لەو پێناوەشدا چەندین نموونە دێننەوە کە چەندین حکوومەت بە لەدەستدانی چەکەکانیان ڕێژیمەکەیان لە نێو چووە. بۆ وێنە ڕێژیمی قەزافی لە لیبی، یان ڕێژیمی بەعس لە عێراق. یان داگیرکردنی خاکی ئۆکراین لەلایەن ڕووسیەوە بەو هۆکارە دەزانن کە ئەم وڵاتانە چەکە ستراتژیک و کۆمەڵکوژەکانیان لە دەست داوە و هەر بۆیە زلهێزەکان تەماحیان تێ کردوون و هێرشیان کردوەتە سەریان!

ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی و پاسدارانی وشک مێشکی بەو تێگەیشتنە، تەواوی هەوڵیان ئەوەیە چەکەکانیان پەرە پێ بدەن و هەر چەکێکی تازەشیان دەست دەکەوێ لەسەر کوردستانی تاقی دەکەنەوە! ئەوان هەم کوردستان وەکوو تاقیگە دەبینن و هەم بە چەکە کۆمەڵکوژەکانیان دەیانەوێ کورد بترسێنن!

بەڵام ئەوەی کە بیریان لێ نەکردوەتەوە و لێی تێ ناگەن بریتییە لەوەی کە چەکی قورس و کۆمەڵکوژ ڕەنگە لە شەڕی دەرەکیدا بەکار بێ، بەڵام لە ڕووداوە نێوخۆییەکاندا ئیدی ئەو چەکانە بێمانا و بێ کاریگەر دەبن! ڕەنگە هەتا ئێستاش بۆی ئاسان بووبێ مووشەک و درۆن بە بنکەی حیزبی دێموکراتەوە بنێ، بەڵام خۆ پێی ناکرێ مووشەکی بالستیک لە سنە و کرماشان و زاهدان و ئەهواز و تەورێز و یان شارە فارسنشینەکانی وەکوو تاران و ئیسفەهانەوە بنێ و لە کاتی ڕاپەڕینی خەڵکیدا ئیدی چەکی کۆمەڵکوژ بێ کاریگەرە.

بابەتی دووهەم کە لەبیریان کردوە ئەوەیە کە وڵاتی خاوەن چەکی ئەتۆمی وەکوو یەکیەتیی سۆڤیەتیش هەبوو کە بەبێ هیچ تەقەیەک ڕێژیمەکەی هەرەسی هێنا! کاتێک ئیدئۆلۆژییەک ئێکسپایەر بوو و ڕێژیمێک بوو بە بارگرانی بەسەر تەنانەت لایەنگرانی پێشووشیەوە، ئیدی هیچ چەکێک ناپارێزێ.

لە پرسی ڕووداوە لەناکاوەکان و بەرژەوەندیە کلاتییەکان گرنگتر، پرسی مافی ئینسانی و نەتەوەییە کە ڕژیم پێشێلی دەکا و پێی وایە کە لە پێناوی مانەوەی خۆیدا دەتوانێ هەموو چەکێک بەکار بێنێ و مافی نەتەوەکانی بەلاوە هیچ بایەخێکی نیە. بەڵام کاتێک ئەمنیەتی ڕێژیمێک لەسەر ئەوە ڕاوەستابێ کە درێژە بە بێمافکردنی خەڵکانێکی دیکە بدرێ، ئەوکاتە ئەو ئەمنییەتە نەک سەقامگرتوو نییە، بەڵکو دەبێتە دیاردەیەکی دژی خۆی!

کردەوە و سیاسەتەکانی ڕێژیم دەکەوێتە نێو بازنەیەکی دەوردانەوە کە لە هەر سووڕێکدا ئەمنییەتی خۆی زیاتر وەمەترسی دەخا! ڕێژیم بۆ دابینکردنی ئەمنییەتی خۆی مووشەکی زیاتر بەرهەم دێنێ و درۆنی فراوانتر بەکار دێنێ و ئەم چەکسازی و لەنێوبردنی سەرمایە و هەروەها هەڕەشە لە گیان و ژیانی نەتەوەکانی نێو ئێران و دەرەوەش، وا دەکا کە لەباری ئابوورییەوە لاوازتر بێ و خەڵک زیاتر دژی سەرکوتەکانی ڕێژیم هەڵوێست بگرن و تووڕەتر بن و تووڕەیی و ڕقی پەنگخواردووی خەڵک، ڕێژیم زیاتر دەترسێنێ و بۆیە چەکی زیاتر بەرهەم دێنێ و تاوانی زیاتر دەخوڵقێنێ و خەڵک زیاتر تووڕە دەکا!

بازنەی بێپسانەوەی ئەمنیەتی پووشاڵیی ڕێژیم کە لەسەر ئەساسی بێمافکردن و ستەمکردن لە نەتەوەکانی نێو ئێران و دەرەوە درێژەی دەبێ، خێراتر و خێراتر دەور هەڵدەگرێ و مێژوو نیشانی داوە کە لە وەها ڕکەبەرییەک لە نێوان ئەمنیەتی پووشاڵیی ڕێژیمێکی سەرەڕۆ و دواکاریی خەڵکی مافخوراودا، ئەوە ڕێژیمەکانن کە چاڵی مەرگی خۆیان هەڵدەکەنن! هەرشەکانی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان و سەردانی بەرپرسەکانی بۆ عێراق و دەوروبەر و تەنانەت مووشەک و درۆن هاویشتنیان، نیشان لە هاتنی دەورانی دیکە دەدەن؛ دەورانی هەرەسی کۆلۆنیالیزم.



# مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیدا

## (یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی و مافی نەتەوەکان)





مستەفا مەولوودی

ڕۆژی ١٣٥٦/١٠/١٧ی هەتاوی وتارێک لەژێر ناوی ئێران و ئیستیعماری سوور و ڕەش بە ئیمزای ئەحمەد ڕەشیدیموتڵەق لە ڕۆژنامەی ئیتیلاعات چاپ و بڵاو کرایەوە. لە بەشێک لەو وتارەدا هەوڵی دژایەتیی ڕاستەوخۆی بۆ مەزهەب و کەسایەتیی خومەینی دەدرێت. لەو وتارەدا هاتوە: خومەینی بڕوای خەڵکی ئێرانی بە سۆغرە و گاڵتە گرتوە. بڵاوبوونەوەی ئەو وتارە خۆپیشاندانێکی گەورەی لە ڕۆژی ١٣٥٦/١٠/١٩ لە شاری قوم لێ کەوتەوە. لەو خۆپیشاندانانەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی ئەو شارە گیران و هەندێ کەسیش کوژران و بریندار بوون. پاش ٤٠ ڕۆژ لەو خۆپیشاندانە خەڵکی تەورێز بە پشتیوانی لە خەڵکی قوم خۆپیشاندانێکی گەورەیان وەڕێ خست، بەڵام بە دەستێوەردانی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت بڵاوەی پێ کرا و لەوێش ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کوژران و بریندار بوون. ئەمەش بوو بە سەرەتای خۆپیشاندانە زنجیرەییەکانی نێو ئێران و نارەزایەتییەکان بەدژی حکوومەتی پاشایەتی لە ئێران دەستی پێ کرد. دەکرێ بڵێین وتارەکەی ئەحمەد ڕەشیدیموتڵەق یەکەم چەخماغەی شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی لە ئێراندا بوو.

لە سەرەتادا شا خۆپیشاندانی ١٥ی جۆزەردانی ١٣٤٢ی زۆر بەهەند نەگرتبوو. حوسەین فەردووست دەنووسێ: شۆڕشی ساڵی ٥٧ی ئێران هەموو کەس تەنانەت دەوڵەتانی ئەوکاتی ئەمریکا و بریتانیاشی خافڵگیر و تووشی سەرسوڕمان کرد، بۆیە ئەگەر پرسیار بکرێ فۆڕمی ڕوودانی ئەو شۆڕشە چۆن بوو، دڵنیام هیچ بەرپرسێکی ئەوکات نەیدەتوانی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە. ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: شۆڕشەکان هەمیشە لە ماوەی چەند ڕۆژدا بە کردەوەیەکی بەپەلە و توندوتیژانە سەردەکەون. لە حاڵێکدا شۆڕشی ئێران بە حەوسەلەیەکی زۆر و هەنگاو بە هەنگاو سەرکەوت. لەو شۆڕشەدا کردەوەی توندوتیژانە لەلایەن خەڵکەوە بە ڕادەیەکی کەم بووم، ئەمەش ئۆرگانەکانی دەوڵەت نیزامی و غەیرە نیزامیی شەکەت کردبوو. ناوبراو دەڵێ هیچ شۆڕشێک بەم چەشنە نەچووەتە پێش. عادەتەن ڕێکخەرانی شۆڕش لەسەر ئەو باوەڕەن کە درێژەکێشانی شۆڕش دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنی، بەڵام شۆڕشی ئێران لە ماوەی ٩ مانگدا ڕۆژ بە ڕۆژ ڕووخێنەرتر و بەربڵاوتر دەبۆوە و ئەمەش نیشانەی یەکەمین نموونەی ئەو جۆرە شۆڕشەیە.

بەهەر جۆرێک لێکی بدەیتەوە ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە شۆڕش دەستی پێ کردبوو و شا کەوتبووە پەلەقاژە. جەمشید ئاموزگار ناچار بوو دەست لە کار بکێشێتەوە. محەممەدڕەزا شا لە جێگای ئەو جەعفەر شەریفئیمامیی وەک سەرۆکوەزیران دیاری کرد و ڕەزامەندیی دەوڵەتی عێراق بۆ دەرکردنی خومەینی وەرگیرا. هۆوەیدا کە بۆ ماوەی سێزدە ساڵ سەرۆکوەزیرانی ئێران بوو و بەر لە ئاموزگار ناچار بە وازهێنان کرابوو، دواتر دەستبەسەر کرا. شەریفئیمامی کە تەواو دەستەوەستان ببوو، ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە بوو. پاشان دەوڵەتی نیزامیی ئەزهاری هاتە سەرکار و ئەویش هیچی بۆ نەکرا. ناچار شاپووری بەختیار وەک سەرۆکوەزیران دیاری کرا، بەو مەرجەی محەممەدڕەزا شا بە شێوەی کاتییش بووبێ ئێران بەجێ بهێڵێ و لە خاکی ئەو وڵاتە بچێتە دەرەوە. شا ڕۆژی ١٤ی بەفرانباری ١٣٥٧ ئێرانی بەجێ هێشت و ڕۆژی دواتر ڕۆژنامەکان بە خەتی گەورە نووسیان «شاه رفت». حکوومەتی بەختیار نەیتوانی زیاتر لە ٣٧ ڕۆژ دەوام بێنێ و هەرەسی هێنا. خومەینی ڕۆژی ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ لەنێو پێشوازیی گەرمی خەڵک گەڕایەوە ئێران و ڕۆژنامەکان بە خەتی گەورە نووسییان «امام آمد». خومەینی ڕایگەیاند کە حکوومەت پێک دێنێت. بەو جۆرە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ ئەرتەش بێلایەنیی خۆی ڕاگەیاند و بەوەش نیزامی پاشایەتی لە ئێران بۆ هەمیشە کۆتایی پێهات.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران و دیاریکردنی حکوومەتی کاتیی بازرگان لەلایەن خومەینییەوە ڕێبەری شۆڕشی ئێران ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ی بە ڕۆژی ڕیفڕاندۆم بۆ دیاریکردنی سیستەمی حکوومەتی لەدوای ڕووخانی ڕژیمی پەهلەوی دیاری کرد. لەو هەڵبژاردنە، یان دیاریکردنە بۆ سیستەمی حکوومەتی ئەو درووشمە دیاری کرابوو: «کۆماری ئیسلامی بەڵێ و کۆماری ئیسلامی نا». لە ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ ئاکامی ڕیفڕاندۆم ڕاگەیەندرا و دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی بە زۆرینەی نزیک بە تەواوی دەنگەکان بۆ سیستەمی تازەی حکوومەتی دەسەڵاتداری لە ئێران دیاری کراوە. بەم جۆرە ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ بە ڕۆژی کۆتاییهاتن بە نیزامی دیکتاتۆریی پەهلەوی و کۆتاییهێنان بە سیستەمی ٢٥٠٠ ساڵەی پاشایەتی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک

### یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی و مافی نەتەوەکان

پاش سەرکەوتنی شۆڕش، خومەینی ڕایگەیاند کە لەجیاتی مەجلیسی دامەزرێنەران بۆ پەسندکردنی یاسای بنەڕەتی (قانون اساسی) دەبێ مەجلیسی خوبرەگان هەڵبژێردرێ. ئەوکات خەڵکی ئێران پێیان وانەبوو لە نێوەرۆکدا جیاوازییەک لە نێوان مەجلیسی دامەزرێنەران و مەجلیسی خوبرەگاندا هەبێت، بۆیە بەبێ کێشە قەبووڵیان کرد. کەچی پێکهاتەی نوێیی مەجلیسی خوبرەگان دەری خست کە لە ڕاستیدا ئەو مەجلیسە لە ڕووی نێوەرۆکیشەوە شتێکی تازەیە، چونکە پتر وەک تەکیە و خانەقا و حەوزە دەهاتە بەرچاو تا مەجلیسی قانووندانان. سەرەنجام مەجلیسی خوبرەگان لە ڕۆژی مێژوویی ٢٨ی گەلاوێژ ساڵی ١٣٥٨، هەمان ساڵڕۆژی کودەتای شا و زاهیدی لە ساڵی ١٣٣٢پێک هات، ئەمەش ڕێک هاوکات بوو لەگەڵ فەتوای جیهاد بەدژی خەڵکی کوردستان لەلایەن خومەینییەوە.

یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە ساڵی ١٣٥٨ پەسند کرا و لە ساڵی ١٣٦٨ی چەند خاڵێکی لێ کەم و زیاد کرا، لە (١٧٥) ئەسڵ پێک هاتوە.

لە ئەسڵی پازدەهەمی (١٥) یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا هاتوە: زمان و خەت و فۆڕمی هاوبەشی خەڵکی ئێران فارسییە و بەڵگەنامەکان و نووسراوەکان و کتێبی وانەیی قوتابییەکان دەبێ بەو زمان و بەو خەتە بێت، بەڵام بەکارهێنانی زمانی ناوچەیی و قەومی لە ڕاگەیاندنەکان و میدیا گشتییەکان و خوێندنی ئەدەبیاتی ئەوان لە مەدرەسە لە تەنیشت زمانی فارسییەوە ئازادە. هەروەها لە ئەسڵی نۆزدەهەمدا هاتوە «خەڵکی ئێران لە هەر قەوم و قەبیلەیەک بن لە مافی یەکسان بەهرەمەندن و ڕەنگ، نژاد، زمان و شتی لەو بابەتە نابێتە هۆی هەڵاواردن». لە ماددەی پازدەهەمدا هاتوە کە زمان و خەتی هاوبەشی خەڵکی ئێران فارسییە. تا ئێرە هەرچەند ئیمتیازێکی تایبەت دراوە بە زمان و خەتی فارسی لە چاو خەت و زمانەکانی دیکەی ئێران زۆر جێگای ڕەخنە نییە، لەبەر ئەوەی بەکارهێنانی زمان و خەتی فارسی لە ئێران مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و وای لێ هاتوە نزیک بە تەواوی خەڵکی ئێرانیش مەگەر کەسێکی بێسەواد دەنا زۆرکەس بە ئاسانی لێی تێ دەگا. بۆیە دەکرێ بڵێین لەنێو زمان و خەتەکانی دیکەی ئێران گونجاوترین زمان و خەتە بۆ لەیەکتر تێگەیشتن، بەڵام هەتا ئێستا کە دەیان ساڵ بەسەر پەسندکردنی ئەو یاسایەدا تێدەپەڕێ، بەڕەسمی هیچ کارێک بۆ ئەو خەت و زمانانە نەکراوە، تەنانەت بەکردەوە زۆر جار قەدەغەشیان خراوەتە سەر. ئەگەر کەسێک یان کەسانێک بیانەوێ فێری زمانێک جیا لە زمانی فارسی بن، حکومەت نەتەنیا کەمترین پێویستی و شوێنیان بۆ دابین ناکات، بەڵکوو زۆر توند بە گژیاندا دەچێتەوە و تووشی ئەزییەت و ئازار و تەنانەت زیندانیان دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێران هەوڵی زۆریان داوە بۆ فێربوونی نووسین و خوێندن بە زمانی خۆیان و لەو پێناوەشدا زۆر بڵاڤۆک و ڕۆژنامە و گۆڤاریان بڵاو کردۆتەوە کە هیچیان بە کەرەسە و یارمەتیدانی حکوومەت نەبووە. تەنانەت فێرگە و ناوەندە نادەوڵەتییە چالاکەکانیش بە بەردەوامی و بە توندترین شێوە گوشاریان خراوەتە سەر، کەچی بەو حاڵەش خەڵکەکە نەک بە ئازادی بەڵکوو بە ئازایەتی توانیویانە پەرە بە چالاکییەکانی خۆیان بدەن.

سەبارەت بە ماددەی نۆزدەهەمی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دەبێ بڵێین تاڕادەیەکی بەرچاو ئەو ماددەیە تەنیا وەک جەوهەری سەر کاغەز وایە و هیچ گەل و نەتەوەیەک وەک لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا هاتوە، لە بچووکترین مافی نەتەوەیی خۆی بەهرەمەند نییە و بە شێوەی جۆراوجۆریش کۆسپ و تەگەرە خراوەتە بەردەم ئەو نەتەوانە و هەر چەشنە داخوازییەکیان بۆ ئەو مەبەستە بە توندترین شێوە سەرکوت کراوە. نموونەی بەرچاو گەلی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە وڵاتی ئێران. ئەو گەلە لەو وڵاتەدا لەو ڕۆژەوە هەستی بە پێشێلکردنی مافی خۆی کردوە و دەستی داوەتە خەبات و تێکۆشان و زۆریش هەوڵی داوە ئەگەر دەرفەتی بووبێت لە ڕێگای دیالۆگ و وتووێژەوە بە مافەکانی بگات لەبەر ئەوەی پێی وایە مافی گەلی کورد مافێکی سیاسییە و دەبێ لە ڕێگای سیاسییەوە چارەسەر بکرێ. بەڵام وەڵامی ڕێژیم لە هەمبەر داوای ڕەوای خەڵکی کوردستان بە دایم هێرش و وێرانکاری و ئەشکەنجە و ئازار و کوشت و کوشتار و ئێعدام و سەرکوت کردن بووە.

گەلی کوردیش لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ چالاکانە بەشداریی کردبوو و هەر بۆیە لە داهاتووی ئێرانی پاش پەهلەوییەکان، گەیشتن بە مافە سەرەکییەکانی خۆی بە هەقی ئاسایی خۆی دەزانی و لە پاش حاشا لێکردنی کۆماری ئیسلامی لەو مافانە هەوڵی دا لە ڕێگای وتووێژەوە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە نوێیە بە مافی ڕەوای خۆی بگات. بۆ ئەو مەبەستەش گەلێک تێکۆشا، کەچی بەداخەوە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ لەلایەن خومەینییەوە فتوای جیهادی بەدژ دەرکرا و کوردستان بەتوندی هێرشی کرایە سەر و زیاتر لە ٥٠٠٠٠ کەس لە خەڵکی مەدەنی و بێتاوانی ئەو وڵاتە بوونە قوربانی و پتر لە ٥٠٠٠ تێکۆشەری ئەو گەلە لە پێناوی ڕزگاری گەل و وڵاتەکەیاندا شەهید کران.

### ئەنجام

لەگەڵ ئەوەدا ئێران وەڵاتێکی زۆر کۆنە و مێژوویەکی دێرینی هەیە، واتە زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵە بە شێوەی پاشایەتی بەڕێوە دەچێ و سی ٣٠ ساڵیشە حکوومەتی کۆماریی تێدا دامەزراوە، بەڵام هیچ کات بە شێوەیەکی خەڵکی و دێموکراتیک ئیدارە نەکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتێکی فرەگەل و فرەچەشنە، یانێ زۆر جیاوازیی نەتەوەیی و میللی و دینی و مەزهەبی تێدایە، بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتداران هیچ کات وەک پێویست وڵاتی ئێرانیان بەو ماتەوزەوە (پتانسیل) لەبەر چاو نەگرتوە کە بۆ ئاوەدانکردنەوە و پێشکەوتنی ئەو وڵاتە بە کاری بێنن. تەنانەت ئەوەندەی بۆیان کراوە گەلان و خەڵکانی ئێرانیان سەرکوت کردوە و لەناویان بردوون و مافەکانیان پێشێل کردوە. لە تەواوی مێژووی ئەو وڵاتەدا دوو جار دەستوور یان یاسای بنەڕەتی نووسراوە یان داڕێژراوەتەوە. یەکیان لە ساڵی ١٢٨٥ لە سەردەمی موزەفەردین شای قاجاڕ و بەهۆی گوشاری خەڵک و بزووتنەوەکانی ئەوکات، دووهەم دەستوور لە ساڵی ١٣٥٨پاش ڕووخانی ڕێژیم یان سیستەمی پاشایەتی و سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی. ئەو دوو یاسا بنەڕەتییە چەند جارێک گۆڕانکارییان تێدا کراوە، بەڵام بەو گۆڕانکارییانەشەوە ئەم یاسایانە هیچ کات لە بەرژەوەندی گەلانی بن دەستی ئێراندا نەبووە.

ئەو دوو یاسا بنەڕەتییەی لە مێژووی ئێراندا پەسەند کراون هەڵگری چەند خاڵی هاوبەشن، بۆ وێنە:

١- لە دەستووری ساڵی ١٢٨٥ لە ماددەی ٣٥ی دەستووردا هاتووە «سەڵتەنەت ئەمانەتێکە لەلایەن میللەتەوە بە پادشا ئەسپێردراوە» لە دەستووری ساڵی ١٣٥٨ لە ماددەی پێنجەمدا هاتوە «لە زەمانی غەیبەتی حەزرەتی وەلیی عەسردا (ئیمامی دوازدەهەم-ئیمام مەهدی) لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا وەلایەت و بڕیار (امر) و ئیمامەتی ئوممەت لەسەر شانی فەقێی دادپەروەر و بەباوەڕ و شارەزا لە پرسی ڕۆژ، بوێر و زانا و بەتەگبیرە». ئەگەر سەیری ئەو دوو ماددەیەی یاسای بنەڕەتی ئێران بکەین، دەبینین لە هەردووکیاندا سەروەری و دەسەڵاتی بێسنووری بۆ تاکە کەسێک گەڕاندۆتەوە، لە دەستووری ساڵی ١٢٨٥ بۆ «پادشا» و لە دەستووری ساڵی ١٣٥٨ بۆ «وەلیی فەقیه».

٢- لە ماددەی یەکەمی یاسای بنەڕەتیی ساڵی ١٢٨٥دا هاتووە کە «دینی فەرمیی ئێران ئیسلامە و تەریقەی هەقەی جەعفەری ئەسنا عەشەرییە و پادشای ئێران دەبێ ئەو دین و مەزهەبەی هەبێت و برەوی پێ بدات»؛ لە یاسای بنەڕەتیی ١٣٥٨دا هاتوە «دینی فەرمیی ئێران ئیسلام و مەزهەبی جەعفەری ئەسنا عەشەرییە و ئیمام و ڕێبەر و تەنانەت سەرۆک کۆماریش دەبێ ئەو مەزهەبەیان هەبێت». کەوابوو ئەم دوو یاسا بنەڕەتییە لەم ماددەیە جیاوازییان نییە و لە هەردووکیاندا پلەی بەرزی پاشایەتی و ئیمامەت و تەنانەت سەرۆککۆماری، تایبەتە بەو کەسەی موسڵمان بێت و مەزهەبی شیعەی ئەسنا عەشەری هەبێت. بەو جۆرە بەپێی یاسای بنەڕەتی لەو وڵاتەدا هەموو ئەو کەسانەی موسوڵمان نین و مەزهەبی شیعەی ئەسنا عەشەرییان نیە لەو پلە و پایە بێبەش کراون، یانێ بە یاسای بنەڕەتی وڵات جیاوازی دانراوە لە نێوان هاونیشتمانانی ئەو وڵاتەدا.

ئەو دوو یاسا بنەڕەتییەی ئێران پێکەوە هەندێک جیاوازیشیان هەیە کە پێویستە ئاماژەیان پێ بکەین.

١- لە یاسای بنەڕەتیی مەشرووتە (١٢٨٥) هاتووە «لە تەواوی مەملەکەتە پارێزراوەکاندا (مەمالیکی مەحروسە) ئەنجوومەنەکانی ئەیالەتی و ویلایەتی بەپێی نیزامنامەی تایبەت ڕیز دەکرێن».

٢- لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا هاتوە کە «خەڵکی ئێران لە هەر قەوم و هۆزێک بن مافی وەک یەکیان هەیە و ڕەنگ و ڕەگەز و زمان شتی لەم چەشنە نابێتە هۆی هەڵاواردن.»

ئەگەر سەیری ئەو دوو ماددە بکەین، لە هەریەکیاندا بە جۆرێک باسی لە دەسەڵات و مافی ئەیالەت و مافی کەمایەتییەکان دەکات و هیچیان بە هیچ شێوەیەک تا ئێستاش کاریان پێ نەکراوە.

٣- ئەگەر چاوێک بخشێنینە سەر یاسای بنەڕەتیی مەشرووتە پەسندکراوی ساڵی ١٢٨٥دا دەبینین تا ڕادەیەک مافی شارۆمەندی لە بەرچاو گیراوە و لە سەردەمی پەهلەویشدا بە کردەوە کاری پێ کراوە. بەڵام لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٨دا مافی شارۆمەندی بۆ گەلانی دیکەی ئێران زۆر کەم لەبەرچاو گیراوە و ئەوەی هەشبووە بە لێکدانەوەی تایبەت زۆر کەم کراوەتەوە و کۆنترۆڵی لە ڕادەبەدەری خراوەتە سەر. جیاوازییەکی دیکەی ئەو دوو یاسا بنەڕەتییە مەسەلەی خەت و زمانی گەلانی غەیرە فارسی نێو ئێرانە کە لە دەستووری ١٢٨٥دا لە هیچ شوێنێک ئاماژەی پێ نەکراوە، بەڵام لە یاسای بنەڕەتیی ١٣٥٨دا لە ماددەی ١٥دا هاتوە «زمان و خەتی فەرمی و هاوبەشی ئێران فارسییە و بەڵگە و نووسراوە و تێکستە فەرمییەکان و کتێبی وانەیی قوتابییەکان دەبێ بەو زمان و خەتە بێت. بەڵام بەکارهێنانی زمانە ناوچەیی و قەومییەکان لە ڕاگەیاندن و میدیا گشتییەکان و خوێندن و نووسین بە ئەدەبیاتی ئەو گەلانە لە قوتابخانەکان لە تەنیشت زمانی فارسیدا ئازادە». کەچی هەتا ئێستاش ئەو ئەسڵە کاری پێ نەکراوە و جێبەجێ نەکراوە.

### کاکڵی باسەکە:

ئەو دوو یاسا بنەڕەتییە کە لە ئێران پەسند کراوە بە لەبەرچاوگرتنی ڕاستییەکان لە کۆمەڵگەی ئێرانی دانەڕێژراون. ئێران وڵاتێکی گەورە و بە حەشیمەتێکی زۆر و جۆراوجۆری نەتەوەیی و میللی و قەومی و ئایینی و کولتووری و تەنانەت جوغرافییە و دەبوا یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتە بەجۆرێک داڕێژرابا هەموو ئەو جیاوازییانەی لەبەرچاو بگرتبا و زامنی پاراستنی مافی هاووڵاتیان بە تاک و بە کۆ بووایە. بەڵام ئەو دوو یاسا بنەڕەتییە لە نێوەرۆکدا بەتەواوی لەو جۆرە شتە پێویست و زەروورانە بەتاڵن. جیا لەوەش هەندێک بەند و ماددە و ئەسڵی ئەو قانوونە بنەڕەتییانە لەبەر ئەوەی بە یەکسانی چاویان لە هەموو هاووڵاتیان نەکردوە گەورەترین کێشەی لە مێژووی ئەو سەد ساڵەدا دروست کردوە. ئەگەر قەرارە وڵاتی ئێران بەپێی یاسایەکی بنەڕەتی بەڕێوە بچێ، خەڵکی ئێران پێویستە خەبات بۆ سەرلەنوێ نووسینەوەی یاسایەک بکەن کە هەڵقوڵاوی ڕاستییەکانی وڵاتی ئێران بێت و بە ئیرادەی هەموو خەڵکی ئێران بەڕێوە بچێت. یاسایەک کە مافی میللی و نەتەوەیی و دێموکراتیکی هەموو دانیشتوانی ئێران، بە فارس و تورک و کورد و عەرەب و بلووچ و تورکەمەن و باقی کەمایەتییە میللی و ئاینییەکانی دەستەبەر کردبێت و بە گشتی بۆ دابینکردن و سەقامگیرکردنی دێموکراسی لە ئێران یاسایەکی بەبڕشت بێت

# ڕۆژگاری ڕەش



ئەلبورز ڕووبین‌تەن

"کاروان شاهی و شەش زیندانیی سیاسی دیکە کە لە نارەزایەتییەکانی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی‌دا دەست بەسەر کراون دوای ١٤ مانگ نادیاری چارەنوس بەبێ هیچ حومکێکی دادگا بە تۆمەتی (محاربە) شەڕ لە گەڵ خودا لە زیندان‌دان"، "عەلی قادری، کۆلبەری ٥٢ ساڵ و باوکی سێ منداڵ بە دەستڕێژی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیم کوژرا"، "فەرزاد گوڵمحەممەدی بۆ لە سێدارەدان بۆ زیندانی ئێنفرادی گواسترایەوە"، "هێزەکانی ڕێژیم لە کرماشان بەبێ ئاگادارکردنەوە هەڵدەکوتنە سەر ماڵی شاعیر و نووسەر کەیومەرس کەلەجۆیی"، "فایەق یوسفی، چالاکی سیاسی و مەدەنی لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە ڕفێندرا"، "هێزەکانی ڕێژیم، کێلی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە دیولان دەشکێنن و گۆڕەکانیان تێک دەدەن"، "ئەییوب جەوانپور، بریندار‌ی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی بە چوار ساڵ زیندان و پانزدە مانگ دور خستنەوە سزا درا"، "لە پیرانشار چوار مامۆستای ئایینی لە سەر هەڵوێستیان لەهەمبەر سەرکوتی خەڵکی کوردستان بە یازدە ساڵ زیندان سزا دران" و... .

ئەوانە تەنیا تیتری بەشێکی زۆر کەمی هەواڵەکەنی یەک ڕۆژی نیشتمانە لە ژێر ستەمی داگیرکەران، کە ڕۆژانە بە سەدان هەواڵی لەو شێوە هەیە کە هەموویان تابلۆیەکی دیاری سەرکوت و بێ‌مافیی خەڵکی کوردستانن لە سۆنگەی دەسەڵاتی ڕێژیمەوە. هەر لەو هەواڵانە کە بۆ زۆربەی خوێنەران وەک هەواڵێکی ئاسایی دەبیندرێ قورسترین چیرۆکی ژیانی تاک یا بنەماڵە یا شارێکی کوردستانن. هەر یەک لەو هەواڵانە هەڵگری دنیایەک خەم و ئازاری بێ‌کۆتایین چونکە نەک ژیانی تاکەکان، بەڵکوو ژیانی دەوروبەریان و لە کۆتاییدا ژیانی نەتەوەیەکیان ڕەش کردوە.

ئەو تابلۆیانە بەشێکی زۆر کەم لە هەزران چیرۆکی خەمبارە کە ڕێژیمێکی دیکتاتور بەئەنقەست تەنیا لە ڕووی دژایەتی لە کوردستان دەیئافرێنێ و تەنانەت لەوەی کە توانیویەتی ژیان خەڵکی کورد ئاوا ڕەش بکات شانازی دەکات. ئەوە تەنیا ئەو هەواڵانە نین کە ڕۆژگاری ڕەشیان لە کوردستان خوڵقاندوە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا بە سیاسەتێکی سیتسماتیک لە ڕووی ئابووری، کولتووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و دەرونی ژیانی ئێستای نەتەوەیەکیان ڕەش کردوە و داهاتووی وڵاتێکیان سوتاندوە. هەربۆیە نابێ وا بەئاسانی بە خوێندنەوەی ئەو هەواڵانە گوزەر بکەین، بەڵکوو پێویستە بۆ چرکەیەکیش بووبێ بە ڕامانەوە سەیری ئەو ڕۆژگارە ڕەشە بکەین و لە ڕاستیەکانی ورد ببینەوە.

یەکەم ڕاستی لەو ڕۆژگارە ڕەشە ئەوەیە دەبێ زۆر باش بزانین ئەگەر ناوی خۆمان یا نزیکەکانی خۆمان لە مانشێتی هەواڵەکاندا نابینین بەو مانایە نییە ئێمە لە ئارامی‌داین، بە هەبوونی ئەو ڕێژیمە جینایەتکارە ئەگەری ئەوەی مانشێتی هەواڵی داهاتوو ئێمە بۆ خۆمان یا نزیکی ئێمە بێت هەیە، بەدەر لەوەی هەر یەک مانشێتانە لە نەتەوەی ئێمەن کەواتە ئێمەن و جیاوازی نییە. بۆیە پێش بە ئەوەی ببین بە مانشێتی هەواڵیکی وەها وەک قوربانی، پێویستە لە خاباتدا بین بۆ نەهێشتنی ئەو ڕێژیمە هەتا ئەو ڕۆژگارە ڕەشە نەمێنێ.

ئەو سیاسەتەی کەو ئەو ڕۆژگارەی ئافراندوە تەنیا ئەمڕۆی ئێمەی ڕەش نەکردوە بەڵکوو داهاتووی نەوەکانی دیکەشی خستووەتە مەترسی، چونکە لە کاتێکدا وڵاتانی دیکە لە سایەی ئازادی هەنگاوی پێشکەوتن دەگرنە بەر و بیر لەوە دەکەنەوە کە چۆن بەرەو هەسارەکانی دیکە سەفەر بکەن، چۆن قورسترین نەخۆشییەکان دەرمان بکەن و ژیانی مرۆڤەکان درێژ بکەن، چۆن لە دونیایی پێشکەوتووی بیری دەستکرد کەڵک وەربگرن، چۆن ڕۆژگاریکی پڕ لە شادی و خۆشگوزەرانی دروست بکەن؛ ئێمە دەبێ هەواڵی کوژرانی کۆلبەرێک کە باوکی سێ منداڵە ببیسین و حاکمانی وڵاتیش هەموو تۆپ و تانکیان دەکار بکەن بۆوەی حیجاب لا نەدرێ و مامۆستای زمانی کوردی لە زینداندا بێت.

لە هەمووی خراپتر ئەوەیە ڕێژەی ئەو هەوآڵانە ئەوەندە زۆر بوون لەو ڕۆژگارە ڕەشەدا، کە وەک هەواڵێکی ئاسایی بە سەریاندا تێپەڕ دەبین، واتە بەئاسایی نیشاندانی ستەم و کوشتن و ئەشکەنجە و زیندان وەک ژیانی ئاسایی بێت و ئەوە یەکێک لە مەترسیدارترین تابلۆی ڕۆژگاری ڕەشی ئێستایە کە کوژارنی کۆلبەر وەک ڕووداوێکی ئاسایی لێهاتووە و، ڕۆژانە خەڵک بەئاسانی دەکرێنە ئامانجی گوللە. بۆیە پێوستە ئەو ڕووداوانە وەک ڕۆتینێکی ڕۆژانە سەیر نەکەین و بە بیستنی هەر یەل لەو هەواڵانە کە ڕۆژانە دەیبیسین بیر لەوە بکەینەوە چۆن کۆتایی بەو ڕۆژگارە ڕەشە بێنین کە زوو یا درەنگ هەموومان دەکاتە ئامانج.

پێویستە باوەڕ بەوە بێنین کە ئێمە شایانی ئەو ڕۆژگارە ڕەشە نین، بەڵکوو وەک نەتەوەیەکی ئاشتیخواز و ئازادیخواز مافمانە وەک هەر یەک لە نەتەوەکانی دیکەی ئازادی دونیا، لە ئارامی و شادیدا بژین و کە خۆشمان بە شایانی ژیانی ئازاد زانی، دەبێت هەوڵی بۆ بدەین. دەبێ هەمیشە بیر لەوە بکەینەوە کە پاسدارێکی بیابانەکانی کاشان و سمنان مافی حوکمڕانی بەسەر بەهشتی کوردستانی نیە و، بکوژێکی سوپای پاسداران بە سەر کوڕی کوردی زانادا فەزڵی نیە و، زیادتر لە کوشتن و ئەشکەنجە ئەو بەکەم زانینیەی نەتەوەی کورد بەئازارە.

لە کۆتاییدا و لە هەمووی گرینگتر لە ڕۆژگاری ڕەشدا لە بەرەی خەباتکارانی ئازادیدا بوون بۆ نەهێشتنی ستەم هەزاران جار بەنرخترە لەوەی دڵەخورپەی ئەوەت هەبێ کە من کەی دەبمە مانشێی هەواڵێک! هەبوونی ئەو باوەڕە سەرکەوتن مسۆگەر دەکات.

# لە هەناردەکردنی شۆڕشەوە هەتا لێواری داڕمان



عومەر باڵەکی

٤٥ ساڵ لەوە پێش، کاتێک گەلانی ئێران مێژووی ڕێژیمی پاشایەتیان تێکەوە پێچا، بە هیوای ژیانێکی باشتر و ئەمنیەتی ڕوحی، فەرهەنگی، ئابووری و سیاسییەوە بوون. هیچ کەس و لایەنێک بە خەیاڵیدا نەدەهات کە ئەو شۆڕشە گەلی و هەمەلایەنە لە ویست و داخوازی کەمینەیەک لەژێر ناوی کۆماری ئیسلامیدا کورت بکرێتەوە و بە جێگای ئەوەی ببێتە مایەی بەختەوەریی کۆمەڵگە، نەهامەتی، هەژاری و نائەمنی لە کۆمەڵگەی ئێراندا ڕەگی دابکوتێ و پەرە بستێنێت.

پێش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ لەم سەدەیەدا سێ شۆڕشی دیکە لە وڵاتانی ڕووسیە، چین و کوبا ڕوویان دا و خاڵی هاوبەشیان هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان بوو. بەڵام بەو جیاوازییە کە شۆڕشەکانی ڕووسیە، چین و کوبا لە ڕێگای ئیدئۆلۆژیی خۆیانەوە مزگێنیی دنیایەکی بێ‌چەوسانەوە و یەکسانیان بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهاندا دەدا، بەو حاڵەش نەیانتوانی بە هەناردەکردنی شۆڕش بۆ وڵاتانی دنیا لە بەرەوپێشبردنی ئیدئۆلۆژیی کۆمۆنیستی سەرکەوتوو بن و بینیمان یەکیەتیی سۆڤیەت دوای نیزیک بە ٨٠ ساڵ دواجار هەرەسی هێنا. بەنەمانی یەکیەتیی سۆڤیەت وەک ئۆردووگای سۆسیالیستی هەناردەکردنی شۆڕشی سۆسیالیستی بۆ وڵاتانی دیکە بەتەواوی ڕاوەستا و دوو وڵاتی چین و کوباش لە ساڵانی ڕابردوودا هەوڵیان داوە خۆیان لەگەڵ نەزمی جیهانیی سەردەم بگونجێنن و خۆ لە بیرۆکەی هەناردەکردنی شۆڕش ببوێرن. شۆڕشی گەلانی ئێرانیش کە هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینی و داروودەستەکەی دەستی بەسەردا گیرا و نیزامی کۆماری ئیسلامییان دامەزراند، ڕاست وەکوو دەسەڵاتدارانی ئەو سێ شۆڕشەی پێش خۆی (ڕووسیە، چین و کوبا) لە بیری هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بوون. بەو جیاوازییەی کە شۆڕشی سۆسیالیستی ڕوانگەی بۆ داهاتوو بوو. واتە کۆمەڵگە بە شۆڕشی سۆسیالیستی بەرەوە دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ژیانێکی یەکسان و دوور لە چەوسانەوە بڕوا، بەڵام شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بەپێچەوانەی شۆڕشی سۆسیالیستی ویستیاری دامەزراندنی کۆمەڵگەیەک لە ئێراندا بوو کە لە بواری فەرهەنگییەوە بنەما و باوەڕەکانی دەگەڕایەوە بۆ نەریت و فەرهەنگی ١٤٠٠ ساڵ لەوە پێش کە لە نیمچە دورگەی عەڕەبستان باو بووە و ئەو شێوە ئیدئۆلۆژی و بیرکردنەوەیە هەر زوو وەک ستراتیژی و ئامانجی نیزامی کۆماری ئیسلامی هاتە نێو بەند و بڕگەکانی یاسای بنەڕەتی ئێران. واتە بەو شێوەیە پێناسەی بۆ کرا کە "شۆڕشی ئێران جووڵانەوەیەکە بۆ سەرکەوتنی تەواوی ستەملێکراوان بەسەر زاڵماندا" و ئامانجی ئەو شۆڕشە " درێژەکیشانی لە نێوخۆ و دەرەوەیە"، "بەتایبەتی لە پەرەپێدانی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان، لەگەڵ جووڵانەوەکانی ئیسلامی و خەڵکی تێ‌دەکۆشێ هەتا ڕێگای دروستبوون و پێکهێنانی ئۆمەتێکی جیهانی دەستەبەر بکا." لە درێژەی ئەو بابەتەدا یاسادانەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی باس لەوە دەکا کە "ئەرتەش و سپای پاسداران هاوتەریب لەگەڵ ئەو ئامانجە پێک هاتوون و بێجگە لە پاراستنی سنوورەکان و پارێزگاری لە نیزام، ئەو ئەرکەیان لەسەر شانە کە لە ڕێگای خودا و خەبات لەپێناوی پەرەپێدانی حاکمییەتی قانوونی خودا لە سەرانسەری جیهاندا تێ‌بکۆشن و جیهاد بکەن."

بەو ڕوانگەیەوە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ماوەی ٤٥ ساڵە سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بەرێوە دەبن و ئێران و گەلانی ئەم وڵاتەیان تووشی نەهامەتی و هەژاری لە بواری ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی و دەیان قەیرانی دیکە کردوە. دوای تێپەڕینی ٤٥ لە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی و ئەو هەموو نەهامەتی و کوشت و کوشتار و هەژاریی کۆمەڵگەی ئێران و تەریککەوتنەوەی سیاسی ئێران بەهۆی کردەوەکانی ئەو نیزامە لەنێو سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، ئێستاش دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیانەوە بانگەشەی ئەوە دەکەن ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی (ام‌القری)ی موسوڵمانانی جیهانە. بەڵام پێچەوانەش ئەوەش دەبینین کە لە هەر جێگا و شوێنێک بەرژەوەندیی نیزام بکەوێتە مەترسی، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستنی نیزامەکەیان لە هەموو ئەو دروشم و کردەوانەی خۆیان پاشەکشەیان کردوە. هەروەک ئێستا لە شەڕی نێوان حەماس و ئیسرائیلدا بەئاشکرا پاشەکشەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە پشتیوانیکردنی حەماس و پرسی فەلەستین دەبیندرێ.

لە سەرەتای بە دەسەڵاتگەیشتنی نیزامی کۆماری ئیسلامی و لەپێناو وەدیهاتنی ئامانجی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی دەسەڵاتدارانی تاران بە هەڵگرتنی دروشمی "نە شرقی و نە غربی" کەوتنە پاڵپشتیکردنی هەموو حەرەکەت و جموجۆڵێکی گرووپ و ڕێکخراوی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا هەتا سەحرای ڕۆژئاوای ئەفریقا، ئەمریکای باشوور هەتا دەگاتە باکووری ئەفریقا. ئەم ڕەوتە وای کرد بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئێران بە دیاریکراوی ببێتە ناوەندی هەموو ئەو گرووپە تێرۆریستیانەی ناوچەکە و جیهان. لە تاران بێ ئەوەی سەرنج بدرێتە ئیدئۆلۆژیی ئەو گرووپانە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی سامانی گەلانی ئێرانیان بێ حیساب و کتاب بەخشییە ئەو گرووپ و ڕێکخراوانە و ئێستاش لەو سیاسەتە بەردەوامن. بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان وای کرد دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی شێوەی تێڕوانییان لە هەناردەکردنی شۆڕش و پشتیوانی لە ناڕازییانی وڵاتان بخەنە گرەوی مانەوەی نیزام. بەو مانایە ئەگەر پێشتر هەوڵیان دەدا بە شۆڕشی ئیسلامی کە خۆیان سەرکردایەتییان دەکرد جیهان بگۆڕن، هەر زوو تێگەیشتن کە پێوەندییە نێودەوڵەتی و نێونەتەوەییەکان و بەرژەوەندی دەوڵەتان و گەلان لەگەڵ ئەو ئامانجەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی یەک ناگرێتەوە و لە زۆر شوێن و جێگا لەگەڵی بەتەواوی لە دژایەتی‌دایە. بۆ نموونە دوای هەڵگیرسانی شەڕی ئێران و عێراق بەشێک لەو ڕێکخراوانە تێڕوانینیان لەسەر ئەو شەڕە وەک دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەبوو. وەک ڕێکخراوی ڕزگاریبەخشی فەلەستین بە ڕێبەریی یاسر عەرەفات کە لە سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنی کۆماری ئیسلامی، هاتوچۆی ئەو ڕێکخراوە بۆ تاران و دیتنی ڕێبەرانی سیاسی و مەزهەبی ئێران گەلێک زۆر بوو و تەنانەت وێنەگرتن لەگەڵ ڕێبەری ئەو ڕێکخراوەیە جۆرێک لە شانازی بوو بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی. بەڵام هەرکە ئەو ڕێکخراوە لە ئۆسلۆی پێتەختی نۆروێژ لەگەڵ ئیسرائیل گەیشتنە ڕێککەوتنی ئاشتی، دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی تاران ٣٦٠ دەرجە لە سیاسەتیان بەرانبەر بە ڕێکخراوی ئازادی‌بەخشی فەلەستین وەرسووڕان و پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەیە پچڕاند و کەوتنە دروستکردنی ڕێکخراوی هاوتەریب بۆ فەلەستینییەکان.

یان دوای تەواوبوونی شەڕی ئێران و عێراق و داماویی دەوڵەت و حکوومەت لە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی دوای شەڕ و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی ئاسایی بۆ خەڵکی ئێران، دەرکەوت کە ئەو نیزامە لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا تووشی قەیرانی مەشروعییەت بووە. بۆیە لە سەرەتاکانی دەیەی هەشتای هەتاوی دەسەڵاتدارانی نیزام وەخۆکەوتن کە سیاسەتی دەرەکییان دەبێ بکەوێتە خزمەت مانەوەی نیزامی کۆماری ئیسلامی. هەربۆیە مەیدانی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشیان لە ناوچەکەدا زیاتر چڕ کردەوە و هەوڵیان ئەوە بووە لە هەستی مەزهەبی گەلانی ناوچەکە بەتایبەتی مەزهەبی شیعە بە قازانجی ئەو ستراتیژییە کەلک وەربگرن و لەسەر دوو ئامانجی دیاریکراو ستراتیژیی دەرکییان داڕشت. یەکەم، هەوڵدان بۆ ڕووخاندن و لابردنی دەوڵەتانی وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە و لەنێوبردنی حاکمییەتی ئیسرائیل. دوویەم، دروستکردن و پێکهێنانی سازمان و ڕێکخراوی جۆراوجۆر و لەژێر ناوی مەزهەبی و دینی لەو وڵاتانە بۆ ئەوەی گرفت و کێشە بۆ دەوڵەتەکان دروست بکەن. ئەو سیاسەتە وای کرد کە دەوڵەتانی عەرەبی ناوچەکە پێوەندییەکی سارد و سڕیان لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلام‌دا هەبێ و هەموو کات بوونی نیزامی کۆماری ئیسلامی بە هەڕەشە لەسەر خۆیان دابنێن. بۆ نموونە دەوڵەتی میسر وەک دەوڵەتێکی گەورەی عەرەبی هەر لە سەرەتاوە پێوەندی خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پچڕاند و هەموو هەوڵێکی ئەوە بووە ئیزەن نەدا سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی بگاتە نێو خاکی ئەو وڵاتە. یان دەنا پێوەندییەکانی عەڕەبستانی سعوودی لەگەڵ ئێران لە ماوەی ئەو ٤٤ ساڵەدا گەلێک هەڵکشان و داکشانی بە خۆیەوە دیوە و تەنانەت زۆرجار گەیشتووتە ئاستی دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزی بە چەشنێک کە بۆنی شەڕی لێ هاتووە.

ئەوەی دوای ٤٤ ساڵ لە حوکمڕانیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ستراتیژی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران سەلماوە ئەوەیە کە ئەو سیاسەتە نەک سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکوو ئاسەواری شکان و ناکارامەییشی بەتەواوی دەرکەوتوە. لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و وڵاتانی ناوچەکە، ئێران بەچاوی دەوڵەتێکی سەرەڕۆ و پشتیوانی تێرۆریزمی نێودەوڵەتی و پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ چاوی لێ دەکەن و لەهەمان کاتدا بە هۆکاری دەستوێڕاگەیشتن بە چەکی ناوەکی و بەرنامەی مووشەکی و پشتیوانی لە ڕێکخراو و گرووپی تێرۆریستی لە بواری جۆراوجۆری ئابووری و سیاسییەوە هەم لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەم لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاوایی ئابلۆقەی ئابوورییان هاویشتۆتە سەر ئێران. ئەوەش وای کردوە لە ماوەی دەسەڵاتدارەیەتیی ئەو نیزامەدا ئێران بە سەدان میلیارد دۆلار زیانی پێ‌بگات و لە هەمان کاتدا سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش لەلایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە وای کردوە کە وڵاتانی عەرەبی کەنارەکانی کەنداوی فارس زیاتر لێک نزیک ببنەوە و شوڕای هاوکاری کەنداو پێک بێنن و بتوانن لەو ڕێگایەوە دەژایەتی سیاسەتە پاوانخوازییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا بکەن. ئەو بێ‌متمانەییە بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وای کردوە کە ئەو دەوڵەتانە لەگەڵ ئێران نەتوانن پێوەندی ئابووری و سیاسی ئاساییان هەبێ کە ئەوەش هەر زیانی گەورەی لە ئابووریی ئێران داوە کە بەداخەوە هەتا ئێستا دووکەڵەکەی چۆتە چاوی گەلانی ئێرانەوە.

ئاکامگیری لەو باسە ئەوەیە دوای ٤٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پێڕەوکردنی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران نەک هیچ گەل و نەتەوەیەک بە یارمەتیی کۆماری ئیسلامی لە دەست دەوڵەتانی زاڵم و سەرەڕۆ ڕزگاری نەبووە، بەڵکوو ئەو سیاسەتە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێڕان گیروگرفتی زۆری بۆ ئەو وڵاتانە دروست کردوە کە دەستی کۆماری ئیسلامییان وێ ڕاگەیشتوە. لە نێوخۆی ئێرانیش ئەو سیاسەتە بێجگە لەوەی گەلانی ئێرانی تووشی هەژاری و کەم‌داهاتی و زیادکردنی نەخۆشییە کۆمەڵاییەتیەکان کردوە لە بواری ئازادییە سیاسی و تاکەکەسییەکانیش ئێرانی کردووەتە زیندانێکی گەورە. بۆیە دەرنگ یا زوو هەموو ئەو دەستتێوەردانانە و قەیران‌خوڵقێنی دەسەڵاتدارانی تاران کە لە ماوەی ئەو ٤٥ ساڵە بەناوی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی و پشتیوانی لە "مستضعفان"ی جیهان بە گشتی و وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی کردوویەتی، پێی کۆماری ئیسلامی دەگرێتەوە و ڕق و بێزاریی پەنگ‌خواردووی گەلانی ئێران بە پشتیوانیی کۆمەڵگەی جیهانی و ئازادیخوازان بەڕووی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامەدا دەتەقێتەوە و تۆماری دەسەڵاتدارییان تێکەوە دەپێچن.



دوای ٤٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پێڕەوکردنی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران نەک هیچ گەل و نەتەوەیەک بە یارمەتیی کۆماری ئیسلامی لە دەست دەوڵەتانی زاڵم و سەرەڕۆ ڕزگاری نەبووە، بەڵکوو ئەو سیاسەتە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێڕان گیروگرفتی زۆری بۆ ئەو وڵاتانە دروست کردوە کە دەستی کۆماری ئیسلامییان وێ ڕاگەیشتوە

## ناسر ڕەزازی:

# ئەگەر وریا نەبین وەک چۆن لە تورکیە مێلۆدی کوردییەکانمان کراونە تورکی، لە ئێرانیش وامان بەسەر دێت

**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

**ئـامـاژە: سنە و مۆسیقا دووانـەی لێکدانەبڕاون و ئەوە کە سنە وەک شاری داهێنانی مۆسیقا لە ڕێکخراوی یۆنێسکۆوە تۆمار کراوە، نیشانەی زیندوویەتی و گەشەی مۆسیقیی کوردی لەو دەڤەرەیە. ئەم دەسکەوتە لەجێدا ئەو پرسیارانەش دەورووژێنێ کە ئەو ناسناوە چۆن بەدی هاتوە؟ ڕەوتی ڕوو لەگەشەی مۆسیقا لەو ناوچەیە بە چەند قۆناغدا تێپەڕیوە و لەنێو سەبک و دابەشبوونی بەسەر لکە جۆراوجۆرەکاندا کامیان ڕمێنیان زیاترە؟ مامۆستا ناسر ڕەزازی، گەورە هونەرمەندی بـواری مۆسیقای کوردی میوانی "کوردستان"ە و ئەم بابەتە لەگەڵ بەڕێزیان دێنینە بەرباس.**

**کـاک نـاسر پێـم خـۆشـە سـەرەتـا باسەکەمان بەم پرسیارە دەست پێ بکەین. وەک دەزانین سنە بە پێتەختی دەف لە دنیا ناسراوە و، لەلایەن یۆنێسکۆشەوە بە شاری داهێنانی مۆسیقی و لە ئێرانیشدا بە پێتەختی مۆسیقی ناسراوە. ئەمە یانێ شاری سنە و مێژوویەک لە مۆسیقی. ئێوە چۆن باس لەو مێژووە دەکەن؟**

ئەگەر باسێکی مێژوویی لە دیرۆک یان مێژووی مۆسیقای کوردی لە شاری سنە بکەین، مێژوویەکی وەهـای نییە و زیاتر ئەرمەنی، بەهایی، مەسیحی و جوولەکە ئاڵاهەڵگری مۆسیقای کوردی لەو ناوچەیە بـوون. سنە شارێکی زۆر کۆن نییە، ئەم سنەیەی ئێستا تەمەنی ٥٠٠ ساڵە، بەڵام قەڵاچوالان ١٣٠٠ ساڵ زیاترە و پێش ئەم شاری سنەیە قەڵاچوالان جێگەی دانیشتنی خەڵک بووە. دەفیش بەڕاستی چەند ساڵێکە هاتۆتە نێو مۆسیقای کـوردی و لەلایەن کامکارەکانیشەوە چووەتە نێو مۆسیقای ئێران. ناتوانین بڵێن فارسی، ئەبێ بڵێن ئێرانی چونکە مۆسیقیی ئێران نەکهەر مۆڵکی تەنیا فارس نییە، بەڵکوو مۆڕکەکەشی مۆرکی تەنیا مۆسیقیی فارسی نییە. مۆسیقیی ئێران پێکهاتووە لە مۆسیقای چەند نـەتـەوەی بندەست.

ئەگەر بگەڕێینەوە دواوە لە سنە شتێک بە نـاوی گرووپی مۆسیقی نـەبووە هەتا ئەوکاتەی ڕادیۆی سنە دامـەزراوە. دواتر کۆمەڵێک ژەنیاری ئەرمەنی و یـەک دوو موسوڵمان گرووپێکیان لە ڕادیۆی سنە داناوە خزمەتی مۆسیقای کوردییان کردوە. دەبێ ئـەو واقعییەتە بڵێم کە زۆر عەیب بووە لە سنە ئەتۆ ئەو سەردەمانە سازێکت هەڵگرتبایە و بچووبایەی بۆ ڕادیۆ و پێتیان گوتبا ئەوە ژەنیارە. یانێ خەڵک ئەو ڕێزەی نەبوو بۆ هونەر کە ئێستە بۆی دادەنێ. بۆیە مێژوو مۆسیقا لە شاری سنە دەبێ بکەین بە چەند بەش. چونکە سنەی ئەو سەردەمانە، سەردەمی سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی دەبێ بکرێت بە سەردەمێک یان قۆناغێک لە گۆرانی و مۆسیقای شاری سنە کە بەڕای من دوای سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی ئـەو شـێـوازە تـەواو بـوو و هیچکەس نەیتوانی جێگەی بگرێتەوە؛ وەک چۆن کەس نەیتوانی جێگەی مامۆستا حەسەن زیرەک و محەممەدی ماملێ بگرێتەوە. بەڵام چونکە ئێمە باسی سنە ئەکەین لە دوای سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی یەکێکی تر هاتووە کە دیارە نەیتوانیوە کێبەرکێ لەگەڵ سەید عەلی ئەسغەردا بکات و "ئا فـەزێ"ی ناو بووە. دوای ئەو دەتوانین بڵێین شێوازی سەید عەلی ئەسغەر، شێوازێکی زمانی یەکگرتوو بووە و دوای ئەو دەگاتە مەزهەری خالقی و قۆناغی ئەویش بە شێوازێکی مۆسیقی لە شـاری سنە دادەنـرێت. بـەڵام دەتوانم بڵێم تۆزێک پێش مـەزهـەری خالقی چەند گۆرانیبێژێکی دیکەمان هەبووە لە شاری سنە کە ئەمانەش کاتی خۆی توانیویانە خزمەتێک بە مۆسیقای کوردی بکەن، وەک "نەورۆزی"، "فەتانەی وەلیدی" و "حێکمەت نەوبەری" و... بەڵام بەداخەوە حێکمەتی نەوبەری هەر زوو بە گەنجی وازی هێنا و گۆرانی نەگوتەوە.



**وەختێک ڕێژیمێک یان حکوومەتێک ئامادە نەبێ دان بە بوونی میللەتێکدا بنێ، ئامادە نەبێ لە گەڵیدا دابنیشێ و لەسەر مافەکانی قسەی لەگەڵ بکا، چۆن ئێزن دەدا مۆسیقا و فەرهەنگی ئەو میللەتە گەشە بکا و بەرەوپێش بڕوات؟**

دواتـر دەگـەینـە قۆناغی هونەرمەندانی وەک "ناسری ڕەزازی"، "نەجمەی غۆڵامی"، "عەباسی کەمەندی" ، " یەدۆڵلا محەممەدی"، "مەرزییەی فەریقی"، "لەیلا فەرێقی"، "هانی مۆجتەهێدی" و ئەڵبەت کەسانێ تریش هەن کە باش لەبیرم نین. دیارە لەنێوان دەرکەوتنی مەزهەری خالقی و ئێمەدا چینێکی تر هەبوون وەک "ئێرەج عەندەلیبی"، "هووشەنگ شگرف"، "حۆجەتۆت سادات"، "شەهابی" و ئەمانەش کۆمەڵە هونەرمەندێکی تایبەت بەشاری سنە بوون کە هیچیان نەیانتوانی سنووری "کوردستان" ببڕن، سنووری کوردستان سێ گۆرانیبێژ بـڕی: سەید عەلیئەسغەر کوردستـانی، مـەزهـەر خالـەقی و فەتانە وەلیدی. بەڵام لە دوای فەتانەوە گۆرانیبێژانی وەکوو ناسری ڕەزازی و ئەوانەی کە ناوم هێنان توانیان سنوور ببڕن، بەڵام بۆچی؟ چوونکە سەردەمەکە جیاواز بوو.

**ئەدی دوای قۆناغی ئێوە؟**

لە دوای ئێمە چەند گرووپێکی کورد لە تـاران دەرکـەوتـن کە کاریگەریی زۆریـان لـە سـەر مۆسیقـای کـوردی هـەبـوو بۆ نموونـە کـامـکـارەکـان، عەندەلیبییەکان، سلێـمانپـوورەکـان، فـەرەجپـوورەکـان و، هـەروەهـا عـەزیز ئەتاعەتی هـەر چەند بە ڕەگەز کورد نەبوو، بەڵام خزمەتێکی زۆری بە مۆسیقای کورد کرد. جیاواز لە مە لەنێو شاری سنەش ئێمە مۆسیقای زەماوەند و هەڵپەڕکێمان هەبوو، دەهۆڵ و زۆڕنامان هەبوو کە ئەمانە لە خەتەنەسووران و لە زەماوەند و لە هاتنەوەی زاوا لە حەمام و بەربووک و ئەمانەدا دەوریان هەبوو. دیارە من تەنیا باسی شاری سنە دەکەم و ئەگەر بمانهەوێ مۆسیقای شـاری سنە دابـەش بکەین بـەڕاسـتـی زۆرە. لـەیـلاخ بەشێکی یەکجار گرینگە لە مۆسیقای شـاری سنە، پاشان هەورامی لە لایەک، جافی لە لایەک، لەلایەکیش مۆسیقای تەکیە و خانەقاکان لە سنە و پاشان مۆسیقای تازیەباری و پرسە و سەرەخۆشیمان هەیە و ئەوەش بۆخۆی بەشێکە. با ئەوەشم لەبیر نەچێت لە ساڵی ١٩٧٥ دوای شکانی شۆڕشی ئەیلوول تیپی شـۆڕش کە هاتن بۆ سنە لە تەلەڤیزیۆنی شـاری سنە چەند گۆرانییان بـڵاو کـردەو کە ئەوەش کاریگەرییەکەی لە سەر هونەری شاری سنە و دەورووبەری دانا و گۆڕانێکی تێدا وەدیهێنا. واتـە مۆسیقای کـوردی لە شـاری سنە چڵ و لقی زۆرە، بـەڵام دەبێ ئەو واقعییەتە باس بکەین کە بەداخەوە ئەو کاتانە سنە کوردایەتیی نـەدەکرد، بەڵکوو سوونگەرییان دەکـرد. بەڕاستی ئەگەر سنەیی سوونیگەری نەکردبایە بەڕاستی نەدەما. وەک حەسـەنی قزڵجی دەڵێ: ئەگەر ئەو شۆڕشەی ئێران نەکرابا کوردەکانی ئێران عەجەماوی دەبـوون بە تایبەت سنە بـۆ خـــوارەوە یـانـێ هـەسـتی کـوردایـەتـی ئەسڵەن نەبوو. سەیری ئەو جلوبەرگەش بکە کە بۆچی لـە سنە کـڵاوی پـاڵـەوی و کـۆت و پانتۆڵی کوردییان لـە بـەرە و لە سابڵاغ شەدە و بۆین باخ و کۆت و شەڵوار ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هەرای مەلا خەلیل و مەسەلەی ڕەزا شا کاتێک چوو بۆ تورکیە و هاتەوە و دەیهەویست لە ئێراناگۆڕانێک وەدی بێنێ. ئەوەی باسم کرد ئاماژەیەکی کورت بە مێژووی مۆسیقی لە شاری سنە بوو.

**جوغرافیای مۆسیقا لە پارێزگای سنە چۆنە؟ مەبەست دابەشبوونی بەسەر شێواز و سەبکەکانە و ئەوەکە کام سەبک و شێوازی هەژمۆنیی زیاترە؟**

زمـانـی ئـاخـاوتـنـی سنە پـێـکـهـاتـووە لە سێ زمـانـی کرمانجی، جافی، هـەورامـی، چونکە ئەمانە بن زاراوە نین وەک سنەیی، چونکە لەم سێیانەش پێکهاتووە پێی دەڵێن ئـەردەڵانـی. سنە چونکە لـە دابەشکردنی پارێزگاکان و جۆگرافیای ئێراندا بەداخەوە زۆر زوڵم کراوە و بەشێک لە کوردستانییان خستۆتە سـەر ئـازەربـایـجـان، سنە ئەبێ بـەخـاوەن چەند جـۆر مۆسیقی. هەرچەند هەورامی لە کۆنەوە هەر زاڵ بووە، بەڵام لەم سەد ساڵەی دوایدا سۆرانی سەری هەڵدا لە بەر ئەوەیکە بە هەموو کەموکوڕییەکانیەوە بـوو بـە زمانێکی سـتـانـداردی کـوردی لە دوای هەورامی. لە دوای ئـەوەش بەشێکی تری تێدایە کە دەتوانم بڵێم ئەم بەر بۆ ئەو بـەری سنە هەموو دانیشتووانەکەی وەک یـەک نین و وەکـوو یەکیش قسە ناکـەن. هەورامی تێدایە، ئەردەڵانی تێدایە، سۆرانی تێدا هـەیـە، پـاشـان لـە کۆنیشدا ئەرمەنی و جوولـەکـەشـی تـێـدا هـەبـووە کە ئـەوانـە بەڕاستی بناغەدانەری مۆسیقای کوردین لە شاری سنە. جوغرافیاکەش بەداخەوە ئێمە ئێستا ناتوانین هەروا بە خۆمانەوە دابەشی بکەین چوونکە بە هۆی ئەم دروستبوونەی پارێزگای کوردستانەوە کە ئێران بەناحەق دروستی کردوە و لە خـوارەوە کرماشانی لە کوردستاندا هەڵبڕیوە و لە سـەرەوە لە سـەقز بـەو لاوە هـەمـووی لـە کوردستان دابڕیوە و خستوویەتە سەر ئازەربایجانی غەربی، ئەمە ناحەقییە کە دەبێ لە داهاتوودا بۆی تێبکۆشین کە ئەمە جیا بکرێتەوە و بەداخەوە جۆغرافیاکەشیان لێ تێک داوین.

**تایبەتمەندییەکانی شـاری سنە بە پێوەری جیهانی چ بـوو کە وایـان کرد لەلایەن یۆنیسکۆوە وەک شاری داهێنانی موسیقا بناسرێ؟**

ئەم پرسیارە تۆزێک قورسە چونکە کورد لە ئێراندا نەتەوەیەکی بندەستەیە. ئێران وڵاتێکی چەند نەتەوەییە کە هەتا ئێستاش ئامادە نین بیپەڕژێنن و دانی پیدا بنێن و هەموو ئەو نەتەوانەش خاوەنی مێژوو و تایبەتمەندیی مۆسیقیی خۆیانن. خومەینی دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ ڕایگەیاند کە مۆسیقا حەرامە، بەڵام بە ڕای من بە قازانجی ئێمە تەواو بوو. چونکە لەنێو ئەو گێژاوەدا شتی باش کرا و دەنگخۆشی باش دەرکەوت. بۆ نموونە: کاتی خۆی کە لەنێو ئیسلامدا مۆسیقییان قـەدەغـە کـردوە، لـە تەکیە و خانەقاکاندا زمانی کوردی پارێزراو دەمێنێ. ئێمە ئەمڕۆ ئەو دەرفەتەمان نییە ئازادانە و بە یارمەتی و پاڵپشتێکی باشەوە وەکوو فارسەکان بتوانین کارەکانمان ببەینە پێشێ. هەر چەند ئەوانیش کێشەیان هەیە، بەڵام ئێمە هەر وێران و داماو کراوین و، ئەگەر کارێک بکەین دەبێ بە حەوتخانی ڕۆستەمدا تێپەڕین، ئەشێ سەریان بۆ دانەوێنین، بەڵام ئەوە ناکەین. بەڕاستی لەو ماوەیەشدا کە ئەو هەمووە دەنگخۆشانە دەرکەوتن گرفتی زۆریان بۆ دروس کردوون، لەحاڵێکدا ئەگەر وریا نەبین وەکوو وڵاتی تورکییە کە مێلۆدی کوردییەکانمان دەکـەنـە تـورکـی، هەمیشە ئەو مەترسییە لەسەر مۆسیقیی کوردی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بووە. ئەوکات ئەشێ ئێمە چی بکەین، چۆن بیانهێنینەوە، وەک چۆن ئێستا دەف ئیتر لە مۆڵکی کورددا نەماوە، ئێستا دەف لە ئێرانا بە ئامێرێکی فـارسـی دادەنــرێ، لـە کاتێکدا ئی کـوردە. ئەمن پێم وابێ بندەستیی کورد، نەخوێندنی کورد بە زمانەکەی خۆی و نەبوونی ئازادی و دێموکراسی و زۆر شتی دیکە لە باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و....هتد ڕێگر بـوون لـەوەی وەک میللەتێکی ئـازاد کارەکانمان بکەین. هەر لەبەر ئەوە مەیدانی باشمان بۆ نـەڕەخـساوە، بـەڵام سـەرەڕای ئەوەش کاری باش کراوە. بەڵام لە وەڵامی ئەوەدا کە چۆن سنە دەبێتە پێتەختی دەف، هۆکـارەکـەی بۆ شـارەزایـی دەفـژەنــان لە مێژووی مۆسیقیی ئەو شارەدا دەگەڕێتەوە. دەف ئی خانەقاکانی سنە و شـارەکـانـی تریشە، بەڵام لە سنە بایەخی زۆری پێ درا. بیژەنی کامکار وەک یەکەمین کەس لەنێو گرووپەکەی خۆیاندا فێری ئەم سازە بوو، و بەشێوەی زانستی و ئاکادێمیک ئەمەی بردە نێو مۆسیقای ئێرانی. ئەمە بوو بە هۆکاری ئەوەیکە سنە بکرێتە پێتەختی دەف و ئێستا ئیدی دەف گەیشتۆتە تورکیە و زۆرێک لە وڵاتانی دیکەش.

**ئەم هەڵبژاردن و دیاریکردنە وەک شاری داهێنان، یان پێتەختی دەف و مۆسیقی لە چ ڕوویەوە دەرفەت و دەسکەوتی بۆ گەشەپێدان بە هونەر و موسیقای ڕەسەنی کوردی ڕەخساندوە؟**


من پێم وابێ ئەم هەڵبژاردنە شتێکی وای نەڕەخساندوە تەنیا ناوێکە و بە هەرحاڵ وەکوو شانازی براوە بە سەر ئەم شارەدا، دەنا ئەمە بە واتای ئەوە نییە کە شارەکانی دیکـەی کـوردسـتـان دەفـژەنـی تـێـدا نییە. هـەر لە ئیلامەوە بگرە هەتا ئەگاتە ورمێ و بۆ سـەرەوە ئێمە باشترین دەفـژەنمان هـەیـە، بـەڵام دەتـوانـم بڵێم لـەسـەرەتـادا لە سنە دەفـژەنـــی بـاش هـەڵـکـەوت. بـەڵام من پێم وانییە کۆماری ئیسلامی ڕێگە بدا لەلایەن ئەو ڕێکخراوانەوە و لەوسۆنگەیەوە یارمەتییەک بگاتە هونەرمەندانی کورد بۆ پێشخستنی مۆسیقای کوردی. هەرچییەکێش بنێردرێ ناگات، هەر وەکوو یارمەتییەکان بۆ بۆمەلەرزەلێدراوەکانی کوردستان کە لەلایەن وڵاتانی دیکەوە دەهات و نەدەگەیشتە دەست خەڵکەکە و خۆیان دەیانخوارد. ئێمە دەبێ خۆمان تێبکۆشین و کارێک بکەین برینی خۆمان سارێژ بکەین دەنـا هیچ کـەسی تر ناتوانێ ئەو کارە بکا. ئەگەر کورد بڕوای بەخۆ بێت و ئەگەر حیزبەکان سـەرەڕای جیاوازییەکانیان یەکگرتووبن دەبێ کارێک بکەین کە خۆمان بین، خۆمان برینی خۆمان سارێژ و چارەسەر بکەین. بۆ نموونە من لە گـەڵ هێندێک هونەرمەند قسەم کردوە ئەڵێن کاکە چی بکەین؟ مەجبوورین بڕۆین لە زەماوەندەکان و بۆنەکاندا گۆرانی بڵێن، دەنا ئەگەر بمانهەوێ کارێک بکەین بەر لەوە داوای ئەوەمان لێ دەکـەن بڕۆین لە بۆنە و ڕێوڕەسمەکانیاندا بەشدار بین. ئەوەیە وەختێک ڕێژیمێک یان حکوومەتێک ئامادە نەبێ دان بە بوونی میللەتێکدا بنێ، ئامادە نەبێ لە گەڵیدا دابنیشێ، چۆن ئێزن دەدا مۆسیقا و فەرهەنگی ئەو میللەتە گەشە بکا و بەرەوپێش بڕوات؟ بە کوردییەکەی ئێمە دوو براین، کاکە باوکمان مردووە یان دەبێ ئێحترامی یەک بگرین وەکوو یەک پێکەوە بژین یا دەبێ ماڵەکە بەش کەین و تۆ بە ڕێی خۆت و منیش بەڕێی خۆمدا. ئەگەر کورد لە ئێرانا ڕێز و حورمەتی بۆ دابنرێ و دەرجە دوو دەرجە سێ نەبێت و، وەکوو فارس و ئازەری و هەموو وەکوو یەک لە ژێر یەک ساباتدا بژین و زمانی فارسییش بە زەبری زۆر بەسەر خەڵکدا نەسەپێندرێ، ئەم نەتەوەگەلەوە وەکوو بنەماڵەیەک پێکەوە بژین، وڵاتێک بێ کە دێمۆکراسییەتی تێدا بێ و دوور بێ لە ئێعدام و بەدبەختی و چارەڕەشی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە؛ من بۆ ئـاوا دەبـم؟ بـەڵام وەختێک ئەوان ڕێزم ناگرن، وەختێک منیان قەبووڵ نییە، کوا دەیـانـهـەوێ و دەهـێـڵـن هـونـەرەکـەم، مۆسیقییەکەم، نووسینەکەم و فەرهەنگەکەم گەشە بکات؟ نەخێر هەتا ئێستا ڕێگەیان نەداوە و هەمیشە بەو شێوەیە لەگەڵ کورد هەڵسوکەوتیان کردوە.

**سنە لە چوار دەیەی ڕابردوودا هەموو کاتێک لـەلایـەن دەسـەڵاتـی تـارانـەوە بە چـاوی ئەمنیەتییەوە سەیر کـراوە. بـەڕێـزتـان چـۆن بـاس لـە کاریگەریی ڕوانگەی ئەمنیەتیی ڕێژیم بۆ سنە لەسەر پێگەی مۆسیقی و هونەری کورد لەو شارە دەکەن؟**

بەڵێ سنە دەمێکە لەژێر زوڵـم و ستەم و چـەوسـانـدنـەوەدایـە. یانی نەتەنیا سنە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی و سنەش بەتایبەتی لەم چەند ساڵەدا ئارامی و خۆشی بە خۆیەوە نەدیوە و ئەمە شتێکی تازە نییە. سنە لەم ڕێگەیەدا قوربانیی زۆری داوە هەر لە سەردەمی سەفەوی و قاجارەکان و پاڵەوی و هەتا ئێستا؛ هەرچەند سەفەوییەکان خۆشیان کورد بوون. بەڵێ نەتەنیا دەسەڵاتەکانی پێش ترو ئێستاش جگە لەوە حیسابی بۆ دەکەن بەڵکوو لێشی دەترسن لەبەر ئەوەیە کورد دەیەوێ وەک ئینسانێکی ئازاد لەو وڵاتەدا بژی و نایهەوێ بندەستە بێت. نایهەوێ وا چاوی لێ بکەن کە لە شارەکانی دیکەوە خەڵکی بۆ بێنن وەکوو شارەدار و پارێزگار و... . ئێمە باشترین ژن و پیاوی ئازا و تێگەیشتوو.....

درێژە بۆ لاپەڕەی ١٠

## هەگبەی شاخ و شۆڕش



# لە حوجرەوە بۆ مەتەرێزی پاراستنی خاک و نیشتمان

## فەقێ ڕەسووڵ میرانیان-پیرەباب



برایم چووکەڵی

ئوستوورەکان ئەوانەن حیکایەتی سەروەریی خاک و خەڵکەکەیان بە خوێن و گیانی خۆیان نووسیوەتەوە. لە مێژووی خەباتی حیزبی دێموکراتدا دەتوانین بڵێین هەموو پێشمەرگەکان ئوستوورەن. یەکێک لەو ئوستوورانەی لە "هەگبەی شاخوشۆڕش"دا ڕێز لە یاد و ناوی دەگرین شەهید فەقێ ڕەسووڵ میرانیان ناسراو بە "پیرەباب"ە لە ناوچەی سەردەشت.

فەقێ ڕسووڵ ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی لە ئاوایی نێوچوان لە ناوچەی سوێسنایەتیی سەردەشت لە ئامێزی بنەماڵەیەکی وەرزێر و جوتیاردا لە دایک بوو. ڕەسووڵ وەک زۆربەی منداڵانی گوند لەنێو باخ و باخات و ڕەز و لێرەوارەکاندا وێڕای منداڵانی دیکە گەورە بووە و دواتر لە بەرنەبوونی قوتابخانە لە گوندەکەیان نێردراوەتە حوجرەی فەقێیان و لە حوجرە فێری خوێندن و نووسین و زانستە ئایینییەکان بووە. هەر لە کاتی خوێندنی زانستە ئایینییەکاندا لەلایەن مامۆستاکان و ئەوانەی لە خۆی بەتەمەنتر بوون فێری وانەی کوردایەتی بوو و دواتر لە ڕێگای شەهید مەلا ئاوارەوە ئاشنایەتیی لەگەڵ شۆڕش و حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیدا کرد و بووە ئەندامی حیزب.

فەقێ ڕەسووڵ بە هۆی گوشاری ڕێژیمی پاشایەتی بۆ سەر حوجرەکان لە ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی ڕێگای باشووری کوردستانی گرتەبەر و بووە پێشمەرگەی چەکلەشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. هەر ئەوکاتەی بووە پێشمەرگە، ناوی نەهێنیی پیرەباب بۆ فەقێ ڕەسووڵ دیاری کرا و لەو کاتەوە هەموو کەس فەقێ ڕەسووڵی میرانیان بە پیرەباب ناسی و ئەو ناوە بووە ناوێکی ئاشنا و جێگای باوەڕی خەڵکی ناوچەی سەردەشت.

پیرەباب لە شۆڕش و ڕاپەڕینی چەکداریی ساڵەکانی ١٣٤٧ – ١٣٤٦دا لەگەڵ شەهیدان مەلا ئاوارە و قادر شەریف و کۆمەڵێک لە کادرەکانی حیزبی هاتەوە ناوچە و بەهۆی شارەزایی لە ناوچەکەدا تیمەکانی هێزی پێشمەرگەی هەڵدەسووڕاند. لە شەڕی بەناوبانگی سەرشیودا لەگەڵ شەهید قادر شەریف و هاوسەنگەرانی دیکەی زەبرێکی قورسیان لە پەیکەری لەرزۆکی ژاندارمە و جاش و ساواکییەکانی شا دا. پیرەباب لەم شەڕەدا ڕۆڵی سەرەکیی گێڕا و هەربۆیە دوای ئەم شەڕە یەکێک لەو شوێنانەی قارەمانەتیی لێ نواندبوو، ئێستاش بە ناوی شاخی پیرەباب دەناسرێ. شەهید پیرەباب لە هەموو ئەو جەوڵانەی لە ساڵانی ١٣٤٧- ١٣٤٦دا لە ئارادا بوون بەشدار و نەخشی کاریگەری هەبوو. دوای ئەو قۆناخە وەک زۆربەی کادر و فەرماندەکانی دیکەی حیزب لە باشووری کوردستان مایەوە و وێڕای بەخێوکردنی ماڵ و منداڵی ئەرکی پێشمەرگایەتیشی بەڕێوە برد.


پێش دەستپێکردنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران پیرەباب لەگەڵ کادر و پێشمەرگەکانی دیکە گەڕانەوە نێوخۆی وڵات و لە یەکەم ڕێکخستنی هێزەکانی پێشمەرگەدا پیرەباب لە هێزی شەهید موعینی وەک فەرماندەری لکی یەکی شەهید مەحموود زەنگەنە دیاری کرا. لکی یەک بەهۆی لێهاتوویی و ئازایەتی و لێوەشاوەیی پیرەباب بووە یەکێک لەو لکانەی لە هەموو شەڕەکانی ناوچەدا بەشدار بوو و لێوەشاوەیی و چالاکیی ئەو ڕۆڵە بە بیروباوەڕەی دێموکرات زۆر زوو دەرکەوت، بە جۆرێک کە لە ماوەیەکی کورتدا بەشداریی بەربەرەکانییەکانی دژبە هێزەکانی ڕێژیمی کرد و بەحەق حەماسە و قارەمانەتی لە دەفتەری بیرەوەریی پێشمەرگەی کوردستاندا تۆمار کرد. شوێنە جۆراوجۆرەکانی ناوچەی سەردەشت شاهیدی حەماسەخوڵقاندنی ئەو شێرەکوڕەی دێموکراتن. بەتایبەت لە گرتنی مۆڵگەکانی گوندی "باغی" و "قوڵتێ"دا ڕۆڵێکی گرینگی لەو سەرکەوتنەدا گێڕا. پیرەباب لە شەڕەکانی نێو شاری سەردەشت و ڕێگاکانی سەردەشت-بانە، سەردەشت-ڕەبەت، سەردەشت-پیرانشار و گوندەکانی ئەو ناوچەیەدا بوێرانە بەشداریی کرد. ئەو لە هەموو مەئمورییەتەکاندا بێ سێودووکردن ئامادە بوو و ئەرکە پێسپێردراوەکانی بەوپەڕی شارەزاییەوە ڕادەپەڕاند.

هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە مەڵبەندی سەردەشت بەهۆی ئەو زەبرانەی لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە لێی کەوتبوو، بەتەواوی لە هاتوچۆ خۆی دەپاراست و لە ڕێگای هێلیکۆپتێرەوە ئازووقە و تداروکاتی خۆی دەگەیاندە هێزەکانی خۆی. هێزەکانی دوژمن بۆ ئەوەی جادەی سەردەشت-پیرانشار بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە هێزێکی زۆر و پۆشتەوپەرداخیان کۆ کردەوە و پەلاماری گوندەکانی شینوێ، وشترمل، گۆرانگان، توژەڵ، گەڵو، زێوە، کاژێ، هەڵوێ، بێشاسپ، بناوێ، شیوەسەڵ و گوندەکانی ئەو ناوچەیە دا. هێرشی دوژمن بە ڕادەیەک بەربڵاو بوو کە هێزی پێشمەرگە بۆ پێشگیری لە هاتنەپێشی زیاتری دوژمن بە سەر چەندین دەستە و پەل و تیمدا دابەش بوون و هەروەها هێزی بەرگریی خەڵکیش وێرای کادر و پێشمەرگەکان بۆ بەرگری بەشدارییان کرد. پەلاماری دوژمن چەند ڕۆژ درێژەی کێشا و دوژمن لە هەموو هێرشەکانیدا لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە بەرپەرچی درایەوە و تێکشکێندرا. لەو شەرە حەماسییەدا زیاتر لە سەد کوژراو لە هێزەکانی دوژمن لە بەرەکانی شەڕدا بەجێ ما. لە ماوەی شەڕی چەند ڕۆژەی نێوان هێزی دوژمن و هێزی پێشمەرگەدا بەداخەوە ڕۆژی ٨ی خەزەڵوەری ١٣٦١ دوای بەرگرییەکی چەند ڕۆژە و سەخت لە شوێنێک بە ناوی چەکۆ لە پشت ماڵی بێشاسپ بە داخێکی گرانەوە گوللەی دوژمن پیرەبابی خۆشەویستی گەل و نیشتمانی پێکا.

پیرەباب دوای شەهیدبوونی لەنێو خەم و پەژارەی کادر و پێشمەرگە و خەڵکی گوندەکانی ناوچە و گوندی نێوچوان لە زێدی لەدایکبوونی خۆی بە خاک سپێردرا.




# پێشمەرگە (پێناسە و ئامانجەکانی)



پژمان شەریعەتی

هەتا ناوی پێشمەرگە دێت لە زەینی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری، ڕۆڵەیەکی ئازا و گیانفیدا وێنا دەکرێت. بەڕاستی وێنای پێشمەرگە لە زەینی تاکەکان، لەگەڵ کەسایەتیی خودی پێشمەرگە چ وەکوو سیما و چ وەکوو ئەندێشە و باوەڕی چەندە نیزیکن لە یەک؟ چۆن دەتوانین پێشمەرگە پێناسە بکەین؟ وەکوو پێناسەیەکی سەرەکی بە بەردەوامی باس لەوە کراوە کە پێشمەرگە ڕۆڵەیەکی شۆڕشگێڕە کە بۆ نەتەوەکەی خەبات دەکات و ئامادەیە لەو پێناوەدا گیانی خۆی بەخت بکات. بەڵام ئایا ئەمە تەنیا پێناسەیەکە کە دەتوانین لە پێشمەرگەی بکەین؟ بێگومان نا.

پێشمەرگە هەم لە بواری وشە و هەم لە بواری کەسایەتییەوە، هەڵگری فەلسەفەی تایبەت بە خۆیەتی کە لە هیچ نەتەوەیەکی دیکەی دونیا ناتوانین نموونەی بۆ بینین و لەڕاستیدا بەشێکی سەرەکی لە فەلسەفەی مێژوویی، فەرهەنگی، سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستانە و کەسایەتییەکە کە وەکوو تاک هەڵگری چەندین ڕەساڵەتە. لەڕاستیدا پێشمەرگە بۆخۆی کۆمەڵگەیەکە.

ناوی پێشمەرگە بۆخۆی بەو واتایەیە کە تاکێک، مەرگی خۆی پێش مەرگی تاکێکی دیکە بکات، بۆ ئەوەی کە ئەو تاکە ناوی بمێنێتەوە. لە فەرهەنگی کوردەواریدا بۆ دەربڕینی خۆشەویستی دەگوترێت: "مەرگم وەپێش مەرگت کەوێ". ئەمە بەو واتایە دێت کە ئەو تاکە ئاوات دەخوازێ زووتر لە خۆشەویستەکەی بمرێت هەتا مەرگی ئەو بە چاوی خۆی نەبینێت. هێندێک جاریش باس لەوە دەکەن پێشمەرگە ئەو کەسەیە کە بە پێشوازی مەرگ دەڕوات و لە مردن ناترسێت کە لەڕاستیدا ئەم واتایە لەگەڵ ماهییەت و فەلسەفەی پێشمەرگە ناگونجێت و ئەگەر بەو شێوازە پێشمەرگە پێناسە بکەین هەڵەمان کردوە. چونکە پێشمەرگە بە پێشوازی ژیان دەڕوات و هەموو هەوڵ و تێکۆشانی بۆ مان و بەردەوامی ژیانە بە مانا فەلسەفی و بوونەکەی. پێشمەرگە ناوێکی کوردانە و هەڵقوڵاوی هەستێکی ئەویندارانەیە کە هەم واتا دەبەخشێت بە ژیان و هەم بایەخ، بە شێوازێک کە دەتوانین بڵێین پێشمەرگە یانی ژیان.

یەکێکی دی لە خاڵە سەرەکییەکان پێوەندیدار بە ناوی پێشمەرگە ئەوەیە کە، ئەم ناوە هەڵگری باری ڕەگەزی نییە. بەو واتایەی کە ناوی پێشمەرگە دێت، تەنیا یەک ڕەگەز وەکوو نێر یان مێ لە زەیندا وێنا ناکرێت، بەڵکوو کەسایەتییەک پیشان دەدات کە ئەندێشە و کرداری لە سەرووەی هەموو پێناسەکاندا جیا لە هەر ڕەگەزێک بێت. بەڵام ئەگەر بمانەوێ بەدەر لە ناو، بچینە سەر ماهییەت و فەلسەفەی پێشمەرگە، بابەتەکە زۆر بەرینتر و پێویستی بە تێفکرینی زیاتر دەکات و واتاکردنی پێناسەی پێشمەرگە، هەموو بەشەکانی ژیانی نەتەوایەتی کورد لە خۆی دەگرێت.

لەو کاتەوە کە کوردستان داگیر کراوە، بە بەردەوامی ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتە لە تێکۆشاندان بۆ ئەوەی وڵاتی خۆیان لە بندەستی ڕزگار بکەن و بەپێی جیهانبینی خۆیان وڵاتەکەیان ئیدارە بکەن و بەرەو پێش ببەن. لەم ڕەوتە قوربانی زۆر دراوە و بە هەزاران تاکی کورد لەو پێناوەدا گیانیان بەخشیوە و وەکوو پارێزەرانی وڵات بەردەوام بوون. بەڵام کاتێک کە ناوی پێشمەرگە دێت، تەنیا پارێزەرێکی وڵات نییە. بەو واتایە کە پێشمەرگە هێزێک نەبووە لە سەردەمی شەڕە کلاسیکەکان، وەکوو کەماندار یان نێزەدارێک بێت. یان وەکوو سەرباز، ئەرکی بەرگریکردن و لە کاتی شەڕ هێرشبەر و کاتی هێرشی هەبێت و شەڕ کۆتایی پێ بێت هیچ ئەرکێکی دیکەی نەبێت جیا لە خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕێکی دیکە. هەروەها لە سەردەمی مۆدێرنیتەشدا، هێزێک نییە کە وەکوو ئەرتەش تەنیا بۆ بەشێکی تایبەت لە هەر شەڕێکدا فێرکرابێت و ئەرکی ئەوە بێت لە کاتی ڕوودانی شەڕ بە دژی وڵاتەکەی یان هاوپەیمانانی وڵاتەکەی بێتە مەیدان و بە کەلکوەرگرتن لە کەرەستە سەربازییەکان و چەکوچوڵ، بەشدار بێت و لە ئەگەری سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی وڵاتەکەی ئەرکەکەی کۆتایی پێ بێت.

بەو پێناسەیە پێشمەرگە، نەک هێزێکی کلاسیکی شەڕ و نە سەربازیی ئەرتەشێکی مۆدێرنە. لێرەدایە کە پێناسەکردنی پێشمەرگە ئەستەم دەبێت، چونکی باس لە هێزێکە لە هیچکام لە پێناسەکانی هێزە وڵاتپارێزەکانی جیهاندا ناگونجێت. تەنانەت وەکوو چریک یان پارتیزان و شەڕڤان، میلیشیا و لەشکری نامونەزەم ناتوانین پێناسەی بکەین. چونکە پێناسەی ئەوان هێزێکی نافەرمی چەکدارە کە بە هێندێک تاکتیکی تایبەت لەپێناو وڵات، داگیرکاریی یان بەگژداچوونەوەی داگیرکەر، ئیدئۆلۆژییەکی تایبەت و تەنانەت تیرۆر، لە شەڕدا بەشدار دەبن و هەمووی لە خانەی چەکداری شەڕکەر جێگیر دەبن.

لەم باسەدا پرسی وڵات ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت، لەبەر ئەوەی ئەو نەتەوانەی سەربەخۆن و خاوەن کیانی تایبەت بە خۆیانن و لە جیهانی ئەمڕۆش خاوەن هێزێکی سەربازی تایبەتن و لۆگۆ، پلە و پایە و ڕێکخستنی خۆیان هەیە و لەلایەن وڵاتەکانی دیکەشەوە بە فەرمی ناسراون، هەرچەند لەو وڵاتانەش هەوڵ دراوە و دەدرێت کە جیا لە ئەرتەش و سپای سەرەکی وڵات، هێزێکی تایبەتیش بوونی هەبێت. ئەو نەتەوانەش کە سەربەخۆ نین و بۆ کیانی تایبەت لە خەباتدان، هێندێک هێزیان هەیە وەکوو پارتیزان کە بۆ گوشارخستنەسەر دەسەڵات چالاکی سەربازی دەکەن. بەڵام پێشمەرگە، هیچکام لەو هێزانە نییە، هەرچەند کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە بەڵام پێشمەرگە هیچکات نەبووەتە تەنیا هێزێکی پارتیزانیی کە تەنیا بە چالاکی سەربازی لە مەیداندا بێت. مەیدانداری و پێشەنگایەتی پێشمەرگە هەڵدەگەڕێتەوە سەر بابەتی هزریی و ئەندێشەی ئەو تاکە و لێرەدایە کە دەتوانین پێناسەی بکەین. واتە دەبێت لە ڕووی هزری پێناسەی بکەین، ئەوەیش بەو واتایە نییە کە تەنیا وەکوو بیرمەندێک پێناسەی بکەین چۆن بابەتەکە هزرییە، بیرمەندبوونیش یەکێک لەو خاڵانەیە کە لە پێناسەی پێشمەرگە دەتوانین بیهێنین، بەڵام ناتوانێ وەکوو واتا یان پێناسەی یەکلاکەرەوە بێت. بۆ ڕوونترکردنەوەی بابەتەکە چەند نموونە لە هێزە سەربازییەکان و هێزە فکرییەکان دێنین و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکەین لەگەڵ پێشمەرگە و لە جیاوازییەکاندا پێشمەرگەمان باشتر بۆ پێناسە دەکرێت.

هەروەک ئاماژەمان پێ کرد، لە بەشێک لە نەتەوەکانی جیهان هێزی وڵاتپارێزیی وەکوو شوالیەکان، ساموورایییەکان و ... هتد ئەو جۆرە بیرکردنەوەیان بووە. بۆ نموونە شوالیەکان تەنیا بەشێک لە سوارەکانی هێز بوون کە زۆرینەیان لە کەسایەتییە فیۆداڵ، ئەشراف و مەزهەبییەکان بوون و دەبوو لەو کەسانە بن کە دارایی زۆریان هەبێت و لە منداڵییەوە دیاری کرابن بۆ ئەوەی بگەنە پلەی شوالییە و لەڕاستیدا چینێکی تایبەت لە کۆمەڵگەی ئەوکاتی ئوروپا بوون. ساموورایییەکانیش هەر بەو شێوازە لە فیۆداڵەکانی وڵاتی ژاپۆن بوون و چین و توێژەکانی دیکە بۆیان نەبووە کە ببنە ساموورایی، هەرچەند ئەمانیش وەکوو شوالیەکان شەڕڤانانی جێگای شانازی نەتەوەی خۆیان بوون و هەن. بەڵام لەنێو ساموورایییەکاندا هێندێک یاسای تایبەت هەیە و لادان لەوانە مومکین نەبووە و گرێدراو بە ئیمپراتوور یان کەسایەتی و سەرۆک بوون.

لە هەڵسەنگاندنی ئەم دوو نموونە لەگەڵ پێشمەرگە و جیاوازییەکانیان لەگەڵ یەکتری بۆمان دەردەکەوێ کەسێک کە دەبێتە پێشمەرگە پێویست ناکات تەنیا لە چینی فیۆداڵ بێ و بەپێی سەرمایەی پلە و پایەی پێ بدەن و وەکوو پێشمەرگە ناودێر بکرێت. لە شەڕەکانیشدا تەنیا بەشێکی تایبەت لە هێزی شەڕ بێت. بۆ نموونە وەکوو سوارەکان، یان دیدبان و تەنانەت فەرماندە لە هێزی پێشمەرگەدا لە فەرماندەی هەرە بەرزە تا بەشی لۆجیستیک هەموو پێشمەرگەن. یان وەکوو ساموورایییەکان فەرمانبەری کەسایەتییەکی تایبەت نین، بەڵکوو پێشمەرگە خاک، ئاڵا، وڵات و بەرژەوەندی نەتەوەیی بۆی لە سەرەوەی هەموو شتێکە. پێشمەرگە ڕێبەر و فەرماندەی هەیە و لە چالاکی سەربازی خۆیدا سانتڕالیزم لەبەرچاو دەگرێت. بەڵام فەرمانبەر و جێبەجێکاری ئەمر و ڕاسپاردەی بێ ئەوملاولای هیچ تاکێک نییە و تەنانەت یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی هێزی پێشمەرگە ئەوەیە ڕێبەرایەتی و فەرماندەکانیش خۆیان هەر پێشمەرگەن.

لە ڕووی هزریشەوە زۆربەی نەتەوەکانی جیهان، شووڕا، گرووپ، ڕێکخراو و حیزبی سیاسییان بووە و هەیە کە کاریان ئەوەیە بە خوێندنەوەی تایبەت و بۆ سەرکەوتنی نەتەوەکەیان پلان داڕێژن و وەکوو ئیدئۆلۆگ و ژووری هزری بۆ وڵاتیان چالاکی دەکەن. ئەم ڕێکخراوانە چ دەسەڵاتدار بن لە چوارچێوەی دەوڵەت چ وەکوو ڕێکخراوێکی خەڵکی یان وەکوو ئۆپۆزیسیۆنی دژبەر بن، تەنیا کاریان داڕشتنی پلان، بەرنامە و پێڕەو و نەخشەڕێگایە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بێ.

لێرەیشدا ناتوانین بڵێین پێشمەرگە تەنیا ئەندامی ڕێکخراوێکە و تەنیا بە چالاکیی سیاسی و مەدەنی بیناسین و وەکوو ئیدئۆلۆگ پێناسەی بکەین و چاوەڕوانی ئەوە بین کە پلاندارێژ بێت. پێشمەرگە کە تەنیا ببێتە پلاندارێژ، ئەدی جێبەجێکار و هێزی بەڕێوەبردن و بە ئەنجامگەیاندنی ئەو پلانانە دەبێ کێ بێت؟ لەو چەشنە چالاکی هزریانە لە چوارچێوەی سیاسی و مەدەنی چەندین کەسایەتی و پلەبەندی یاسایی وەکوو، ڕۆژنامەنووس، هەواڵنێر، ڕاوێژکار، پاڕلمانتار، شرۆڤەکار و ...هتد دیاری کراون، پێشمەرگە دەتوانێت هەموو ئەوانە بێت، بەڵام ناتوانین پێشمەرگە تەنیا وەکوو شرۆڤەکارێکی سیاسی یان ڕۆژنامەڤان پێناسە بکەین و وەکوو تاکێکی تەنیا مەدەنی یان سیاسی بیناسین. لەلایەکی دیکەوە جیا لەم چین و توێژانە و پلەبەندی کۆمەڵایەتییان، بە هیچ شێوازێک پێشمەرگە لە چینی گشتی (عام)ی کۆمەڵگە نییە، بەڵکوو چینێکی هەرە تایبەت یان بڵێین بێوێنەی کۆمەڵگەی کوردستانە. بەو واتایە کە پێشمەرگە دەتوانێت کاری ڕۆژنامەڤانی بکات، بەڵام هەموو ڕۆژنامەڤانێک ناتوانێت ببێتە پێشمەرگە.

خاڵی جەوهەری لێرەدا ئەوەیە هەموو کەسێک ئەو توانایییەی نییە کە ببێتە پێشمەرگە، توانایی بەو واتایە کە لە ڕووی هزری، جەستەیی، دەروونی، ڕەفتاری و کرداری بتوانێت هەڵگری کەسایەتیی پێشمەرگە بێت. ئاماژەمان بەوەش کرد تایبەت بە قشرێکی نێو کۆمەڵگە نییە، هەموو چین و توێژەکان دەتوانن ببن بە پێشمەرگە. کرێکار، مامۆستا، ئەندازیار، پزیشک و پاڕلمانتار، خوێندەوار و نەخوێندەوار و ...هتد دەتوانن بە ڕیزەکانی پێشمەرگە پەیوەست بن. واتە پێشمەرگایەتی گرێ نەدراوە بەو پلەبەندییانە کە کۆمەڵناسان یان خودی کۆمەڵگە باسیان دەکات. هەموویان بەبێ جیاوازی خاوەنی یەک کەسایەتی یاسایی و فەرهەنگی دەبن بەناوی پێشمەرگە، ڕەنگە لە ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە بۆ بەڕیوەبردنی کارەکان، پلە و پایە و ئەرکی جیاواز وەرگرن، بەڵام لە بواری کەسایەتی وەکوو پێشمەرگە دەیانناسن و مافی بەرامبەریان هەیە. واتە ئەگەر ئەم کەسایەتی پێشەمەند و توێژانە، هەڵگری پێوەرەکانی پێشمەرگەبوون بن کە لە سەرەوەی هەموویان پێوەرە هزرییەکانە، دەتوانن ببنە پێشمەرگە. بەڵام دووپاتی دەکەمەوە هەموو کەسێک توانایی پێشمەرگەبوونی نییە و پێوەندیی بە بنەماڵە، عەشیرە، سینف و هیچ پلەبەندییەکی نییە.

***

**(بەشی دووهەم و کۆتایی ئەو بابەتە لە ژمارەی داهاتوودا بڵاو دەبێتەوە)**

کوردستان
• ژمارە: ٨٦١
٣٠ی سەرماوەزی ١٤٠٢ _ ٢١ی دێسامبری ٢٠٢٣

# ئێران بەرەوڕووی کێوێک لە کێشەی نێوخۆیی چارەسەرنەکراو بۆتەوە

ناوەندی ستیمسۆن– نووسەر نهێنی

و: لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور




**یادداشتی سەرنووسەر: لە کاتێکدا کە ناوەندی ستیمسۆن زۆر بە دەگمەن بابەتی نهێنی بڵاو دەکاتەوە، نووسەری ئەو وتارە لێکۆڵەرەوەیەکە لە تاران دەژی و، لەبەر نیگەرانیی ڕەوا لەمەڕ ئەمنییەتی خۆی، ئەو داوای کردوە ناوی ئاشکرا نەکرێ. نووسەر بۆ کارمەندانی پێوەندیداری ئەو ناوەندە ناسراوە، ڕابردووی لێکدانەوەی جێگای متمانەی هەیە و لە پلەیەک دایە کە بتوانێ ڕوانگەی وەها پێشکەش بکات کە لە شوێنی دیکە دەست ناکەوێ**

لە کاتێکدا ئێران بەکرێگیراوەکانی دژی ئیسرائیل دەورووژێنێ، لە نێوخۆ بەرەوڕووی کێشەی پەرە ئەستێنی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبێتەوە.

پاشگەزبوونەوەیەکی ئەو دواییانەی دەوڵەت لە زیادکردنی باجی مووچەخۆرانی کەرتی گشتی و وردە فرۆشان، تەنیا تازەترین شکستی شەرمەزارکەری بەڕێوەبەرایەتیی سەرۆک کۆمار ئیبراهیم ڕەئیسییە. تەنانەت لە کاتی دنەدانی "بەرەی مقاومەت" لە دەرەوەی وڵات، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هۆی پیسبوونی کوشندەی هەوا، چوونەسەری ڕێژەی هەڵاوسانی نرخەکان، کەمبوونەوەی سامانی سندووقەکانی خانەنشینی و نامۆبوونی هەرچی زیاتری خەڵک لە سیستەمی دەسەڵاتدار، خەبات بۆ پاراستنی هاوسەنگی لە نێوخۆی وڵات دەکات.

لێکۆڵەر عەبباس عەبدی لە وتارێکدا لە ٢٨ی نۆڤەمبەر، نووسی ئەو قەیرانانە "هەموویان ئاکامی سیستەمێکن کە بڕیاری هەڵە دەدات، کە لەو چەند مانگەی دواییدا خراپتریش بووە و ئاکامەکەی زۆر جار قووڵتر بوونەوەی قەیرانەکانە. لەوەش خراپتر ئەوەیە کە بە قووڵتربوونەوەیان، چارەسەر کردنیان تێچووی زۆرتری پێویستە کە ئەوەش بە نۆرەی خۆی دەبێتە هۆی بنکۆڵکردنی ویستی سیاسی بۆ چارەسەر کردنیان."

### کێشەکانی کەشوهەوا

هەر کەسێک زستانان سەردانی تارانی کردبێ دەزانێ پیسیی هەوا بۆتە دیاردەیەکی هەمیشەیی پایتەخت و شارە مەزنەکانی دیکە. تا ئێستا، ئەو ساڵ ژمارەی ئەو ڕۆژانەی هەوای تاران خاوێن بووبێ زۆر کەم بووە. بەهۆی گەمارۆکان، هیچ وەبەرهێنانێکی بەرچاو لە بەرهەمهێنانی گازی خاوێن نەکراوە. لە ئاکامدا، ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی وزە لە قەراخ تاران و شارە مەزنەکانی دیکە لە جیات سووتاندنی گازی سروشتی، دەستیان بە سووتاندنی مازووت، نەوتێکی ڕەش و قورس، بە چۆنایەتییەکی گەلێک نزم و فرە پیسکەر کردوە. بێجگە لەوە کە بۆتە هۆی تێچووی ساڵانەی ٧ میلیارد دۆلار بۆ ئابووریی ئێران، پیسکردنەکە دەبێتە هۆی کوژرانی ساڵانەی ٢٠ هەزار کەس. تەنیا ڕێگاچارەیەک کە دەوڵەت پێشکەشی کردوە، داخستنی قوتابخانەکان بووە کە لە ٣ و ٤ی دیسەمبەر لە پارێزگای تاران جێبەجێ کرا.

کارەساتێکی دیکە کە ئاکامی سیاسەتی شکستخواردووی چەندین ساڵەیە، وشکبوونی گۆلی ورمێیە کە ئاوەکەی ٨٠٪ کەمی کردوە. لە ئێستادا، تەنیا ٤٪ی ئاوی گۆلەکە ماوە. گۆلی ورمێ، مەزنترین گۆلی ئێران و شەشەمین گۆلی سوێری گەورەی دنیایە. مەرگی نزیکی ئەو گۆلە ناکرێ تەنیا بۆ گەرمبوونی جیهانی بگەڕێتەوە، چونکە گۆلەکانی عێراق، تورکیە و ئەرمەنستان کە هەمان ڕێژە بارانیان لێ دەبارێ لە دۆخێکی گەلێک باشتردان.

### ئاسایشی کۆمەڵایەتی و هەڵاوسان

قەیرانێکی جیددی دیکە، قەیرانی داراییی سندووقەکانی خانەنشینیی ئێرانە. لە ١٧ سندووقی خانەنشینیی چالاک لە ئێران، پازدەیان بەکردەوە مایەپووچن و تەنیا دووانیان دەمێننەوە، لە نێویاندا ڕێکخراوی ئاسایشی کۆمەڵایەتییش لەرزۆکە. ئەو سندووقانە ڕێژەیەکی پەرەئەستێنی بودجەی دەوڵەتیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە، کە دەگاتە ١٥٪ لە داهاتی ساڵانەی ئێران. لە دوو دەیەی ڕابردوودا، حکوومەتەکان بەشی خۆیان بە شێوەی دانی پشکی گرانی کۆمپانیا دەوڵەتییەکان دابین کردوە. ئابووریناسی بەنێوبانگ و ئاکادیمیسیەن، ناسر زاکری، لە وتارێکدا لە ٢٦ی نۆڤەمبەر نووسی کە لێنەهاتوویی دەوڵەت بۆتە هۆی زیانی بەرچاوی ئەو سندووقانە. بێئەوەی کەسێک بەرپرسیارییەکە وەئەستۆ بگرێ. ئەوە لە کاتێکدا دەقەومێ کە کۆمەڵگەی ئێران بە تەمەنتر دەبێ و ڕێژەی مووچەخۆران و هێزی کار هێندە زیادی نەکردوە کە بتوانێ قەرەبووی ڕێژەی پەرەئەستێنی خانەنشینان بکاتەوە. لە جیاتی باشترکردنی بەڕێوەبەریی سندووقەکان، دەوڵەتی ڕەئیسی بەتەمایە تەمەنی خانەنشینکران لە ٥٥ بۆ ژنان و ٦٠ بۆ پیاوان، بکاتە ٦٠ بۆ ژنان و ٦٥ بۆ پیاوان.

بڕیار بوو ڕەئیسی لە ٢١ی مانگی نۆڤەمبەر پڕۆژە یاسای بودجەی ساڵانە پێشکەش بکات، بەڵام پارلەمان هێشتا پێداچوونەوە بە حەوتەمین پلانی گەشەپێدانی ٥ ساڵەی تەواو نەکردوە. وەزیری ئابووریی ڕەئیسی، ئیحسان خاندوزی، هێندێک لە بەشەکانی بودجەی بۆ هەواڵدەرییەکان ئاشکرا نەکرد. بەگوێرەی ئەو ناوەندە هەواڵدەرییانە، ڕێژەی باج ٤٩،٨٪ زیاد دەکات، لە کاتێکدا کە فرۆشتنی نەوت ٢٢٪ی کۆی بودجە پێک دێنێ کە لە ساڵی ڕابردوودا ٢٨٪ بوو. مووچەکان قەرارە ١٨٪ زیاد بکرێن کە گەلێک لە ڕێژەی ٤٠٪ی هەڵاوسان کەمترە.

دەوڵەت لە کەم کردنەوەی تێچووەکانی لە ساڵی هەڵبژاردندا بێزارە کە ئەوەش دەبێتە هۆی بەردەوامیی چوونەسەری ئاستی هەڵاوسان.

### ئاسۆی هەڵبژاردن

لە یەکی مارس، ئێرانییەکان داوایان لێ دەکرێ لە هەڵبژاردنی پارلەمانی نوێ و هەروەها ئەنجومەنی پسپۆڕان، دامەزراوەیەکی ٨٨ کەسی کە وێدەچێ بڕیاردەری دەستنیشان کردنی ڕێبەری گەورەی داهاتوو، پاش مردنی ڕێبەری هەنووکەیی ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی بێ، بەشدار بن.

٤٥ ساڵە، کۆماری ئیسلامی ڕەوایی خۆی بە ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بەستۆتەوە. بەڵام، ئەوساڵ بڕیاردەرە پلەبەرزەکانی ڕێژیم وێدەچی بڕیاریان دابێ تەنیا بەشداریی ڕێژەیەکی کەم گەرەنتی ئاکامە دڵخوازەکەیان دەکات و وێدەچێ هاڵوەژاردنێکی بێبەزەییانەی بەربژێرەکان لە لایەن شووڕای نیگابان، کە زۆرینەیان توندئاژۆن، بەڕێوە بچێ. ئەوەی میانڕەوەکان پێی دەڵێن "پرۆسەی پاکتاوکردن" لە ٢٠٢١ دەستی پێ کرد، کاتێک ڕەئیسی بەبێ ڕکابەرێکی جیددی هەڵبژێردرا. چالاکی سیاسی محەممەد سادق جەوادی-حەسار پێشبینی کردوە کە ڕێژەی دەنگدەرانی مانگی مارس "کەمترین" دەبێ و ئەوە "ئاسەواری دەبێ و پلە بەرزترین بڕیاردەران تێچووکەی دەدەن."

ژمارەیەک کەسایەتیی میانڕەو و ڕێفۆرمخواز و تەنانەی بەشێک لە توندئاژۆیەکانیش هەر ئەو بۆچوونەیان هەیە. سەرۆککۆماری پێشوو، حەسەن ڕوحانی، کە ناونووسییەکەی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پسپۆڕان بوو بە هۆی تووڕەیی ڕکابەرەکانی، گوتی ئەو "دەبێ خۆی ناونووس بکات تا نیشان بدا وڵات تەنیا هی تاقمێکی هەڵبژردراو نییە." ئەو ڕەوایی ڕێبەری نوێی هێنایە ژێر پرسیار کە "لە لایەن ئەنجومەنێکەوە دەبێ کە بە بەشداریی ١٠٪ی دەنگدەران هەڵدەبژێردرێ."

ڕاپرسییە سەرەتاییەکان دەڵێن ڕێژەی بەشداران لە هەڵبژاردندا بە شێوەی پێوانەیی کەم دەبێ. ڕاپرسییەک کە لەلایەن ئاژانسی ڕاپرسی خوێندکارانی ئێران بەڕێوە چووە، ئاشکرای کرد کە ٢٧،٩٪ لە وەڵامدەران گوتوویانە "بێگومان بەشدار دەبن"، لە کاتێکدا ٣٦٪ گوتوویانە "بێگومان دەنگ نادەن". عەباس عەبدی پێشبینی کرد ڕێژەی بەشداریی لاوانی خوێندەواری شارەکان کەمتر لە ٧٪ و بەشداریی گشتی لە تاران و شارە مەزنەکانی دیکە کەمتر لە ١٥٪ دەبێ.

ڕۆژنامەوانی دیاری ڕێفۆرمخواز، محەممەد قوچانی گوتی هەڵبژاردنێک بەو ڕێژە کەمەی دەنگدەران و ئاکامی لەپێشدا دیاریکراو "دەبێتە هۆی بنکۆڵکردنی تەنیا جیاوازیی نێوان کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمی پەهلەوی. دامەزراوەی هەڵبژاردن کاریگەریی و پێوەندیداریی خۆی لەکیس داوە و شێوەکانی دیکەی ئاڵوگۆڕی ئاشتییانە وەکوو خۆپیشاندان بێکەڵک بوون. ئێمە دەبێ بیر لە شتێکی نوێ بکەینەوە."

ڕۆژنامەوانی کۆنەپەرست، محەممەد مۆهاجری، پێشبینی کردوە کە پرۆسەی ڕەتکردنەوە "وەها بەرچاوە کە بەو زووانە تەنانەت خودی ڕەئیسیش دەگرێتەوە. ئەو مەزنترین قوربانیی پرۆسەی ڕەت کردنەوە دەبێ. کاتێک وەرزی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی لە ٢٠٢٥ دەست پێ دەکات، هەر ئەو توندڕەوانە بەردەوام دەبن و ڕەئیسی بەجێ دێڵن."

### گرژیی کۆمەڵایەتی

ئەو پێشهاتانە لە کاتێکدا ڕوو دەدەن کە گرژییە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی هەوڵەکانی سەپاندنی حیجاب خەریکی پەرە ئەستاندنن. "گەشتی ئێرشاد" کە دوای کوژرانی مەهسا [ژینا] ئەمینی لە کاتی دەستبەسەرکران لە لایەن پۆلیسەوە لە سێپتەمبەری ٢٠٢٢ هەڵگیرابوونەوە، دیسان بە شێوەیەکی نوێ وەکار کەوتوونەوە. تاقمی پاسەوانانی حیجاب لە شوێنە قەرەباڵغەکان لە سەرانسەری تاران جێگیر کراون و ڕێژیم بە "کاردانەوەی خۆڕسک دژی شلیی حیجان لە شار" ناویان دێنێ. دوای ئەوە کە ڕۆژنامەی ڕێفۆرمخوازی ئیعتیماد بەڵگەیەکی ئاشکرا کرد کە فەرمانی وەزیری نێوخۆ، ئەحمەد وەحیدی، لەو بارەوە بوو، داواکاری گشتی دۆسیەیەکی یاسایی دژی ڕۆژنامەکە بە هۆی ئاشکرا کردنی بەڵگەنامەی نهێنی کردەوە. بەڵام، وەزارەتی نێوخۆ حاشای لە نێوەرۆکی ئەو بەڵگەنامەیە نەکردوە.

لیستەی دوورودرێژی ئەو قەیرانانەی کە کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوویان بۆتەوە هەروەها لە ڕێژەی پێوانەیی ئیعدامەکاندا، کە ڕێژیم هەوڵ دەدا سوود لە جەختی نێونەتەوەیی لەسەر شەڕی غەززە وەرگرێ، ڕەنگ دەداتەوە. گەندەڵیی بە شێوەیەکی بەرچاو بەردەوامە و هەروەها پەرەئەستاندنی بەرچاوی دیاردەی کۆچ کردنی خەڵکی خوێندەوار و پسپۆڕ بۆ هەندەران. هەموو ئەو قەیرانانە ئاماژە بە شکستی سیستەمی خاوەن دەسەڵات بۆ چارەسەر کردنی کێشە بەپەلەکان دەکەن. وەکوو کۆمەڵناس، فازلی ئاماژەی پێ کردوە، "ئێران لەسەر تیغی گوێزانە" بەبێ ئەوەی دەراوێکی ڕوونی لێ دیار بێ.

***

## وێستگە

# شۆڕشی ژینا، پێناسەی پێشمەرگەی گۆڕی

ئاسۆ مینبەری

لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ئێمەدا پێشمەرگە هێمایەک لە پێشەنگایەتی و بوێری و لە هەموویان گرینگتر نیشتماندۆستی بووە. هەر ئەم تایبەتمەندییانە وای کردوە کە پێشمەرگە لای گەلەکەی خاوەن پێگە و خۆشەویستییەکی تایبەت بێت و، لە ڕاستیدا ئەم خۆشەویستییە وای کردوە کە پێشمەرگە وەکوو یەکێک لە پیرۆزییە نەتەوەییەکان چاوی لێ بکرێت.

پێشتر کە پێشمەرگە دەگەڕایەوە نێوخۆی کوردستان و ئەرکی پێشمەرگانەی خۆی بەڕێوە دەبرد، خەڵکی کوردستان بەوپەڕی لەخۆبوردوویی و بوێرییەوە و لە سەختترین دۆخدا بەوەرەپیریانەوە دەچوون و هاوکارییان دەکردن. بەڵام دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا گۆڕانێکی یەکجار گەورەی بەسەردا هات و، چەمکی پێشمەرگەی شار هاتە نێو وێژمانی حیزبی دێموکراتەوە و پێناسەی پێشمەرگە گۆڕانێکی بنەڕەتیی بە خۆیەوە بینی.

ئەگەر پێشتر پێشمەرگە تەنیا وەک چەکدارێک پێناسەی بۆ دەکرا و بەو کەسە دەگوترا کە بۆ بەرگری لە مافی نەتەوەکەی سنوورە دەسکردەکانی بڕیون و زێد و نیشتمانی خۆی بەجێ هێشتووە و ئامادەیە گرینگترین سەرمایەی ژیانی لەم پێناوەدا پێشکەش بکا، پێناسەکە ئاوا گۆڕا کە هەر تاکێک بە هەر توانا و هێزێکەوە و لە هەر پێگە و ڕۆڵێکدا، دەتوانێ پێشمەرگە بێ! چونکە ئەرکی ڕزگارکردنی خاک و نیشتمان و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئاسوودە و بەختەوەرانە، ئەرکی هەموو تاکێکە، جا ئەگەر دەسەڵاتێک ئازادییەکان زەوت دەکات، ئەوە ئەرکی تاکە کە بۆ ڕزگاریی خۆی تێبکۆشێ و ژیانێکی شیاو بۆ خۆی دابین بکات.

لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵی ڕابردوودا، چەمکی پێشمەرگە پێناسەکەی تایبەتتر بووەوە؛ لە شۆڕشی ژینادا هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بەبێ لەبەرچاوگرتنی تەمەن و ڕەگەز و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، توانییان ڕۆڵی پێشمەرگە بگێڕن و لەم چوارچێوەیەدا هەنگاو هەڵبگرن.

ئەگەر پێشتر ڕێژیم تەنیا ترسی لە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ نێوخۆی کوردستان و چالاکییە پێشمەرگانەکانیان بوو، لە شۆڕشی ژینادا، پرسەکە ئاوا گۆڕانی بەسەردا هات کە هەر تاکێکی کوردستان بوو بە پێشمەرگەیەک و لە بەرانبەر کۆشکی ستەمکاریدا وەستا. زۆر جار باس لەوە کراوە کە شۆڕشی ژینا وەکوو خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی ئێمەدا دەبێ چاوی لێ بکرێت، لێرەشدا پێویستە بگوترێ کە یەکێکی دیکە لە خاڵە گرینگەکانی ئەم شۆڕشە ئەوە بوو کە چیدیکە ترس و دڵەڕاوکێی لە دڵی خەڵکدا و لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داگیرکەردا نەهێشت. ڕەنگە پێشتر خەڵک بە هۆی زاڵبوونی کەشی ئەمنییەتی، زۆر بە پارێزەوە باسیان لە پێشمەرگە کردبێ، بەڵام لە شۆڕشی ژینادا، وێڕای شکانی ترس و تابۆکان، ئەوە خەڵک بوون کە پێشمەرگەئاسا بەرەنگاری دەسەڵات بوونەوە. لە هاوکێشەیەکی یەکجار نارێکدا، خەڵک هاتنە بەرانبەر دەسەڵات و هێزە داگیرکەرەکانییەوە، ئەمان دەستیان خاڵی بوو و ئەوان پڕچەک بوون، ئەمان هێزی باوەڕ بە ڕزگاری هێنابوونیە سەر شەقام و ئەوان زەبری داگیرکەر بۆ سەرکوتی بەرانبەر، ئەمان لە بەرانبەر بیری دواکەوتوو چەقبەستووی دەسەڵاتدا وەستابوونەوە و ئەوان لە بەرانبەر ئیرادەی لەگیراننەهاتووی خەڵکدا! جیا لەوەی کە چەندە خەڵکی کوردستان پێشمەرگانە و بوێرانە لە گەرمەی شۆڕشەکەدا بەرەنگاری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بوونەوە و زۆر ڕۆڵەی بوێری ئەم گەلە بە گژ داگیرکەردا چوونەوە و چوونە ڕیزی کاروانی هەرگیزنەمرانی گەلەوە، خودی بنەماڵەی شەهیدانیش پێشمەرگەئاسا لە بەرانبەر داگیرکەردا وەستانەوە.

لە جەرگەی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، قوتابی، خوێندکار، مامۆستا، کرێکار، ئەندازیار، پیر، لاو و منداڵ هەموویان بوون بە پێشمەرگە و بە چەکی باوەڕەوە هاتنە مەیدانی خەباتەوە. ڕەنگە ئەگەر لە دواڕۆژدا باس بۆ نەوەکانی داهاتوو بکرێ کە چۆن کچە قوتابییەک تەنیا بە چەکی قژەکانیەوە لە بەرانبەر داگیردا وەستاوە، یان چۆن کوڕە لاوێک تەنیا بە جامانەکەی ملیەوە و بە جلە خاکییەکانیەوە، بەرەوڕووی داگیرکەر بووەتەوە، پێیان سەیر بێت کە ئاخۆ چۆن ئەوانە ئەتوانن چەک بن و ئەو کچ و کوڕانە چۆن دەتوانن پێشمەرگە بووبێتن.

پێناسەی پێشمەرگە ڕێک لێرەدایە کە مانای خۆی دەگرێت، ئەو کچ و کوڕانە ڕۆڵەی گەلێکی چەوساوەن، لە هەر بەرگ و لە هەر جێگایەکدا بن مادام بەرەوڕووی بیری دواکەوتووانەی داگیرکەر بوونەتەوە و ئامادەی گیانبازی بۆ دەستەبەرکردنی ڕزگاری و داماڵینی داگیرکەرن، مادام ئامادەن لە جیاتی درێژەدان بە ژیانی ئاسایی، سینگیان بکەنە قەڵغان و ژیانێکی سەردەمیانە و مرۆڤانە بۆ خۆیان و گەلەکەیان دابین بکەن، کەوایە پێشمەرگەی نیشتمانن و تێکۆشان و بەرخودانیان دەبێ ببێتە وانە بۆ داهاتوو.

لە شۆڕشی ژینادا ژنان بەشێک لەو کۆمەڵگەیە بوون کە بە داماڵینی بیری چەقبەستووی داگیرکەر، هاتنە مەیدان و پێشمەرگەی ئازای مەیدانی خەباتەکە بوون. بێگومان ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە شۆڕشی ژینادا دەبێ بە سەدان وتاری لەسەر بنووسرێت، چونکە ژنان توانییان بەرەنگاری بیرێک ببنەوە کە زیاتر لە ٤ دەیەیە پێناسەی لاوازی و نەزانی و دواکەوتوویی بۆ کردبوون. ژنان بە هەموو شێوازێک پێشمەرگەی مەیدان بوون و وانەی شۆڕشگێڕییان پێ فێر کردین، دایکی شەهیدان بە بڵاوکردنەوەی پەیام لە ڕۆژی لەدایکبوون و ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی منداڵەکانیاندا، مانیفێستی نوێی شۆڕشگێڕانەیان بڵاو کردەوە و بوێرییەکەیان لە ئاستێکدا بوو کە تەنیا لە پێشمەرگەدا شکی دەبەین.

ڕووداوەکانی شۆڕشی ژینا نیشانیان دا کە پێشمەرگە ئیتر تاکێکی چەکدار نییە، پێشمەرگە ژنێکی شۆڕشگێڕە کە دێتە سەر شەقام و تەواوەتی ڕێژیم دەکاتە ئامانج، پێشمەرگە باوکی کۆمار دەرئوفتادەیە کە بوێرانە دەڵێ خۆشبەختم کە کوڕەکەم لەسەر ئازادی و خاکی کوژراوە، پێشمەرگە سارینا ساعێدییە کە بۆ داوای مافەکانی هاتە سەر شەقام و بە باتومی هێزەکانی ڕێژیم لێی درا و شەهید بوو. لە ڕاستیدا شۆڕشی ژینا، پێناسەی پێشمەرگەی گۆڕی!

دریژەی

# دیمانە لەگەڵ ناسر ڕەزازی

.... و خوێندەوارمان هەیە، بەڵام بەداخەوە جیاوازی خستنە نێو نێوان شێعە و سوونی و سیاسەتی ناکۆکی بنێوە و حکوومەت بکە بووە. گرینگتر لەوەش لە ئێستادا شۆڕشێکی گەورە بەرانبەر بە ئەم ڕێژیمە وەڕێ کەوتوە و کورد بۆ وەرگرتنی مافەکانی لە خەباتەکەی بەردەوامە. هەر چەند ئەمن پێم وایە ئەبێ ڕێگاکەمان بگۆڕین، سەردەمی چەک نەماوە، بەزۆر چەکیان بە ئێمە هەڵگرتوە و ئێمە دەبێ کارێک بکەین لە ڕێگای دیالۆگ و هونەر، ئەدەب و نووسین و لەو ڕێگاگەلەوە بە مافەکانی خۆمان بگەین. پرسی ژن، ژیان، ئازادی کە دنیای داگرت سەرچاوەکەی کوردستانە. ئێستا هەموو دنیا باسی دەکا و کەڵکی لێ وەردەگرن لە خۆپێشاندانەکاندا باسی دەکەن. گرینگ ئەوەیە دەبێ میللەتی کورد یەکگرتوو بێ و بزانێ چی ئەکات بۆ وەدسهێنانی ئەو مافانە. بەتایبەت حیزبەکان چوونکە میللەتی کورد یەکگرتووە و ئەوە حیزبەکانن کە دەبێ بیر لە یەکگرتوویی نێوانیان بکەن.

**ئەگەر لە باسەکەمان دوور نەکەوینەوە، ئەو دەسکەوت و نازناوانەی سنە لە بواری مۆسیقادا وەدەستی هێناون، پتر بەرهەمی کام ڕەوتی هونەری و شوێندانەریی کامانە کەسایەتیی هونەریین؟ئایا دەتانەوێ لەو بارەیەوە ئاماژەیەکتان هەبێ؟**

بەڕاستی ئەو دەسکەوت و نازناوانەی سنە لە بواری مۆسیقادا کە وەدەستی هێناون ناکرێ تەنیا لە سەر گرووپێک یان گۆرانیبێژێک تاپۆ بکرێت. لە سنە هەروەک گوتم زۆر هونەرمەندی گەورە هەبووە، سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی لە سەردەمی خۆیدا. دواتر مەزهەری خالەقی، نەورۆزی، ڕۆمی، حیکمەت نەوبەری، فەتانەی وەلیدی، شەهین تاڵەبانی و زۆری دیکە. بەڵام ئەو کارانە نەبووە بە دەسکەوتێک کە بڵێی ئەمە من خۆم بە ڕەغبەتی خۆم کارم لە سەر کردوە، هەمیشە کێشە و ژانەسەریان دروسی کردوە، بەڵام دەتوانین بڵێن ئەمە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرووپە کوردانەی لە تاران و خزمەتی مۆسیقای فارسی دەکەن، بەڵام لە پاڵیشیدا کاری کوردی دەکەن. ئەوانە بێ کاریگەری نەبوون و ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆنسێرتانەی لە نێو ئێران بەتایبەت لە باشووردا ئەکرێن. هەروەها ڕۆڵی تەلەڤیزیۆنەکانیش دەبێ لە بەرچاو بگرین.

**ناسر ڕەزازی چ وەک کەسایەتیی سیاسی و چ وەک مامۆستایەکی هونەری مۆسیقی لە کوردستان کە خۆی لەدایکبووی شاری سنەیە، چ پەیامێکی بۆ کۆمەڵگەی هونەریی کوردی بەتایبەت تازەلاوان و فێرخوازەکانی مۆسیقیی کوردییە لە ئێستادا؟**


پەیامی ناسر ڕەزازی ئەوەیە گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی کۆن خاوەن مێژوو و کارەسات و ئێش و ئازاری بەرکوژانی زۆری بە خۆیەوە دیوە، بەڵای زۆری بەسەردا هاتوە، بەڵام هەر ماوە و نامرێ و لە دیلی و بندەستیش ڕزگاری دەبێت. ئەمن هیوادارم خەڵکی بەشەرەفی سنە، خەڵکی شاری سنەی خوێناوی بەتایبەت گەنج و لاوەکانمان بیر لەوە بکەنەوە کوردستانی بندەستی ئێران یان عێراق یان باشووری کوردستان بە ساڵان لە ژێر زوڵم و ستەمی دەسەڵاتی بەعسی فاشیست و خوێنڕێژدا ئازاریان چێشت، زیاتر لە چوار هەزار گوندیان وە بەر بۆمبی کیمایی درا و وێران کرا، خەڵکەکەی بەدەستی ئەو حکوومەتە دڕ و نائینسانەی سەدام ڕاو نران، ئەنفال کران و دەستدرێژی کرایە سەر ماڵ و ناموسیان، کچی گەنجیان فرۆشرا بە وڵاتانی عەرەب و باشترین ڕۆڵەکانیان لە زینداندا بە پەتی سێدارە خنکێندران، خەڵکەکەی ئاوارە و دەربەدەر کران بەدەستی ئەنسار و ئیسلام و جۆندوڵڵا و موجاهێدین بەر تۆپ درا و پارچە پارچە کرا، بستێکی کوردستان نەما خوێنی پێشمەرگەی تێدا نەڕژابێ؛ بەڵام بە خەبات و کۆڵنەدان و گۆڕانی ڕەوتێ ڕووداوەکانی جیهان و زۆر هۆکاری دیکە ئەوەتا خەریکن بەرەو ڕزگاری یەکجاریی دەڕۆن. با ئێمەش خەڵکی کورد لە کوردستانی بندەستی ئێران بەتایبەت شاری سنە وریا بین و نەهێڵین زمانەکەمان فەوتێ و نەهێڵین داگیرکەرانی کوردستان نێوان گەلی بندەست و چەوساوەی کوردا مەزهەب بکەنە داردەست بۆ دروسکردنی کێشە و ناکۆکی لەنێو کوردی شیعە، کوردی سوونی، کوردی ئەلحەق، کوردی ئێزەدی و کوردی عەلەوی و .... هتد. با ماوە نەدەین لەنێو سازمان و حیزب و ڕێکخراوەکانماندا دژایەتی و دووبەرەکی دروست بکەن با نەهێڵین زمانی شیرینی کوردی فەرامۆش بێت چوونکە کۆڵەکەی مانەوەی هەر گەل و نەتەوەیەک زمانەکەیەتی. با خۆمان باشتر بناسین و بێگانەپەرەست نەبین، چونکە ئاسۆ بۆ ئێمەی گەلی بندەست و مافخوراوی کورد ڕوونە و سەرشۆڕییش هەر بۆ خۆفرۆشان و دوژمنانی کورد دەمێنێتەوە.

کۆتا پەیامی ناسری ڕەزازی وەک گۆرانیبێژێکش ئەوەیە بەڕاستی هەر گەل و نەتەوەیەک خاوەن گۆرانی نەبێت ئەوە نە میللەتە، نە نەتەوە. بەداخەوە من ناوی ئەو پڕۆفیسۆرە گەورەی چینیم لەبیر نەماوە کە دەڵێ هەر میللەتێک گۆرانیی نەبوو میللەت نییە. دەزانی من شانازی بە چی دەکەم، بە ئەو مۆسیقارانەی ئەو گۆرانیبێژانەی لەنێو ئەو گێژەن و بەربەست و ناخۆشییەدا توانیویانە خزمەت بە زمانی کوردی بکەن، لە ڕێگای هونەرەوە زۆرمان هەن کە بەڕاستی دەرووەستن. دیارە تاکوتەرایەکیشمان هەیە کە بە هەرحاڵ لە باوەش ڕێژیمدان و ئەوەی پێیان کراوە کردوویانە و مێژوو ئەوە لە داهاتوودا نیشان دەدا کە کاریگەرییەکەی چییە. ئەمن هیوادارم گەنجانی کورد و ئەوانەی خەریک کاری مۆسیقان هەر لە گەنجەوە تا پیرەکانیش ئەوە بزانن خزمەت بە مۆسیقا خزمەتە بە زمانی کوردی، خزمەتە بە فەرهەنگی کوردی ولە ڕێگای هونەری مۆسیقاوە ئینسان دەتوانێت کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەیەک بگۆڕێت چ بە باش، چ بە خراپ، هەر چەند لەم دواییانەدا جارێکیتریش دەیڵێم گۆرانیبێژی دەنگخۆش چ کچ، چ کوڕی باش هەڵکەوتوون. بەڵام هیوادارم ئەمانە ئاگایان لەوە بێت کە تەنیا دەنگخۆشی حیساب نییە، ئەبێ لە سەر سۆلفێژ کار بکەن، نۆت بزانن، دەزگاکان بناسن، ئاگایان لە ڕابردووی هونەری کوردی و گۆرانی کوردی بێت. ئەگەر ئاوەها بڕۆنە پێش ئەتوانن کاریگەری زۆر زۆر باشیان هەبێ بەسەر ڕەوتی کۆمەڵگەی کوردەواری و هەروەها ئەو بزووتنەوەیە کە ئەمڕۆ لە ئارادایە.

**کاک ناسر سپاسی تایبەت بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا.**

سپاس ئێوەش ماندوو نەبن.

# پیاسەیەک لەگەڵ شێعرەکانی سەعید عبادەتیان "بانان"





سارۆ خوسرەوی

سەعید عبادەتیان ناسراو بە "بانان"، ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە ناوچەی گیەڵان سەر بە پارێزگای کرماشان لە بنەماڵەیەکی ئەدەبدۆست لە دایک بوو. لە سەردەمی منداڵییدا لە ڕێگای باوکیەوە لەگەڵ ئەفسانە، مەتەڵ، ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و شێعرەکانی شاکە و خانمەسوور، شیرین و فەرهاد و لەیلی و مەجنوون ئاشنا دەبێت. ئەدەبیاتی زارەکی و مۆسیقا و ئاوازە ڕەسەنەکانی ناوچەکەی، خولیای هۆنینەوەی هەڵبەست لای بانان دروست دەکەن و زەمینە بۆ ئەم شاعیرە خۆش دەکەن تا بێتە نێو دونیای شێعر و شاعیرییەوە.

بانان، بە دوو شێوازی کلاسیک و ئازاد شێعر دەنووسێت. لە کۆبەرهەمە شێعرییەکانی بانان دەتوانین ئاماژە بکەین بە: "هەر لەلام بویت گومت کردم"، "ساڵەیل لە کیس چی"، "مەیلەم وەجێ"، "داخ دەوران"، "وا درو کەن دەسەیلم" و "ئەوریشم زامەگان".

شاعیر و نووسەری گەورەی ئیسپانیایی فیدریکۆ کارسیا لۆرکا، کاریگەریی زۆری لە سەر بانان داناوە. پێوەندیی قووڵی سروشت و مرۆڤ، خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم دوو شاعیرەیە. بانان لە بەر خۆشەویستی و هۆگری بە لۆرکا، کۆمەڵێک لە شێعرەکانی ئەم شاعیرە مەزنەی لەژێر ناوی "تەنیا داخە کە ئاخ کیشی" وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بە دەنگی خۆی بڵاوی کردوونەتەوە.

سەعید عبادەتیان، یەکێک لە پێشەنگانی شێعری هاوچەرخی کوردی دەیەی هەفتای هەتاوی لە باشووری خۆرهەڵاتی کوردستانە و توانیویە ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە شێعری هاوچەرخی کوردی لە کرماشان و ئیلام پێک بێنێت. بانان بە ڕوانگەیەکی مرۆڤدۆستی و ژینگەدۆستییەوە مامەڵە لە گەڵ دونیای شێعر دەکات.

بانان بۆ خۆی دەڵێ: "من زادەی شێعرم. لەنێو شێعر و لە بیرچوونەوەدا نازانم ملوانکەی گەردەنی کام پەریزادەم دزیوە کە وا سزای کۆچیان بە سەردا سەپاندووم". ئەو پێی وایە وڵاتەکەی بە زمانەکەیەوە وڵاتی ئەوە و دەبێژێ: "وڵاتی من زمانی منە، وڵاتێک کە ئاوێتەی دەرد و شادیمە".

شاعیر، باس لە ژان، دڵتەنگی و وەیلانیی مرۆڤەکان دەکات و خوازیارە بۆ دەربازبوون لە تاڵی و سەختییەکانی ژیان، دەستی یارمەتی بۆ یەکتر درێژ بکەین و دەڵێ:

"ئیمە دڵتەنگەیل هاولف ژانیم  
بی ماڵ بی ماتۆڵ وێڵ و وەیلانیم  
هەرکەس دەراری ئیمە لەی خەمە  
هەزار جار بۆمن وەنەزری کەمە"

لە نێوان سروشت و شێعری بانان‌دا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و دانەبڕاو هەیە. بانان بۆخۆی لە وتوێژێکدا باس لە مژاری سروشت لە شێعرەکانی خۆیدا دەکات و دەڵێت: "پێوەندیی من لەگەڵ سروشت هەر ئەو شتەیە کە لە شێعرەکانمدا خۆیان دەنوێنن. سروشت بۆ من بوونەوەرێکی زیندووە کە هەموو ڕۆژێک لە گەڵی دەژیم. شوێنێکە کە بەردەوام ئارامیم پێ دەبەخشێت".

شاعیر، لە نێو دڵی سروشت لە ونبووەکەی خۆی دەگەڕێت و دەڵێ:

"چیمە. چیمە  
تا وڵات سەوز گیا  
تا خورەی ئرمێس شەونم  
تا میوانی شەو و شەوبوو  
تا ڕەوەن پڕ لە پێچ  
زنەی لە جوو  
تا ناوین دڵ و خەیاڵ  
تا باڵ بەرز وای شەماڵ"

بانان، پێی وایە زمانی دایکی ناسنامەی سەرەکیی هەر نەتەوەیەکە و نابێت تەنیا وەک مولک مامەڵەی لە گەڵ بکرێ، بەڵکوو دەبێت ئینسان وەک گۆشت، ئێسقان و پێستی خۆی ئەم زمانەی خۆش بوێت و بیپارێزێت.

وەک ئەوەی کە دەڵێ:

"کی وەتیە م چارە ڕەشم  
لە نیشتمانم بێبەشم  
هەرچەن لە ملک خوەم لایەم  
زوان خوەم لە دەس نایەم  
زوان من ناموسمە  
گووشت و سقان و پووسمە"  
زوان م ژیانمە  
بیر و باوەڕ و گیانمە"

بانان، جارێکی دیکە جەخت لە سەر گرنگیی زمانی دایکیی خۆی دەکاتەوە و ئامادەیە باجی زمانەکەی بدات و دەڵێ:

"هزار قەیران بای دە توشم  
هەر کوردم و کوردی ئوشم"

شاعیر، ئەوەندە زمانی دایکیی خۆی لای خۆشەویستە، پێی وایە قسەکردن بە زمانی دایکی، جوانی دەبەخشێتە مرۆڤ و دەڵێ:

"گوڵ شەرم دێرێ لە لاد بوود ئەقەر شێوەد شرینە  
هەنای کوردی قسیە کەی لێود بێشر ڕەنگینە"

بانان، بۆ زیندووڕاگرتنی زمان و شوناسی نەتەوەییی خۆی ڕەنج دەکێشی و بە دەربڕینی وشەی جوان و داهێنانی هونەری بە زمانی دایکیی، بوونی خۆی دەسەلمێنێت و دەڵێ:

"تەرم شەرم دەوران کیشم  
سووز بەرد و بەوران کیشم  
یانە گیشێ وە گیان کیشم  
ئەوە ونەی دەنگ کییە ؟  
ئویشێ ک ت هوچد نییە"

شاعیر، شەو و ڕۆژ بێئۆقرەیە و دەرد و ژانی ژیان لێناگەڕێ تاوێک ئاسوودە بنوێ، بۆیە دەڵێ:

"لە ژێر باڵ چەرخ کەو، سای وە خوەش نەخەفتمە  
لە وەیشت دەرد و ژان شەو، سای وە خوەش نەخەفتمە"

نەورۆز، لە شێعری باناندا تەنیا بە واتای نوێبوونەوەی ساڵ و هاتنی بەهار نییە، بەڵکوو ڕەمز و هێمای ڕزگاری و ئازادییە، بۆیە دەڵێ:

"لە نەغمەی بولبوڵ سەیرە و قەناری  
نەورووز گوڵ هەڵدا ئاڵای ڕزگاری"

بانان، بە تێگەیشتنی قووڵی لە کولتووری زاگرۆس، ئاگر وەک سەرچاوەی پاکی و ڕووناکی ژیان پێناسە دەکات و دەڵێ:

"دۆەت ساڵەیل هەوری وا کە ئاگر زڵفد  
لە ئاین ئەهوورا ئاگر پرچێ ڕەنگینە  
ئاگر خارەتگەرەیل پرچ سزنێد و پەرچەم  
تەنیا لەی نیشتمانە ئاگر نیشان ژینە"

ئەو کاتەی ناسامانی و دیاردەی کۆچکردن لە وڵات دەست پێ دەکات، شاعیر هەست بە تەنیاییی خۆی و میلکانی دەکات و ناخوازێ وڵات چۆڵ بێت، بۆیە دەڵێ:

"لەی ملکە نەمەن بەرێ وە باخەو  
مەلان کووچ کردن گەل گەل وە داخەو  
مەچوو لە داخد دڵ تەرف تونم  
چۆ کەپوو وەیلان ڕۆ سەرزەمینم"

بانان، وەک شاعیرێکی ناسک خەیاڵ پێی وایە خەندەی یار هیچ کەمتر نییە لە خونچەی گوڵی بەهار و شەوقی مانگ و ئەستێرەکان و دەڵێ:

"لە جای گوڵ وەهارەگان ت بخەن  
لە جای مانگ و هسارەگان ت بخەن  
لە جای تمام داوڵەیل م گرم  
لە جای دەم ئنارەگان ت بخەن"

بانان، لەو بڕوایەدایە داهێنانی بەرزی هونەری بەرهەمی ڕەنج و سووتانی مرۆڤە بۆ ئەو شتەی مەبەستیەتی و بەوپەڕی ئەویندارییەوە مامەڵەی لە گەڵ دەکات، بۆیە دەڵێ:

"هونەر ئنسان  
لە هجران و سزیانە ک  
پەلوەچ کیشێد و  
سەمەر دەید!"

بانان، هەروەها پێی وایە مرۆڤەکان لە ئەنجامی هونەردا دەتوانن بوونی خۆیان وەک نەتەوە بسەلمێنن و لە پێناوی پێکەوەژیان سنوورەکانی نێوانیان هەڵگرن و دەڵێ:

"بێگومان  
تەنیا هونەرە ک  
وشەگان نەتەوایەی  
ڕز ڕز چنێد و  
سنوور وڵاتەیل شکنێد!"

بانان، بە پێچەوانەی زۆرێک لە شاعیرەکان کە پێیان باشە لە چۆڵەوانی یان بەرزاییی شاخەکان و بە بێ دەنگی بمرن، دەخوازێت تا دوایین ساتەکانی ژیانی لە پێش چاوی خەڵکەکەی بێت و شێوە و چۆنیەتیی مردنەکەشی لە کەس شاراوە نەبێت، وەک ئەوەی کە دەڵێ:

"حەز نیەکەم  
لە سەر شاخ بەرزێ بمرم  
یا لە چڕی دارسای ؛  
حەز کەم  
لە وەر چەو بمرم  
لە خیاوان یا مەیدای،  
بیلا مەرگم ئاشکەرا بوو  
بیلا عالەم گێشت بزای!"

شاعیر، لە گەڵ دڵدارەکەی دەکەوێتە قسە و پێی دەڵێ: ئەگەر تۆ بێی بۆ لام، بەرد لە هیجرانی هاتنت نەرم دەبێت و فرمێسک دەڕێژێ، بۆیە دەڵێت:

"کی ئوشی: سان دڵی سەختە؟!  
هە نای ت تیەید  
کەتیبەی لاڵ تاقوەسان  
زوان وا کەی  
وە لە چەوەیل سەخت سان  
ئرمێس رشێ"

بانان، خۆی وەک شاعیرێک کە ساڵانێکە زمانەکەی لە بیر کراوە و لە نێوان مەرگ و ژیاندا قەراری گرتووە، دێتە دەنگ و دەڵێ:

"هەنای  
هسارەی ئاوا بوو  
یەکێگ مرێ،  
وە هەنای هسارەی هەڵای  
یەکێگ زای،  
وە ئەو هسارە ک لە دۆر دۆر،  
گاجار مرێد و  
گاجار ترۆسکە بی نزێ دێرێ  
ئەوە منم  
نە مردمە،  
نە زینێیم!"

بانان، پەیوەندییەکی تەواو ڕۆحیی لە گەڵ مۆسیقا بە تایبەت سازی تەمبووری یارساندا هەیە و لە شێعری "سەرتەرز"دا باس لە کاریگەری و دونیای پڕ لە ڕازی ئەم سازە دەکات و پێی وایە ئەم نەوا سیحراوی و ئاسمانییە بە ڕادەیەک کاریگەرە کە دەتوانێ ڕازی نێوان خودا و بەندەکانی ئاشکرا بکات.

وەک ئەوەی کە دەڵێ:

"وەڕاسی ئایەم تویەی  
خوەی وە سیمەگان تەمۆرە ئاوێزان بکەی  
وە باڵ بگرێ تا کەشکەشان  
وە پەردەی ماوین خوەی و خودا لاوەی"

شاعیر، هەروەها پێی وایە جەستەی مرۆڤ زیندانیی ئەزرەتەکانیەتی و تەنیا سازە دەتوانێ مەلی ڕۆح لە زیندانی تەنگ و تاریکی جەستە ڕزگار بکات و دەڵێ:

" دەنگ ساز  
پەرواز رووح باڵندەی بێتاقەتە  
لە قولاخ تەنگ جەسە  
جەسە زندان ئەزرەتەگان"

بانان، باوەڕی وایە مرۆڤ دەبێ لە پێناوی ژیاندا بەرخۆدان و تێکۆشان بکات و لە ئەنجامی تێکۆشانی بەردەوام ژیان سەمەر دەدات، بۆیە دەڵێ:

ژیان، یابی سزیان و پاوەگەزدان  
وە دوارە لە خوڵەکەوان  
سەوز کردن و پەلوەچکیشان"

شاعیری نوێخواز، سەعید عبادەتیان (بانان)، لە دەیەی حەفتای هەتاویدا زۆرترین چالاکیی لە شێعری کوردیی خوارووددا نواندوە و بە یەکێک لە دیارترین پێشەنگانی شێعری کوردی لەو دەڤەرە دەناسرێت. شێعری بانان بە ڕادەیەک ڕەوان و پاراوە، لە گەڵ خوێندنەوەی، خوێنەر پەلکێش دەکا و دەیکاتە ئەوینداری هەمیشەییی خۆی. بە تایبەت ئەم شاعیرە، زۆرتر ئیلهام لە سروشتی جوانی زاگرۆس وەردەگرێت و دەیکاتە هەوێنی شێعرەکانی خۆی. بانان، هەروەها شارەزاییەکی باشی لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری ناوچەکانی ئیلام و کرماشان هەیە، لە گەڵیان گەورە بووە و تێکهەڵکێشی شێعرەکانی دەکات. ئەم شاعیرە، بەرهەمە شێعرییەکانی لە هەردووک فۆڕمی کلاسیک و نوێدا زۆر جێگای سەرنجن و بە یەکێک لە سامانە گرینگەکانی شێعری کوردیی خواروو دەناسرێت.



# کێوەکانیش یار نەبوون!



ڕەزا دانشجوو

... ڕازیکردنی "هەنار" کارێکی زۆر چەتوون بوو. تا دواییترین ساتەکانیش ئەو لە سەر ئەم باوەڕە بوو کە "ئاکام" پەلە دەکات و دەتوانێت کارێکی باش بدۆزێتەوە. زۆری خایاند تا بگاتە ئەم قەناعەتە کە ئێتر هیچ ڕێگایەک نەماوە و ئاکام ناتوانێ چیتر بێکار دابنیشێ. لە ڕاستیدا دوای ساڵانێکی زۆر ژیانی کرێکاری لە غەریبایەتی بڕیاری دا چی تر هەنار و منداڵەکان بەتەنیا جێ نەهێڵێت، بەڵام ئەوە سەرەتای بێکاری و نەداریی بوو. بۆدیتنەوەی کارێکی تەنانەت کاتییش بۆ بژێوی ژیان، ئاکام تەواوی شارودێهاتەکانی دەورووبەری لێک دا، بەڵام هیچ شتێک ڕووی نەدا. ڕوومەتی ئێشکهەڵاتوو و زەردهەڵگەڕاوی "هەناسە" و دەستی سارد و جەستەی ماندووی "هەتاو" چیتر تاقەتی برسێتی و هەژارییان نەمابوو. ئەمە دواییترین چارەسەر بوو.

هەنار جارێکیتر خەریکی کوڵینی باروبنەی سەفەری ئاکام بوو. ترسی ئەوەی شتێکی لەبیرچووبێت یان کەمی دانابێ، هەرجار زیاتر لە جاری پێشوو بوخچەشینەی دەپشکنی.

ئاکام دانیشت، دەستی هەناری گرت و بەئارامی جۆرێک کە منداڵەکان لە خەو هەڵنەستن گوتی: کەسەکەم ئەمە جاری بیستەمە ئەو بوخچەیە دەپشکنی، تەواوە کەسم درەنگە، دەبێ بڕۆم، نیگەران مەبە، هەموو شتێکێت داناوە.

هەنار بێ‌ئەوەی سەری هەڵێنێ، وازی لە بوخچەی هێنا. هەستا و چوو قورئانی سەرتاقەی هێنا و لە پێش ئاکامی ڕاگرت.

– خۆ تا چاوەجوانەکانت نەبینم ناڕۆم، سەرت هەڵێنە خاتوونەکەم، با دڵقایم بڕۆم.

هەنار زۆر بەئاسپایی سەری هەڵ هێنا و کەمێک چووە دواوە، جۆرێک کە تاریکایی نەیدەهێشت فرمێسکەکانی دیار بن.

– نابێ نەڕۆی!

ئاکام بە پێکەنینەوە چاوێکی لە هەنار کرد و گوتی: خۆ دیسان هەر قسەی خۆتت کردەوە، ئێمە قسەکانمان کردووە، ئیمە...

هەنار ئیزنی نەدا قسەکانی ئاکام تەواو بێت و بە دەنگێکی زۆر بوغزاوی گوتی: دەزانم، بەڵام دڵم ئۆقرە ناگرێت!

ئاکام کەمێک چووە پێشتر و دەستەکانی هەناری گرت، جۆرێک کە ئێتر چاوە کاڵەکانی کە ئێستا لەبەر فرمسێک جوانتر لە هەمیشە ببوون، بەباشی دیار بوون.

– بە دڵت بڵێ...

دەنگی مام ڕەحیم لەوبەری دەرگا کە وێرای لە دەرکەدان بە دەنگێکی بەرز قسەی دەکرد، کۆتایی بەم دیالۆگە هێنا.

– کاکە جەماعەت مەحتەلن، زووکە برا...

هەنار سەری لەسەر شانی ئاکام دادەنێت، بۆوەی هەرنەبێ بۆ ماوەیەکی کورت ئارامیی دڵی بێقەراری بێت.

ئاکام دەمی دەباتە بنگوێی هەنار و دەڵێت: زوو نەڕۆم مام ڕەحیم دیسان دەنگی هەڵدێنێ، با "هەتاو" و "هەناسە" وەخەبەر نەیەن. ئاکام بوخچەکەی دانا و بێ‌ئەوەی هەتاو و هەناسە وەخەبەر بێنێ ماچی کردن و ماڵئاوایی لە هەنار کرد... .

مام ڕەحیم ئاکام بە هاوڕێیەکانی دەناسێنێ و دوای کەمێک قسەوباسی کورت داوایان لێ دەکات هەموو سوار بن. قەرارە تا نزیکی سەرحەد بەم تویوتایە بڕۆن. مام ڕەحیم و دوو کەس لە پێشەوەن و ئاکام و چوار کەسی تر لەدواوە دانیشتوون. دەنگی پێکەنین و قاقای سیروان مام ڕەحیم زۆر توورە دەکات. سیروان چەند ساڵە ئەوە کار و پیشەیەتی. براکەی پار لە ڕووداوی هاتووچۆدا کاتێک کە هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم تەقەیان لێ کرد، ماشێنەکەی هەڵدێرایە نێو دۆڵ و گیانی لەدەست دا. مام ڕەحیم بێ‌ئەوەی لە ماشێن بێتە خوار، سەری سوڕاند و بەبێ قسەکردن بە دەست داوای لە سیروان کرد بێدەنگ بێت. سیروان هەر بە پێکەنینەوە بە مام ڕەحیم دەڵێت: خەمت نەبێت، جاش و پاسدارەکان هشتتا هەڵنەستاون!

مام غەفوور لە گۆشەیەک خەریکی زیکر و دوعاکردنە. مام غەفوور باوکی شەهیدە و کوڕێکی لە پێشمەرگایەتیدا شەهید بووە و ئێستا جگە لە دو کچەکەی خۆی دەبێ ئاگای لە بووکەکەی و دوو نەوەکەشی بێت.

سیروان وەک هەمیشە خەریکی قسەکردنە: مام غەفوور دوعام بۆ دەکەی ژنێکی جوانم بەنەسیب بێ؟

مام غەفوور بە بزەی سەرلێو وەڵام دەداتەوە: ئەتۆ عاقڵ بە، خۆم ژنیت بۆ دێنم!

لە پەنا مام غەفوور فەرهاد دانیشتووە. فەرهاد تەمەنی ناگاتە پانزدە ساڵ. دوای ئەوەی باوکی تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بوو، هەموو شتێکیان فرۆشت تا خەرجی دەوا و دەرمانی ئەوی بکەن. تەنانەت فەرهاد ناچار بوو دەرس و قوتابخانەش وەلا نێ و مل بداتە کۆڵبەری.

لە ڕووبەڕووی ئەو ئاکام دانیشتووە و خەریکی ناسینی هاوڕێیانی تازەیەتی. سیروان دەڵێت: ئەری کاکە بۆ قسان ناکەی، دەتۆش شتێک بڵێ...

سامان چاوێک لە ئاکام دادەگرێ و پێی دەڵێ: گوێی مەدەیە، تەواو نییە.

سامان خاڵی سیروانە، بەڵام سیروان زۆر لە خاڵی ناچێت. سامان زۆر ئارام و لە سەرەخۆیە. هەڵبەت لە کاردا سیروان زۆر توندوتۆڵترە. سامان کارناسیی باڵای لە فیزیکدا وەرگرتووە، بەڵام لە هیچ کوێ دانەمەزراوە.

دوای گەیشتن بە نیزیک سنوور، هەموو دێنە خوارێ. لێرە بەولاوە سەفەر دەست پێ دەکات. مام ڕەحیم جارێکیتر هەموویان کۆ دەکاتەوە و باسی چۆنیەتیی ڕێگایان بۆ دەکات و وەک هەمیشە ئامۆژگارییەکانی دووپات دەکاتەوە. مام ڕەحیم خۆی لە پێشەوە دەڕوا و سیروان لە دواوە. ئاکام لە نێوەڕاست جەماعەتییە. هەتا ئێرە باش هاتوون، هەڵبەت هەمیشە کاتی گەڕانەوە کێشەکان زیاترن. جگە لە چەند شوێن کە بە هۆی بەفری زۆرەوە سەرکەوتن پێیاندا زۆر سەختە، کوڕگەل خۆیان دەگەیەننە ئەو دیوی سنوور. دوای پشودانێکی کورت، ئێستا کاتی بارکردن و گەڕانەوەیە.

مام ڕەحیم دەڵێت: کوڕینە زوو نەگەڕێینەوە تووشی بەفروباڕن دەبین. تکایە دەست ببزێون. سیروان یارمەتیی ئاکام دەدات تا بتوانێت یەخچاڵەکەی بەباشی بار بکات و بۆی دەبەستێتەوە. هەموو سازن و گوێبیسی فەرمانی مام ڕەحیم: دەی کاکە فەرموون پشتیوان بە خوا تاریک‌وڕوونی بەیانی دەگەینەوە. تکایە لە یەکتری دوور مەکەونەوە. بە بێدەنگی دەڕۆین، چاوتان لە پێش خۆتان بێت... .

وەک کاتی هاتن دیسان مام ڕەحیم خۆی لەپێشەوە دەڕوا و سیروانی لەدوایە. نیوەی ڕێگایان بڕیوە. هەوا زۆر ساردە و بەفربارین بەتوندی دەستی پێ کردووە. جگە لە دەنگی چەکمەی کە بەفر دەبڕێ سریوە لە هیچ لایەک نایە. بەفروباڕن ئەوەندە توندی کردووە زۆر بە سەختی دەتوانی پێش چاوی خۆت ببینی. مام ڕەحیم ڕاوەستاوە تا هەموو بگەنێ، شاڵی پێش دەمی لا دەبا و دەڵێ: ئاگاتان لە خۆتان بێت، دەبێ زۆر لە یەک نزیکتر بڕۆین، ئەگەری وەی هەی ڕێگامان لێ ون بێ...

ماوەیەکی زۆرە ڕێگا دەپێون بەڵام هیچ ڕوون نییە. ڕەشاییەک خەریکە وە دیار دەکەوێت. سیروان بانگی مام ڕەحیم دەکات: ئەو ڕەشاییە کوێیە؟

مام ڕەحیم زۆر زوو بێ‌ئەوەی ببێتە هۆی ترسانی هاوڕێیانی دەڵێ: کاکە بێدەنگ. پاشان ڕێگەی بۆ لایەکیتر دەگۆڕێت. جەماعەت بەپەلە دەکەنەوە شوێنی مام ڕەحیم، هەرچەندە ئەم بەفرە و ئەم بارە قورسە بڕستی لێ بڕیون. دەنگیی ئێست و فیشەکبارانی بێ‌ئامانجی پاسدارەکان بێدەنگیی کوێستان دەشکێنێت... .

چەند خولەکێک دواتر کە خۆیان گرتەوە مام ڕەحیم خەریکی دڵدانەوەی هاوڕێیانە: کاکە ئەو شتانە ئاساییە، ژیانی کۆڵبەری هەر ئەوەیە. مام غەفوور زۆر ماندوویە، فەرهاد یارمەتیی دەدا. ئاکام نایهەوێت خۆی بدۆڕێنێت. قسەکانی مام ڕەحیم بۆتە هۆی دڵگەرمیی جەماعەت. سیروان دەڵێت: ئەوە ئەو جاریش ڕزگارمان بوو. تا جاری دیکەش خودا کەریمە. ئاکام بیری لای هەنار و منداڵەکانیەتی. بەیانی دەتوانێ دوای ماوەیەکی زۆر بە کڕینی خواردنی خۆش دڵی هەناسە و هەتاو خۆش بکات. دوای پشوودانێکی کورت وەڕێ دەکەونەوە. سیروان خەریکی گۆڕانی گوتنە، بەڵام لە ترسی مام ڕەحیم زۆر بە بێدەنگی: بۆ کوردستان، بۆ کوردستان، بۆ وڵاتی ...

هەوا بەرەو ڕووناکبوونە، بەفر لێی کردۆتەوە و ئێستا دەتوانی پێش خۆت بەباشی ببینی. ئاکام بیری هەر لای هەنار و منداڵەکانیەتی. ئەوکاتەی هەتاو و هەناسەی لە باوەش‌دایە و لەگەڵ هەنار خەریکی خواردنی نانی بەیانین، چابوو هاتم، ترس بەڕاستی برای مردنە، مرۆڤ دەبێت خۆی ژیانی بگۆڕێت... .

دەنگی مام ڕەحیم بەرز بۆوە: یا ڕەسوولوڵڵا... یا حەزرەتی غەوس... کاکە پەنا بگرن، کاکە خۆتان بدەنە پاڵ ئەو بەردانە....

جەماعەت بەپەلە بارەکەیان لە خۆیان کردۆتەوە و خەریکی هەڵاتنن، گەڕان بەدوای شوێنێک بۆ خۆشاردنەوە... بۆ زیندوومانەوە. ئاکام بێ‌ئەوەی بزانێ جەماعەت خەریکی چین، سەری سووڕاند و بارەکەی لە پشتی ڕەها کرد. چاوی لە بەرزایی شاخەکان دەکرد، لە یاری هەمیشەیی کە ئەو جار یار نەبوو. کوڵمەسوورەکانی هەنار بوون کە لە لوتکەی شاخەوە، لەنێوان سپیایی بێ‌وێنەی ڕنووی بەفردا بەرەو خوار ئەهات، بێ ڕاوەستان بە دەنگێکی زۆر سەرسووڕهێنەر. ئاکام لە هەتاو دەگەڕا، بیستبووی هۆی ڕوودانی ڕنوو دوای بارینی بەفر، هەڵهاتنی هەتاوە. بەڵام هەتاو دیار نەبوو. جەستەی لەخوێنداشەڵاڵی ئاکام لەسەر بەفر خەریک بوو ون دەبوو. زۆر بەسەختی سەری هەڵێنا، ئێستا دەیتوانی هەتاو ببینێت کە لەو سەری چیاکان خەریکی هەڵهاتن بوو. دوای دیتنی هەنار و هەتاو، دوایین هەناسەی هەڵکێشا و وسەری لەسەر بەفرەکە دانا و ڕوو بە لوتکەی شاخ بەئارامی خەوی لێ‌کەوت...

## کوژرانی ١٦ کۆڵبەر لە ناوچە سنوورییەکانی بانە




لە بەهاری ئەمساڵەوە هەتا ئێستا و لە ماوەی ٨ مانگ و چوار ڕۆژدا، ١٦ کۆڵبەر -کە یەکێکیان منداڵێکی تەمەن ١٧ ساڵە بە ناوی فارووق عەلیزادە خەڵکی شارۆچکەی ڕەبەتە- لە ناوچە سنوورییەکانی شاری بانە کوژراون. هەروەها هەروەها لە ماوەی ٧٠ ڕۆژی پاییزدا لانی کەم ٨٢ کۆڵبەر تەنیا لە سنوورەکانی شارۆچکەی بانە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئێران بریندار بوون.

ڕێکخراوی مافی مرۆڤیی هەنگاو ڕایگەیاندوە کە بەپێی بەدواداچوونەکانیان مەهدی واحیدی، فەرماندە و مستەفا مورادی، جێگری فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری بانە بڕیاری تەقەکردن لە کۆڵبەرانیان داوە. هەنگاو پێشتریش کورتە ڤیدیۆیەکی لەم بارەیەوە بڵاو کردبۆوە کە تێیدا هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای بەکارهێنانی چەکی کلاشینکۆف، چەکۆچۆڵی نیوە قورسی وەکوو ئاڕ پی جی یان بۆ پەلاماردانی کۆڵبەران بەکار هێناوە.

شایانی باسە تەنیا لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوو (لە ساڵی ٢٠١٢ تا ٢٠٢٣) نزیکەی ٢ هەزارو ٥٠٠ کۆڵبەر بەدەستی هێزە ئەمنیەکانی ئێران کوژراون یان بریندار بوون،

دارسمە

دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# نەرمە کۆخەی قووت‌دانی پارووی تفت و مێوخۆش لەسەر سفرەی پڕبەرەکەتی ئینقلاب

وشە و دەستەواژەی "تفت" و "مێوخۆش" و "مێ‌خۆش" لە زۆر شوێنی قسەکردن و نووسیندا دەکار دەکرێن. تفت و مێوخۆش دوو تامی لێک جودا و هێندێک جاریش تێکەڵن.

لەنێو جۆرەکانی مەی‌دا تەنیا شەراب تامی تفتە و ئەویش ئەم تفتیەی لە توێکڵی ئەستووری ترێ ڕەشە و هەندێک جار لە هەناریش وەرگرتوە. مێوخۆشیش جۆرە تامێکە لە تفتەکەی خۆمان نزیکە، بەڵام دەکرێت بڵێین ئەویان ترش و شیرینە. هەنار ئەگەر بە توێکڵەوە نەخورێت، زۆر جار دەنکەکەی نێوی ترش و شیرین واتە "مێوخۆشە". بەڵام بە توێکڵەوە تفتە. مێ‌خۆشیش تامێکە تەنیا نێرینان هەستی پێ‌دەکەن.

فارسان وەک دراوسێی کۆنی ئێمەی کورد بە مەبەستی لێک نزیک‌کردنەوەی مانای تفت و مێوخۆش و مێ‌خۆش وشەی "دێبش"یان داناوە. وشەدانی فارسیی "موعین" بۆ لێکدانەوەی وشەی "دێبش" دەڵێت ئەم وشەیە بە مانای "نایاب، زۆرباش، تفت و ترش‌وشیرینیە". ئەگەر ئەم ناو و ئاوەڵناوانەی وشەدانی موعین تێکەڵ بکەین و کەمێکیش بیرکردنەوەمان نێرانە بێت، ڕەنگە هەیکەلی مرۆڤێکی پڕ بەدڵی سەر بە نیوەی کۆمەڵی لێ‌دروست بێت. لێرەدا مەبەست لە نیوەی کۆمەڵ، نیوە زاڵ و دەستەڵاتدارەکەیەتی. نیوەکەی دیکەش یانی ئەو نیوەی هەیکەلەکەی لێ دروست دەبێت، نیوەیەکە بەدرێژایی زەمەن وەک فارسان دەڵێن پەرەستوو و بە گوتەی خۆمان پەڕەسێلکەیان لێ هەڵدەکەوێت.

ڕاستە قسە قسە دێنێت و ئەمەش زۆر جار وادەکات لە چەقی قسەکردنەوە بەرەو پەراوێز بپەڕیەوە. لە پەراوێزی ئەم باسەشدا، قسەی خۆمان بێت و دوور لە ڕووی ئێوە پەرژینێکی بە گوڵ بێت، بەشێکی بچووکی ژنانیش هێندێک جار لە ڕووهەڵماڵاویدا بێتامی دەکەن. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەزمێکی خۆشیان ساز کردوە و وەک لە کووچە و کۆڵانی ماڵپەڕ و تەلەفزیۆن و سۆشیال مێدیادا باس دەکرێت، چەند ژنێک بە ڕووهەڵماڵاوی دوور لە ڕووی ئێوە بە نیوەڕووتی لە پشت کامێرای سۆشیال مێدیاوە خۆیان پێشانی سەربازانی جوولەکە داوە و لە پێناو فراوانکردنی هیلالی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا خۆیان با داوە و سنگیان هەڵتەکاندوە و گفتی مێ‌خۆشانەیان پێ‌داون ویستوویانە قسە لە دەمی ئەم سەربازە جوولەکانەوە دەربکێشن. هێندێکیش دەڵێن ئەوانەش سەربازانی گومنامی ئیمامی زەمانن. وەک لە کووچە و کۆڵانی مێدیا و سۆشیاڵ مێدیادا باس دەکرێت، ئەم مێ‌خۆشانە ئەوەندەی نەماوە سەربازانی جوولەکە هەڵفریوێنن و هەرچی لە ڕاز و نهێنیی شەڕی ئەم دواییانە لایەنە، پێیان هەڵبڕێژن.

ئەم جۆرە ڕووداوانە هەموویان پێوەندییان بە ڕازاندنەوەی سفرەی ئینقلابەوە هەیە. هەتا سەربازانی گومناو زیاتر بۆ وڵاتانی دەوروبەر پەل باوێن، سفرەی ڕەنگینی پڕبەرەکەتی ئینقلابیش باشتر دەپارێزرێت. خواردەمەنیی تفت و مێوخۆشیش لەسەر سفرەی ئینقلاب ئەو نێعمەتە خواپێداوەیە تەنیا بە نەسیبی دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە ڕیفۆمخواز و کۆنەپارێزەوە دەبێت. هەتا ئێستا سەدان جار لایەنە جۆراوجۆرەکانی دەستەڵاتی پاش ئینقلاب لە دەوری ئەم سفرە پڕبەرەکەتە بوونە و لە خوا بەزیاد بێت، چاکیشیان لێ خواردوە.

لە ململانێی شەڕەپارووی سەر سفرەی ئینقلاب، یەکەم جار غولامحوسێن کەرباسچی ساڵی ١٣٧٧ پاروویەکی زلی دە قوڕگی‌دا ما و پاشان خێرخوازانی ئینقلاب دووسێ نەرمەمستیان لە پشتی دا و پارووکەی قووت دا. دواتر لە ساڵی ١٣٩٠ کابرایەکی دیکە بە ناوی مەحموودڕەزا خاوەری، وەک بەڕێوەبەری پێشووی بانکی میللی لەسەر سفرەی ئینقلاب پاروویەکی زلی بایی سێ هەزار میلیارد تومەنێکی لە قورگی‌دا ما و دواتر بە بیانووی سەرئێشە ڕۆیشتە کانادا و ئێستاشی دەگەڵ دابێت نەگەڕایەوە.

بەدرێژایی چل و چەند ساڵی ڕابردوو، شەڕە پاروو لەسەر سفرەی ئینقلاب بەردەوام بووە و جاروباریش ئەم وردە کێشانەی لێ کەوتووەتەوە. تازەترین کێشەی لەم جۆرە لەسەر سفرەی ئینقلاب پاروویەکی "دەیبش" بە کوردیەکەی خۆمان پاروویەکی "تفت" بوو، بەڵام تفتییەک وەک تفتیی توێکڵە هەنار و شەراب نەبوو. ئەمجارەیان بەشێک لەوانەی لە دەوری سفرەی ئینقلاب کۆ ببوونەوە، چەند کەسێکیان دەگژ پاروویەکی قورس ڕۆهاتن و خۆیان ناویان نا پارووی دێبش. بەسەرهاتەکە بەم جۆرە بوو:

کۆمەڵێک لە بەرپرسانی چازان و لێزانی دەورووبەری سفرەی ئینقلاب، بە مەبەستی سازکردنی پاروویەکی تفت سەودایەکیان بە ناوی کڕینی چای تفتی دەرجە یەک لە هندوستانەوە ڕێکخست و پاشان جۆرێکی دیکەی چای دەرجە دوویان لە وڵاتی کنیا کڕی. جیاوازیی چای هندی و چای کنیا، بۆ هەر کیلۆیەک ١٢ دۆلار بوو. دیارە ١٢ دۆلاریش بۆ ئەمڕۆ پارەیەکی بەرچاو نیە و بە نرخی ئەم ساتەوەختە دەکاتە ٦٠٠ و ٣ هەزار تومەن. لە سەرەتای ئەم ئینقلابە و پێش ڕاخستنی ئەم سفرەیە، بە ٦٠٠ و ٣ هەزار تومەن دەکرا ١٧ ئۆتۆمبێلی پیکابی سایپای شینی سفر کیلومتر بکڕی و شتێکش لە پارەکە دەمایەوە.

ئەم جیاوازیی ژمارەیەی کڕینی چایی دێبشیش دەگەڵ کۆی چەند سەودا و مامەڵەیەکی دیکە لە ماوەی کەمتر لە چوار ساڵدا لەسەر یەک کردیە پاروویەکی ٣ میلیارد و ٣٧٠ میلیون دۆلاریی سەر سفرەی پڕبەرەکەتی ئینقلاب و ئەگەر لەسەر نرخی سایپای شینی سەردەمی سەرەتای ڕاخستنی سفرەی ئینقلاب لێکی بدەینەوە، دەکرا بەم پارەیە خاکی وڵاتێک بکڕی. قووت‌دانی بەشێک لەم پاروویەش کابرایەک بە ناوی "ئەکەبەر ڕەحیمی"، بەڕێوەبەری کۆمپانیای " دەیبش" یان "تفت"ی تووشی نەرمە کۆخە کرد. بەڵام ئەم ڕووداوانە هەرگیز بۆ دۆستانی سەر سفرەی ئینقلاب کێشە نین و بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی زۆر دڵئاوەڵان و هەموو جار کاتێک دانیشتووانی دەورووبەری سفرەی پڕبەرەکەتی ئینقلاب بەم پاروە بچووکانەوە تووشی کێشەی قوتدان دەبن، بە مست لە پشتیان دەدەن و لە ئاکامدا پارووەکە گرێ ناکات و بە سورێنچکدا تێ‌دپەڕێت و بەگوێرەی سووکی و قورسیی خۆی شڵپە لە قووڵایی گەدەی کەسەکە دێنێت و پاشان بەئارامی هەرس دەبێت. ئەمەیە حیکمەتی سفرەی پڕبەرکەتی ئینقلاب!


KURDISTAN
Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan
NO:861 21 Desember 2023

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12594
polarization: Vertical -27500 FEc : 2/3
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# پێشمەرگە




دەسەلمێنێ حەقانیەت بە داگیرکەر لە کوردستان
فریشتەی ڕۆژی ڕزگاری، زوڵمتارێنە پێشمەرگە

گوڕ و تینی بە هێز و باسکی چەکداری گەل و هۆزە
بە ئیمانە و نەمامی ئاودراو بە خوێنە پێشمەرگە

دەروون خاوێن و پارتیزان و جەنگاوەر، ئەمەگ ناسە
عەداڵەت ویست و خاوەنعەقڵ و هەستبزوێنە پێشمەرگە

بە سام و هەیبەتە ساحەبئیرادە و سەمبولی شۆڕش
لە ڕۆژی ترس و تەنگانە ڕەقیبتۆقێنە پێشمەرگە

لە کاتی هێرشی دوژمن قەڵای بەرز و نەگیراوە
وەکوو شێری ژیان هەستاوە تێکقرمێنە پێشمەرگە

بە زۆری بازوو قەڵت و بڕ دەکا زنجیری بێدادی
دەبا هەستین لە ئامێزی گرین کوردینە پێشمەرگە

وەکوو پرشنگی خۆری ڕۆژی ڕزگاریی سەیر کەن چۆن
گەڕینی ڕەوڕەوەی مێژوو حەماسەنوێنە پێشمەرگە

دە هەستن ڕێز گرن لەم ڕۆژە پیرۆزە کە پێویستە
لەڕێی قوربانی دانێن چوونکە کێولەرزێنە پێشمەرگە

لە مێژووی شۆڕشا وەک تاقە ئەستێرەی تەماشا کەن
بزانن ڕێکخەری شۆڕش، ڕەوت بزوێنە پێشمەرگە

ئەتۆش هاودەنگ لە گەڵیا " قادری" بڕوانە سەیری کە
لە چاوی دوژمنا دڕکە و چیاخەملێنە پێشمەرگە

***

[کاک ئەحمەد قادری، هۆنەری شێعری "پێشمەرگە" ڕۆژی چوارشەممە، ١٥ی خەرمانانی ئەمساڵ پاش زیاتر لە ٦ دەیە خەبات و پێشمەرگایەتی لە سەنگەری ئەدەب و نووسیندا چووە ڕیزی کاروانی نەمرانی گەلەوە.]

هەڵۆی سەر شاخی هەڵگورد و گوڵی داوێنە پێشمەرگە
چریکەی نێو گوڵ و لالە و چڕ و بستێنە پێشمەرگە


سەری قەڵغانە بۆ مافی ڕەوای گەل گیان لەپێناوە
نەوەی کاوەی فیداکار و قەڵاڕووخێنە پێشمەرگە

شەمی سەر چاکی هیوایە و چرای ڕێبازی ڕزگاری
نمونەی هەڵمەت و هێرش، حەماسە و خوێنە پێشمەرگە

لە پێناوی گەلی کورددا دژی بێدادی هەستاوە
بە گوللـەی گەرم و گڕداری بەڵاسووتێنە پێشمەرگە

لە سەر داوا ڕەواکەی سوورە گیانی خۆی لەپێناوە
هیوای دواڕۆژ و پشتیوان و تۆڵەستێنە پێشمەرگە

# بەڕێوەچوونی سێیەمین ڕێوڕەسمی خەڵاتی کتێبی ساڵ لە شاری سنە







ڕۆژی سێشەممە ٢١ی سەرماوەز سێیەمین ڕێوڕەسمی خەڵاتی کتێبی ساڵ لە هۆڵی سینەما بەهمەنی شاری سنە بە بەشداریی نووسەران، توێژەران و خوێنەرانی کتێب بەڕێوەچوو.

بەپێی لێدوانی «عیسا فەلاحی»، سەرۆکی سێیەمین ڕێوڕەسمی خەڵاتی کتێبی ساڵ ڕایگەیاندوە کە ١٣٢ بەرهەم بۆ لێژنەی بەڕێوەبردنی ئەو ڕێوڕەسمە نێردراون، و لە کۆتاییدا ٤٠ کتێبی فارسی و ٣١ کتێبی کوردی وەک باشترین بەرهەم هەڵبژێردراون.

بەشێک لەو کتێبە کوردیاینەی کە هەڵبژێردراون بەم شێوەیەن، چیرۆکە شێعری «خرتێ»، «گۆرانییەک بو تەنیایی داهۆڵەکان»، «شێعری کوردیی سیبەری ئەوین»، «لەپێناوی بەستاندارد مردنی زاراوەی سۆرانیدا»، «پێڵاوەکانم»، «فەرهەنگی ئابووری» و چەندین بەرهەمی دیکە.

یەکێک لەو بەرهەمە کوردییانە کە هەڵبژێردراوە چیرۆکە شێعری «خرتێ» هۆنراوەی «فەرید سەفاری» ناسراو بە «فەرید ڕاژین» بووە. فەرید سەفاری لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە شاری سنە لەدایک بووە و ئەندامی ناوەندی نووسەرانی کوردستان لە نۆرویێژە و نزیک بە پازدە ساڵە لە بواری ئەدەبی منداڵاندا کار و چالاکیی هەیە.


فەرید ڕاژین لە ماوی کاری ئەدەبیی خۆیدا، دوازدە چیرۆکەشێعر و نزیک بە ٦٠ کورتەشێعری منداڵانی نووسیوە و لە ساڵی ١٣٩٩ بەولاوە شەش چیرۆکەشێعری بە ناوەکانی کۆتری ئاشتی، کەوشدووری دلۆڤان، خرتێ، قارەمای کوێستان، کەورێشکە خۆبەزل زان و کۆتری ئاشتی( چاپی دووبارە بە گۆڕینی نەقاشی و گۆڕینی بڕێ لە شێعرەکان)ی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردوە.

شایانی باسە شاری سنە ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی وەکوو یەکەم شاری کوردستان بە حەوتەمین پێتەختی کتێب لە وڵاتی ئێران هەڵبژێردرا.

مەبەست لەو فستیڤاڵە ئەدەبییە بردنەسەرێی ئاستی کتێبخوێندنەوە و هەروەها ناساندنی نوێترین بەرهەمە ئەدەبییەکانی نووسەرانی ئەم شارە ڕاگەیەندرابوو.

بەر لە ماڵاوایی

# نامەیەک بۆ «نەرگس محەممەدی» براوەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل


سەلیم حەقیقی

**بەڕێز نەرگس محەممەدی!**

بەبۆنەی وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی «نۆبێل»، گەرمترین پیرۆزبایی ئاڕاستەی جەنابت و سەرجەم ژنان و ئازادیخوازی ئێران و کوردستان دەکەم. من هەست بە ئازارەکانی جەنابت دەکەم. ئێستا لە بەندیخانەدان و تەنانەت باس لەوە دەکرێ مانت لە خواردن گرتوە. هەست بەوە دەکەم دووری لە بنەماڵە و ئازیزانت چەندە سەخت و دژوارە. هەست بەوەش دەکەم لەژێر دەستی داگیرکەربووندا هەر چرکەیەک ساڵێکە.

**خاتوو نەرگس!**

من وەک یەکێک لە بنەماڵەی شەهیدانی ڕاپەڕینی «ژینا»، وەک باوکێکی جەرگسووتاو وەک کوردێکی تاراو لە زێد و نیشتمان، دوای لەدەستدانی تاقانە کوڕەکەم (میلان حەقیقی)، کە دڵی پڕ بوو لە هیوا و خۆزگە و دواڕۆژێکی گەش، وەک «کیانا»ی کچت و «عەلی»ی کوڕت ئەویش دەیهەویست ئازاد بژی، ئەویش ئاواتی بوو وەک هەموو لاوانی جیهان سەربەست و بەختەوەر بێت، بەڵام دەزانی لە ڕێوڕەسمی وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی «نۆبێل»دا جارێکی دیکە برینم کولانەوە و خۆم بێکەس دیتەوە؟ دەزانی بۆ؟ کە لە «Tv» دیتم وێنەی میلانی کوڕم لە سالۆنێکی ناوەندی پێشکەشکردنی خەڵاتی نۆبێل هەڵواسراوە و وەک شانۆیەکی سەرشەقام خەڵک پێیدا تێدەپەڕین و چاویان لێدەکرد، بەبێ هیچ هەستێکی مرۆڤانە، ئەو وێنانە ئامرازێک بوون بۆ ئەو خەڵاتە خوێناوییە. دەزانی لە ماوەی ئەو ٢٧ خولەکەی کە کچ و کوڕە جوانەکەی جەنابت پەیامەکەیان دەخوێندەوە چاوەڕێ بووم تەنیا لە یەک شوێن ناوی نەتەوەکانی ئێران لەوانە کورد یان بەلووچ بێنیت سووکنایی دەبوو بۆ دڵم بەڵام لە پەیامەکەی جەنابتدا نەبوو، دەزانی ئێمە نەتەوەی کورد هەمیشە بووینەتە قوربانی و سووتمانی ئێوەی ناوەندگەرای دژە مافەکانی گەلانی چەوساوەی ئێران؟ لانیکەم هەمووتان دەزانن ئێمەی کورد بەردەوام خەباتمان کردوە، خوێنمان داوە، دەسبەسەر کراوین، لە سێدارە دراوین و ئەشکەنجە و ئازارمان دیوە، لە زێد و وڵاتی خۆمان دەرکراوین، ڕاونراوین، بەڵام خەڵکانیک لەسەر تەرمی قوربانیی ئێمە شایی و بەزم دەگێڕن و گۆرانی و سەما دەکەن، پارە کۆ دەکەنەوە و پلە و پایەیان بەرز دەبێتەوە!

**خانمی محەممەدی!**

دەزانی من جگە لە کوردبوونم، هاونیشتمانیی نۆرویێژم. دەزانی چەند کیلۆمەترێک لەو سالۆنە گەرمەی هەزاران کەسی نەدیو و نەناس خۆیان ڕازاندبۆوە، لە کەشێکی سارد و بەستەڵەکدا دەباڵە خۆمدا دەکولێم و فرمێسکم بۆ بەختی خۆم و گەلەکەم هەڵدەڕشت؟ دەزانی بیرم لە چ دەکردەوە؟ ئەگە ئێمەش وەک ئێوە کیانێکمان هەبا، ئەگە ئێمەش وەک ئێوە توانیبامان چەواشە بکەین و بە ناوی پیرۆزی مافی مرۆڤ و ئازادی و دێموکراسی گەلانی ئێران بگەوجێنین و بەبێ هیچ ویژدانێک بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتانە لابی بکەین، ئێستا ڕەنگبوو «زارا» و «موژگان» و دەیان کەس لە خوشک و برایانم شایەنی ئەوە بان و براوەی ئەو خەڵاتە بان؟ دەزانی ئێستا من بیر لە چ دەکەمەوە؟ دوای ئەوەیکە کوڕەکەم لەسەر شەقام بە فیشەکی دەستەڵاتی تاران کوژرا، منیش وەک زۆربەی ئازادیخوازان لێرە لەم وڵاتە ئازاد و دێموکراتەدا ناڕەزایەتیم دەربڕێ، بەڵام دەزانی هەتا ئێستا بە سکاڵای ڕێژیمی ئێران دادگایی کراوم و هەتا ئێستا چاوەڕێی سزاکەمم و دیار نییە لەم غوربەتە نادادپەروەرییەدا چیم بەسەر دێ؟

دەزانم جەنابت بۆ گەیشتن بە ئازادی و ئاواتەکانت زۆرت ئازار چێشتوە، بەڵام ئەوەش دەزانی ئێمەی کورد لە پێناو مافە ڕەواکانمان هەتا ئێستا هەزاران کەسمان کوژراون و هەزارانی دیکەش گیران و بێ سەروشوێن کران و هەزارانیش دەربەدەر؟ دەزانی چەخماخەی ئەو شۆڕشەی بە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی، لێدرا لە کوردستانەوە بوو؟ ئەو شۆڕشەی جەنابت ئەو خەڵاتەت پێ وەرگرت، ئەو ڕاپەڕینەی سەدان ژن و پیاوی کورد تێیدا شەهید کران و سەدان کەس بینایی چاویان لەدەست دا و بریندار بوون و کەمئەندام کران. هەزارانیش گیران و زۆریان ئێستاش لە بەندیخانەکاندا وەک جەنابت دەسبەسەرن؟ هەڵبەت بەو جیاوازییەی ئەوان زۆربەیان هەروا چارەنووسیان نادیارە و زۆریشیان سزای سێدارەیان بەسەردا سەپاوە و بەشێکیشیان لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی خۆیان فیدای ئازادی و دێموکراسیی ڕاستەقینە و باوەڕەکانیان کرد.

مادام بەداخەوە ئێستا لە بەندیخانەی، پێشنیار دەکەم چیرۆکی «هیچ دۆستێک جگە لە چیاکان» لە نووسینی «بێهروز بووچانی» بخوێننەوە. ئاخر ئەوکاتەی منیش لە تەمەنی منداڵیدا بە تاوانی کوردبوون گیرام و سزای ئێعدامم بەسەردا سەپا، لە بەندیخانەی ناوەندیی «ورمێ» زۆرم کتێب لە «ئالی ئەحمەد و هیدایەت و جەمالزادە و ...» خوێندنەوە، بۆیە دەڵێم ئێمە زۆر بێکەسین، چونکە ئێوە هاوژینێکی وەک بەڕێز «تەقی ڕەحمانی»تان هەیە و بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات و چالاکی دەکات. ئەو ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە و زۆریش دڵگەرمە بە پشتیوانیی بەهێز و خاوەن دەستەڵات، بەڵام ئێمە چی؟ چەند حیزبێکمان هەیە دوور لە وڵاتن و ڕۆژانە بە مووشەک و دڕۆن و تۆپخانە بۆمباران دەکرێن، تێرۆر دەکرێن و گوشاری سیاسییان ئەوەندە لەسەرە، سەرۆکەکانیشمان لە بێکەسیی خۆیاندا ئەوەندە ئاڵۆزن نازانن چ بڵێن و چ بکەن!

دەزانم ئێستا سەرخۆش لە وەرگرتنی ئەو خەڵاتە گرنگ و جیهانییەدان، با چی دیکە سەرت نەهێشێنم و کاتی شیرینت لێ تاڵ نەکەم.

– نۆرویێژ ١١ی دیسامبری ٢٠٢٣